PAY INSTITUTE
For Education & Development

# پەروەردە

## لەبەردەم گرفت و ئالنگاریی چارەنەکراودا


### ستافی کار

نوسینی راپۆرت

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ستافی بەشداربوو لە نوسینی راپۆرت

**مامۆستا هەورامان وریا قانیع**

**مامۆستا سروە جەمال**

**مامۆستا سەلاح سەعدی**

**مامۆستا بەریز عەباس**

**مامۆستا محەمەد چۆمانی**

ستافی هاوکاری تەکنیکی

**بابان جەعفەر حەمە**

**ئاریز دارا حەفید**

**م. ساکار عەزیز رەشید**

**ئارام سەردار عومەر**

**میران حسین حسن**

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**


**راپۆرتی هەڵسەنگاندنی رەوشی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**


**( ٢٠١٤-٢٠١٨ )**

**کانونی دووەمی ٢٠١٩**

٭- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣وە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

٭- پرۆژەی چاودێریی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای کابینەی هەشتەمە دەستی پێ کردووە. یەکەم راپۆرتی لە گەل دەستپێکی کابینەکەدا پێشکەش بە وەزیری پەروەردە کرد، لەو چوار ساڵەدا چەند راپۆرت و توێژینەوەیەکی بلاوکردۆتەوە ئێستاش راپۆرتی کۆتایی هەلسەنگاندنی پەروەردە لە کابینەکەدا بلاو دەکاتەوە.


PAY INSTITUTE
For Education & Development










ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم –تەلاری کوردستان مۆڵ
تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576
ئیمەیل: sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -
فەیسبوک: facebook.com/pay-institute
پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧**

**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە**

# ناوەرۆک


پێشەکی ........ ٩

ئەو نامەیەی چوار ساڵ و نیو لەمەوبەر پێشکەشی بەڕێز وەزیری پەروەردەمان کرد ........ ١١

**تەوەرەی یەکەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە یاساو ڕێنماییەکان**

نەبوونی یاسای ( پەروەردە و خوێندن ) لە هەرێمی کوردستان ........ ١٣

ناجێگیری و نەشیاوی سیستەمی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی ........ ١٤

پەرش و بڵاوی بڕیار و ڕێنماییەکان و بڕیاری دژ بە یەك و نەگونجاو لەگەڵ یاسا ........ ١٥

نەبوونی هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ........ ١٥

**تەوەرەی دووەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە بودجە**

کەمیی بودجەی وەزارەتی پەروەردە ........ ١٦

کەمی ژمارەی بینای قوتابخانە ........ ١٦

فرۆشتنی بیناو موڵکی پەروەردە ........ ١٨

نەبونی بودجەیەك بۆ گەشتی زانستی بۆ خوێندکاران هاوکات نەبونی ڕێنمایی لەوبارەیەوە ........ ١٨

وەرگرتنی پارە لە کەسوکاری منداڵان ........ ١٩

**تەوەرەی سێیەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست ژینگەی خوێندن و خزمەتگوزاری**

خراپی ژینگەی خوێندن ( بینای قوتابخانەکان ) ........ ٢٠

قوتابخانەی چەند دەوام ( دوو دەوام و سێ دەوام و چوار دەوام ) ........ ٢٣

قوتابخانە لە بینای کرێدا ........ ٢٤

قوتابخانەی میوان ........ ٢٤

قوتابخانەی لە گل ( قوڕ ) دروستکراو ........ ٢٥

جیاوازی نێوان قوتابخانەی لادێکان و شارەکان ........ ٢٦

لادێی بێ قوتابخانە ........ ٢٧

خراپی مێز و ڕەحلە ........ ٢٨

زۆری ژمارەی خوێندکار لە پۆلێکدا ........ ٣٠

پاکوخاوێنی لە قوتابخانەکاندا ........ ٣١

گرفتی ئاوی خواردنەوە ........ ٣٢

گرفتی تواليێت و دەستشۆر ........ ٣٣

ساردی و گەرمی قوتابخانەکان ........ ٣٤

گرفتی کارەبا لە قوتابخانەکاندا ........ ٣٥

نەبوونی کارگوزار و باخچەوان لە قوتابخانەکاندا ........ ٣٥

نەبوونی باخچە لە قوتابخانەکاندا ........ ٣٦

کێشەی فرۆشگە ( حانوت )ی قوتابخانەکان ........ ٣٦
هۆکارەکانی هاتوچۆ ........ ٣٧
جیاکاری نێوان شارەکان ........ ٣٨

تەوەرەی چوارەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە سیستەم و شێوازی وانەوتنەوە

سەرەتای دەست پێکردنی دەوامی ساڵانە ........ ٣٩
پشوی زۆر و وەك پێویست جێبەجێنەکردنی ساڵنامەی خوێندن ........ ٣٩
کورتی پشووی نێوان وانەکان ........ ٤٠
گرفتی پەروەردە لەکاتی پشو ........ ٤٠
سیستەمی قبوڵ مەرکەزی ........ ٤٠
هەڵپەساردنی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی لە قوتابخانەکاندا ........ ٤١
کۆبوونەوەکانی دایکان و باوکان لە قوتابخانەکاندا ........ ٤١
شێوازی وانە وتنەوە ........ ٤٢
بێ ئە نجامی کۆنگرە پەروەردەییەکان ........ ٤٢

تەوەرەی پێنجەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە پرۆگرام

هەڵەی زانستی لە پرۆگرامەکاندا ........ ٤٥
هەڵەی وەرگێڕان لە پرۆگرامەکان ........ ٤٩
هەلەی زمان و هەڵەی چاپ لە پرۆگرامەکان ........ ٥٠
دۆگمایی پرۆگرامەکان ........ ٥٠
دوو زاراوەیی لە خوێندن ........ ٥١
قورسی کێشی کتێبەکان ........ ٥٢

تەوەرەی شەشەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە مامۆستایان و توێژەری کۆمەلایەتی

کەمی و زۆری مامۆستای میلاك ........ ٥٣
گرفتی دامەزراندن ........ ٥٤
نەبوونی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان ........ ٥٤
بڕینی موچەی مامۆستایان ........ ٥٥
جیاوازی لە موچەو دەرماڵەی مامۆستایان ........ ٥٦
بایکۆتی مامۆستایان ........ ٥٦
شکاندنی کەسایەتی مامۆستا ........ ٥٧
کێشەی وانەبێژ و گرێبەستەکان ........ ٦٠
هەڵس و کەوتی هەندێك لە مامۆستایان ........ ٦٠
گرفتی نازناوی زانستی ........ ٦١

نەبوونی پسپۆریی پێویست بۆ وانە وتنەوە ........ ٦٢
خانو و شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایان ........ ٦٣
نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی ........ ٦٤

## تەوەرەی حەوتەم:
## گرفتەکانی پەیوەست بە خوێندکاران

دابەزینی ئاستی خوێندن ........ ٦٥
وازهێنان لە خوێندن ........ ٦٦
پەیوەندی نەکردن بە خوێندن ........ ٦٧
داخل بوون و داخل نەبوونی خوێندکارانی قۆناغی (١٢) ........ ٦٧
دەرکردنی خوێندکار ........ ٦٧
دیاردەی توند و تیژی ........ ٦٧
خۆکوشتنی خوێندکار ........ ٦٨
دیاردەی مانگرتنی خوێندکاران ........ ٦٨
وەرنەگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ ........ ٧٠
وانەی تایبەت ........ ٧٠
گرفتی مەلزەمە و سەرلێشێواندنی خوێندکار ........ ٧١
قورسیی ئەرکی ماڵەوە ........ ٧٢
گرفتی ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە ........ ٧٢
گرفتی خوێندکارە ئاوارەکان ........ ٧٢

## تەوەرەی هەشتەم:
## گرفتەکانی پەیوەست بە تاقیگەو هۆکارەکانی فێربوون

نەبونی تاقیگەی زانستی ........ ٧٤
نەبونی تاقیگەی دەنگ ........ ٧٥
نەبوونی تاقیگەی کۆمپیوتەر ........ ٧٥
نەبوونی گۆڕەپانی یاری ........ ٧٦
نەبوونی کتێبخانە ........ ٧٨
نەبوونی هۆکارەکانی فێربوون ........ ٧٨
نەبوونی شانۆ ........ ٧٩
نەبوونی ئینتەرنێت لە قوتابخانەکان ........ ٧٩
نەبوونی ژووری تایبەتی وانە کۆمەڵایەتیەکان ........ ٨٠
کەناڵی تەلەفزیۆنیی پەروەردەیی ........ ٨٠

## تەوەرەی نۆیەم:
## گرفتەکانی پەیوەست بە چاپی کتێب

چاپی کتێب ........ ٨١

گرێبەستەکانی کتێب ........ ٨١
چاپ نەکردنی کتێب لە ناووەوەی هەرێم ........ ٨٢
چاپخانەکانی وەزارەتی پەروەردە ........ ٨٢

تەوەرەی دەیەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە هەندێك وانە

وانەی وەرزش ........ ٨٣
وانەی هونەر ........ ٨٣
وانەی مۆسیقا ........ ٨٤
وانەی ئایین ........ ٨٥
پشتگوێخستنی زمانی کوردی ........ ٨٥
پەروەردەی ژینگەیی ........ ٨٨

تەوەرەی یانزەهەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکان

کۆنترۆڵی سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکان ........ ٨٩
هەڵە لە پرسیاری تاقیکردنەوەکان ........ ٩٠
زۆربوونی حاڵەتی گزی ( قۆپیە )کردن ........ ٩٢
ئاشکرابوونی پرسیاری تاقیکردنەوەکان ........ ٩٢

تەوەرەی دووانزەهەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە لایەنی کارگێڕی

بێ پلانی وەزارەتی پەروەردە ........ ٩٥
نەگونجاویی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان ........ ٩٥
نەبوونی ئاماری پێویست لەبەر دەستی وەزارەت ........ ٩٥
نەبوونی چاودێری پێویست ........ ٩٥
راوێژکارانی وەزارەت ........ ٩٦
بەڕێوەبەرە گشتیەکان ........ ٩٦
بەڕێوەبەری پەروەردەکان ........ ٩٦
بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ........ ٩٦
سەرپەرشتیاری ........ ٩٧
رێگریکردن لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز ........ ٩٧
ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە ........ ٩٧
بینا داگیر کراوەکانی پەروەردە ........ ٩٨

تەوەرەی سیانزەهەم:
گرفتەکانی پەیوەست بە پەروەردەی تایبەت و خاوەن پێداویستەکان

پەروەردەی تایبەت ........ ٩٩
خوێندنی نابینایان ........ ٩٩

پەیمانگەی بیر کۆڵان........................ ١٠٠
پەیمانگەی هیوا بۆ نابیستان........................ ١٠٠
سەنتەرەکانی راهێنانی ئۆتیزم........................ ١٠١

**تەوەرەی چواردەهەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە هەندێك قوتابخانە**

قوتابخانەی نمونەیی........................ ١٠٢
باخچەی منداڵان........................ ١٠٢
خوێندنی خێرا........................ ١٠٣
قوتابخانەی بەهرەداران........................ ١٠٤
پەیمانگەکانی ( هونەرە جوانەکان، کۆمپیوتەر، وەرزش )........................ ١٠٤
ئامادەییە پیشەییەکان........................ ١٠٥
خوێندنی ئێواران........................ ١٠٧
گرفتی خوێندنی سریانی........................ ١٠٧

**تەوەرەی پانزەهەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە ناهاوسەنگی جێندەری**

ناهاوسەنگی جێندەری لە پەروەردە........................ ١٠٨
تێکەڵی کچان و کوڕان لە قوتابخانەکاندا........................ ١٠٨

**تەوەرەی شانزەهەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە قوتابخانە ناحکومیەکان**

قوتابخانە ئەهلی و نا حکومیەکان........................ ١١٠

**تەوەرەی حەڤدەهەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە خوێندنی کوردی کەرکوك**

خوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم........................ ١١٢

**تەوەرەی هەژدەهەم:**
**گرفتەکانی پەیوەست بە دەستێخستنی حزب و رێکخراوەکان**

دەست تێخستنی حزب........................ ١١٥
رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران........................ ١١٥
شکاندنی حورمەتی خوێندنی حکومی........................ ١١٦
راسپاردەکان........................ ١١٧
پاشکۆکان........................ ١٢١




**تێبینی:** سەرجەم ئەو داتایانەی لەم راپۆرتەدا بەکارهاتوون، لە راپۆرتی فەرمیی ئاماری وەزارەتی پەروەردەوە وەرگیراون کە ساڵانە بڵاویان دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر هەر هەڵەیەکیشی تیادا هەبێت ئینستتیۆتی پەی لێی بەرپرسیار نیە.

# پێشەکی

جێگەی تێڕامانە کە کەرتی پەروەردە بەدرێژایی ٢٧ ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی، وەك کۆی کەرتەکانی دیکە، نەك کار بۆ پێشخستنی نەکراوە بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووبەڕوی پاشەکشەی زۆر و مەترسیەکی گەورە کراوەتەوە. بەداخەوە نە لە ڕابردوو نە لە ئێستادا ئەم کەرتە جێگەی گرنگی پێدانی حکومەت نەبووە، هەرئەوەش وایکردووە ساڵانە ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەم سێکتەرە تەرخان دەکرێت زۆر کەمتربێت لەخواست و پێداویستییە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەی شکستهێنان و پاشەکشەی کەرتی پەروەردەیە.

بۆپێشخستنی کەرتی پەروەدە دەبێت حکومەت هەنگاوی جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بنێت، ئەگەر نا، ئەوا پرۆسەکە بەتەواوی بەرەو هەڵدێر و شکستهێنانی تەواوەتی دەچێت. چونکە پەروەردەو فێرکردن لەم هەرێمەدا، لەقەیرانێکی قوڵدایەو هەرکایەو لایەنێك لەلایەنەکانی بگریت و تەماشایان بکەیت جێگای پرسیارو ڕەخنەیەکی زۆرە! ئەمەش دەیلێین ئەوەندەی فاکتەو پشت بەئەرگۆمێنتی تەواو دەبەستێت، هیچ کات ڕستەیەکی هەرەمەکیانە یاخوود نابەرپرسیارانە نییە، ئەوەی لەم راپۆرتەدا زیاتر دەمانەوێت لەسەری بوەستین، ئەو گرفتانەن کە بەرۆکی پەروەردەیان گرتووە، هەندێکیان بابەتی و هەندێکیان خۆیین. بەشێکیان پەیوەستن بە یاساو ڕێنمایی و سیستەمەوە، بەشێکیان پەیوەندیدارن بە ژێرخان و لایەنی بودجەوە، بەشێکی پرۆگرام و بەشەکەی تری بە مامۆستاو خوێندکارانەوە، ئەمەو جگە لەوانەی میزاجی بەرپرسان و بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی و کەمتەرخەمی هۆکارەکانیانن.

پێنج ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا، ڕاستەوخۆ دوابەدوای سوێندخواردنی وەزیری پەروەردە، لە (٢٠١٤/٦/١٩) وەك ئینستتیوتی پەی، لە چوارچێوەی نیمچە کۆنفرانسێکدا یاداشتێکمان پێشکەش بە بەڕێز وەزیری پەروەردە کرد، کە (١٠١) کێشەو گرفتی پەروەردەیی لەخۆگرتبوو، تیایدا ئەو گرفتانەمان خستبووە ڕوو کە هەبوون، بەمەبەستی ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت و ڕێگەچارەیان بۆ بگیرێتەبەر، بەڵام بەداخەوە نەك هەر کاری لەسەر نەکرا بەڵکو لەو ساڵانەی تەمەنی کابینەی هەشتەمدا گرفتەکان زیاتر بوون، جگە لەوانەی هەبوون چەندینی تریشی هاتنەسەر.

ڕاستە حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوویەوە، هەندێك لە گرفتەکان پەیوەندیدارن بە بودجەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی دەبێت بودجە بۆ هەندێ بابەت و سێکتەری تر هەبێت بەڵام بۆ پەروەردە نەبێت!؟ بۆچی ئەم دەسەلاتە بەردەوامبوو لەسەر تەخشان و پەخشانی بودجەو بەهەدەردانی بەڵام بیرێکی لەپەروەردەو چارەنوسی نەوەکانی داهاتوو نەکردەوە!؟ جگە لەمە هەندێك لەو کێشەو گرفتانەی هەن هیچ پەیوەندییەکیان بە قەیرانی داراییەوە نەبوەو نیە، بەڵکو نەبوونی ئیرادە و دەست تێخستنی حزب و بەرژەوەندی کەسی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی پەروەردە هۆکارن.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا وەزارەتی پەروەردە زۆر کار هەبوو و ئەرکی بوو و پێی دەکراو دەبوایە بیکات، بەڵام نەیکرد! دەیتوانی یاسایەکی پەروەردەیی باش لەپەرلەمان پەسەند بکات، نەیکرد! دەیتوانی ئەو گرفتانەی لە سیستەمەکەدا هەبوو گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنێ، نەیکرد، دەیتوانی ئەو یاسا و سیستەمەی هەیە

جێبەجێی بکات و ڕێگە بە پێشێلکردنی نەدات، نەیکرد! دەیتوانی ڕێگە نەدات بازرگانی بەخوێندنەوە بکرێت، نەیکرد! دەیتوانی شکۆ بۆ مامۆستا و خوێندنی حکومی بگێڕێتەوە، نەیکرد! دەیتوانی وەکو وەزارەت لەگەڵ مامۆستایان ئاشت بێتەوە، نەك نەیکرد بەڵکو زیاتر زویری کردن! دەیتوانی تا ئاستێك دەستی حزب لەناوەندە پەروەردەییەکاندا بکێشێتەوە و مامۆستایان هیچیتر لەسەر بیروڕای سیاسی سزا نەدرێن و لە پلەو پۆستی کارگێڕیدا بەهۆی بۆچوونی سیاسیەوە بێبەشنەکرێن و دوور نەخرێنەوە، بەڵام نەیکرد! دەیتوانی خوێندکاران و مامۆستایان ئاشت بکاتەوەو دیاردەی توندوتیژی نەهێڵێت و قوتابخانە لای منداڵ خۆشەویست بکات، بەڵام نەیکرد! ئەمانەو چەندان گرفتی تری پرۆگرامەکان و تاقیکردنەوەکان و هەڵەی پرسیارەکان و ئاشکرابوون و فرۆشتنی پرسیارەکان و چەندانی تر کە کاریگەریی خراپیان لەسەر سایکۆلۆجیای مامۆستا و خوێندکار و خێزانەکانیان هەبوو.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە بواری پەروەردە لای هەموو حزب و هێز و لایەنە سیاسیەکان بێبایەخە، ئەوەتا لەساتی پێکهێنانی کابینەکاندا، حزبە سیاسیەکان ئەوەندەی شەڕ لەسەر وەزارەتەکانی (دارایی و سامانە سروشتیەکان و پێشمەرگە و ناوخۆ) دەکەن، هیچکامیان بەلای پەروەردەوە ناچن، ئەمەش گەیەنەری ئەوەیە کە لەبەرنامەو زیهنیەتی ئەو حزبە سیاسیانەدا ئەوەندەی دەسەلات و چەك و هێزی ئەمنی و پارەو داهات بوونی هەیە، پەروەردە لایان جێی بایەخ نیە!

ئەو کابینەیە چەند گۆڕانکارییەکی کەمی کردووە ئەگەر باسیان بکەین، لەوانە: لەبواری پرۆگرامدا وانەیەکی بەناوی (کارامەیی بەها کۆمەڵایەتیەکان) داناوە کە لە قۆناغی بنەڕەتیدا لە پۆلەکانی یەك تا نۆ دەخوێندرێت و ساڵی خوێندنی ٢٠١٩–٢٠٢٠ لە ٢٠٠ قوتابخانەدا بەشێوازی ئەزمونی (تجریبی) دەبێت، ئەم وانەیە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و هاونیشتیمانیبوون لەخۆ دەگرێت. هەروەها وەزارەتی پەروەردە یاداشتێکی لێك تێگەیشتنی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی ئیمزاکردووە کە لەمەودوا ئەکادیمیای کوردی بەرلەچاپکردن بە پرۆگرامەکانی خوێندندا بچنەوەو ناویان بەسەر کتێبەکانەوە بێت و ئەوان بەرپرس بن لە لایەنی زمانەوانی پرۆگرامەکاندا، کە ئەمەش سەرەتایەکی باشە ئەگەر پێوەی پەیوەست بن و کاری لەسەر بکەن بۆ دەربازبوون لەهەڵە زمانەوانیەکان.

جگە لەمە کارێکی تری کە ئەنجامیدا، گواستنەوەی قوتابخانەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوو بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە، کە پێشتر پەرشوبڵاو و بێ بەرنامەبوون، ئێستا بە پرۆگرامێکی یەکگرتووەوە هەر هەموویان خراونەتە سەر وەزارەتی پەروەردەوە.

ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئەو ڕەوشەو کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنەی پەروەردە بەردەوام بێت و بەدوای ڕێگەچارەیەکدا نەگەڕێت و گۆڕانکارییەکی ریشەیی تیادا نەکات، داهاتوویەکی نادیار چاوەڕێی نەوەکانی داهاتوومان دەکات و بەرپرسیاری یەکەمیش لەبەرامبەر مێژوودا هەر خودی حکومەت و دەسەڵاتی کوردییە.

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٩/١/٢٠**

**وەك خۆی:**

**ئەو نامەیەی چوار ساڵ و نیو لەمەوبەر پێشکەشی بەڕێز وەزیری پەروەردەمان کرد:**

## حاجی کەسێکە بێکــەس، بۆ ئێــوە قــوڕ دەپێوێ
## بەقسەی دەکەن زەریفە، نایکەن بەڵا لە خۆتـان

(حاجی قادری کۆیی)

### بەڕێز د. پشتیوان سادق
### وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو و ڕێزمان بۆتان...

سەرەتا پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ بواری پەروەردەو ئیش و کارەکانی بەڕێزیشتان دەخوازین. هیوادارین لەئاستی ئەو متمانەیەدابن کە پێتان بەخشراوە و ئەو وەزیرەبن کە پەروەردە دەیخوازێت و بە تواناو لێزانینی ئەکادیمیانەتان بتوانن لەماوەی چوار ساڵی ئایندەی ئەم پۆستەتانا تاکە خەمتان تەنها خەمی پەروەردەبێت، دوور لەهەر ئعتیبارێکی ناوچەیی و حزبی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی، کەخەونی منداڵە چاوگەشەکانمانی پێ بێنیتە دی بەوەی پەروەردە لەسەر دەستی بەڕێزتان لەم قەیرانە دەربچێت.

بەڕێز جەنابی وەزیر...

بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربونتاندا، بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی زیاتر بۆ بەڕێزتان و باشتر درك کردن و پەی بردن بە کێشەکانی بواری پەروەردە، لە پێناو دانانی ڕێ و شوێنی باشتر، پێمان باش بوو ئەم نامەیەتان ئاراستە بکەین. چونکە پێمان وایە پەروەردە بوارێکی زۆر فراوان و هەستیار و گرنگ و پڕ گرفت و چارەنوسسازە و دەبێت هەموومان بە خەمی خۆمانی بزانین.

فراوانە چونکە بە دەگمەن نەبێت هیچ خێزانێك نیە لەم وڵاتەدا مامۆستایەك یا خوێندکارێکی تێدا نەبێت، بەپێی ئاماری خودی وەزارەت (١١٩٦٣٦) مامۆستا و (١٦٣٧٧٦٠) خوێندکار هەیە لە سنوری وەزارەتی پەروەردەدا. واتە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی داهاتوو دا بەردەوام بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هەمووماڵێك و لە نێو هەموو خێزانێکدا ئامادەبوونتان هەیە و میوانێکن لە لایان، ئەگەر تەکانێك بەم بارە چەقیوەی بدەن و گۆڕانکاری تێدا بێننە کایەوەو پەروەردە بە خەمی خۆتان بزانن، بێگومان میوانێکی خۆشەویست و ڕەزا سوك دەبن و هیوای مانەوەی زیاترتان بۆ دەخوازن، خۆ ئەگەر تەنها بۆ حەز و خولیای پۆستیش بووبن بە وەزیر، ئەوا هەم متمانەی خەڵك لەدەست دەدەن و لە سەرزەنشت بەدوور نابن و هەم مێژووی خۆشتان لەکەدار دەکەن.

پەروەردە بوارێکی هەستیارە چونکە بچوکترین گۆڕانکاری تیایدا بەلایەنی ئیجابی یا سلبی، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دەبێت. پەروەردە گرنگ و چارەنوسسازە چونکە تەنها گۆڕانکاری لە پەروەردەدا دەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵدا بکات، هەر کەسێك گرنگی بە پەروەردە نەدات، واتە کەسێکی بێ بەرنامەیە و باوەڕی بە پێشکەوتن و لەخۆ بوردەیی و هێنانەکایەی نەوەیەکی چەکدار بە زانست نیە و ناخوازێت کۆمەڵی کوردەواری وەك دنیای پێشکەوتوو کۆمەڵێکی تەندروست بێت. هەر لەم پێناوەدا تکایە هەوڵ بدەن مێژوویەکی پڕشنگدار لەم چوار ساڵەدا بۆ پەروەردە و کورد و خۆتان تۆمار بکەن.

کۆمەڵی کوردەواری بەبەراورد لەگڵ (٢٤)ساڵ لەمەو بەر قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشتووە، بەڵام لە بواری پەروەردەدا هێشتا دواکەوتووین و لە ئاستی پێویستدا نین، سەردەم سەردەمی گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چوونە، ئەگەر لەهەموو بووارەکانی تریشدا پێشکەوتوو بین و پەروەردەمان لە شوێنی خۆیدا ئاوا بوەستێت هەروەك چەقی بەستووە، پێشکەوتنەکانی تریش بێ ماناو بێ بەرهەم دەبن. چونکە هەموو گۆڕانکاریەك بێ پەروەردە پوچ دەردەچێت. کەواتە دەستپێکی هەموو گۆڕانکارییەکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەبێ لە پەروەردەوە دەست پێ بکرێت. تەنها پەروەردەیەکی دروست کلیلی کردنەوەی گرێ کوێرەی گرفتەکانی تری کۆمەڵە.

جەنابی وەزیر...

هۆکارێکی تری نوسینی ئەم نامەیە ئەوەیە کە پێتانی رابگەیەنین ئەگەر دەتانەوێت ئەم چوار ساڵە حەساوە بن، دڵتان خۆش نەبێت کە بوون بە وەزیری پەروەردە، چونکە بەڕێزتان نەچونەتە وەزارەتێکی سیستماتیکی پێشکەوتوو و رێك و پێك، بەڵکو چونەتە سەر خانەیەکی وێران کە خەریکە دار و پەردوی بەسەر یەکدا برمێت. خۆ ئەگەر بۆ خزمەت و خەمی پەروەردەش چوون، ئەوا دڵتان زۆر خۆش بێت، چونکە ئەوەی بە ئێوە دەکرێت وەك وەزیری پەروەردە لەم شوێنە گرنگەدا، هیچ کام لە وەزیرەکانی تر ناتوانن بیکەن و ئێوە دەتوانن ڕێڕەوی کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی تری ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بەرن. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەمە ئاسان نیە و هەر بە قسە خۆشە، ئەم کارە پێویستی بە دلسۆزی و شەونخونی و جورئەت و هەنگاوی بوێرانە هەیە و وەك وەزیرێکی گەنجی ئەکادیمی هەر ئەوەشتان لێ چاوەڕێ دەکەین.

لە پێناو ئەم ئامانجانەدا وەك خەمخۆرێکی پەروەردە، وەك ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان، کە دروشممان (پەروەردە خەمی هەمووانە)، لیرەدا بەشێك لە گرفتەکانتان دەخەینە بەرچاو، ئەگەر رەزامەند بن و نیەتی کارکردن و چاککردنی رەوشی پەروەردەتان هەبێت، هەوڵ دەدەین بە پێی تێڕوانینی خۆمان پێشنیازیشتان بۆ بکەین بۆ چارەسازی.

بەڕێز جەنابی وەزیر... دووای بەرچاو خستنی ئەم هەموو گرنگیەی پەروەردە، کە بەڕێزتان لە ئێمە باشتری لێ ئەزانن، ئایا پێتان وایە بەبێ بوونی یاسایەکی پوخت و گشتگیر، بەبێ بوونی سیستەمێکی سەرکەوتووی جێگیر، بە بینای قوتابخانەی داڕزیو و داڕوخاو، بە مامۆستای بێ پێداویستی و رانەهێنراو، بە پرۆگرامی پڕ لە هەڵە و بەم رۆتینیات و سیستەمە گەندەڵە، بتوانن کۆمەڵ بەرەو ئاقارێکی ئارامی و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بەرن!!؟؟

جەنابی وەزیر...

هەروەك پێشتریش وتمان پێگەی بەڕێزتان لە پێگەی هەموو وەزیرەکانی تر گرنگترە لە کۆمەڵدا، ئەگەر ئەو ئیرادەیەتان تێدابێت، بێگومانین دەتوانن زۆر گۆڕانکاری بکەن کە کوردستان شانازیتان پێوە بکات. هەر لێرەشدا دووپاتی دەکەینەوە، هەموومان پێشمەرگەی پێناوی سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەین لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەموو بوارێکی خزمەتی پەروەردەدا هاوکار و هاوڕێگەتین. بە پێچەوانەشەوە ئێمە وەك پسپۆران و شارەزایانی بوارەکە و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لە بواری پەروەردەدا کار دەکەین، ئەگەر ئەم رەوشە خراپەی پەروەردە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، وەك ئەرکێکی نیشتمانی و مەدەنی و رێکخراوەیی بە پێویستی دەزانین کە هەموومان بەیەکەوە، هەموو شێوازێکی مەدەنی بگرینەبەر، بۆ فشار خستنەسەر وەزارەتی پەروەردەو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان تەنها لەپێناو خەمی پەروەردەدا. چونکە هیچ شتێکمان پێ لە پەروەردە پیرۆزتر نیە.

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**

**سەرۆکی ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٤/٦/١٩**

## تەوەرەی یەکەم:
## گرفتەکانی پەیوەست بە یاساو ڕێنماییەکان

### ١. نەبوونی یاسای ( پەروەردە و خوێندن ) لە هەرێمی کوردستان:

دیارە لە هەموو وڵاتێکی پێشکەوتوودا کە گرنگی بە پەروەردە دەدرێت، یاسایەکی پوخت و تێر و تەسەلی بۆ داڕێژراوە و پەسەند کراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت یاسای پەروەردەمان نیە کە سیاسەتی پەروەردەیی هەرێم و فەلسەفەی پەروەردەی تیادا جێ کرابێتەوە و سەرجەم بوارەکانی پەیوەندیدار بە پەروەردە بگرێتە خۆی. ئەو یاسایەی ئێستاش بەرکارە، یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ەو لە ساڵی (٢٠٠٦)یش بە یاسای ژمارە (١٥) هەموارێکی کراوە، ئەمە یاسای وەزارەتی پەروەردەیە و نەك یاسای پەروەردە.

لە خولی سێیەمی پەرلەماندا لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ماوەیە ساڵێك سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسایەك بوون، بە ڕاوێژ لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی پسپۆڕ و شارەزای ئەم بوارە و ڕاوێژی چەندین مامۆستا و بە بەشداری نوێنەرانی وەزارەت، بەڵام ئەو کاتە بەهۆی تەواوبوونی خولەکەوە یاساکە لە پەرلەمان پەسەند نەکرا، پێویست بوو لە خولی چواری پەرلەماندا کاری لەسەر بکرێت و یاساکە پەسەند بکرێت، بەڵام دیسانەوە ئەم یاسایە سەرباری ئەوەی هەمان ڕەشنوسە کۆنەکە سێ جار و لەلایەن سێ تیمی پەرلەمانتار و فراکسیۆنەوە پێشکەشکرایەوە، بەڵام لەماوەی پێنج ساڵ تەمەنی پەرلەماندا (٢٠١٣-٢٠١٨) نە ڕاپۆرتی لیژنەی لەسەر نوسراو نەپەسەندیش کرا. پرۆژەکانیش ئەمانە بوون:

١- (پرۆژە یاسای پەروەردە و خوێندن) کە لە دانیشتنی کردنەوەی خولی پەرلەمان ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٣ ی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

٢- (پرۆژە یاسای پەروەردە لە هەرێمی کوردستان) کە لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ ی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

٣- (پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لەهەرێمی کوردستان) کە لە دانیشتنی ژمارە (٢) ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩ ی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.




هەرسێ پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەیان بۆ کراوە لە پەرلەمان

## ٢. ناجێگیری و نەشیاوی سیستەمی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی:

سیستەمی نوێی خوێندن کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا لە کۆنگرەی پەروەردەییدا بڕیاری لێدراو دواتریش لە پەرلەمانی کوردستاندا بە چەپلە ڕێزان پێشوازی لێکرا و پەسەند کرا. یەکێکە لە سیستەمە باشەکان (دیارە بەو تێبینیانەش کە لەسەریەتی) بەلام تا ساڵی ٢٠١٤ کە حەوت ساڵ بەسەر پەسەندکردنیدا تێپەڕیبووە و سێ کابینەی حکومیش گۆڕابوو و چوارەم کابینەش دەسبەکار بوو، کەچی هێشتا بە تەواوی نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. کەلەبەری تیادا دروست کرا، هەندێ بەندی هەڵواسراو و هەندێ بەندی کاری پێنەدەکرا و هەندێ بەندی دەسکاری کرابو بە بێئەوەی کۆنگرەی پەروەردەییشی بۆ بەسترابێت، ئەمەش پێشێلکارییەکی روون بوو وەزارەت لێی بەرپرسیار بوو. جگە لەمە ئەو بەندانەشی کە بەرکاربوون پێویست بوو زەمینە بۆ جێبەجێکردنیان خۆش بکرێت، نەك هەر زەمینە خۆش نەکرا بەڵکو لەمپەریش دروستکرا. بێگومان ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورەبوو. چۆن دەکرێت و لە چ وڵاتێکدا روویداوە کە یاسای پەروەردەی نەبێت و سیستەمی هەبێ و سیستەمەکەشی ئاوا بە سەقەتی جێبەجێ بکرێت ! ؟ ئەمە پەروەردەی بەرەو هەڵدێر و پاشاگەردانی زیاتر برد.

لەسەردەمی کابینەی هەشتەمدا ساڵی ٢٠١٥ کۆنگرەیەکی تر بەسترا و سیستەمەکە دەسکاری کرا، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم سیستەمەش بەشی زۆری نەچووە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەو کابینەیەش لە جێبەجێکردنی سیستەمەکەدا سەرکەوتوو نەبوو.







سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان کە لەکۆنگرەی ٢٠٠٧ بڕیاری لێدراوەو جێبەجێ ناکرێت

### ٣. پەرش و بڵاوی بڕیار و ڕێنماییەکان و بڕیاری دژ بە یەك و نەگونجاو لەگەڵ یاسا:

نەبوونی ڕێنمایی وەك پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سیستەمەکە، ئەمەش یەکێ لە گرفتەکانە، یاخود دەرکردنی هەندێك بڕیار کە هەرگیز لەگەڵ یاسا و سیستەمەکەدا یەك ناگرنەوە و هاودژی دروست دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی یاسا سەروەر نەبێت و سیستەم جێبەجێ نەکرێت و ئیش و کارەکان بە میزاجی کەسی بەرپرس بەڕێوە بچێت. لەهەر وڵات و دام و دەزگایەکیشدا ڕەوش بەم جۆرە بگوزەرێت ئەوا جگە لە پاشاگەردانی هیچی تری بەدوادا نایەت.

لەسەردەمی کابینەی هەشتەمیشدا نەك هەر ئەو پاشاگەردانیە بەردەوام بوو بەڵکو ڕەوشەکە خراپتر بوو، قوتابخانەکانی کوردستان وەك تاقیگەیەکیان لێهاتووە و هەر ڕۆژەو جۆرە بڕیارێکیان تیا تاقی دەکەنەوە، هۆکاری ئەوەش دیارە بەهۆی ڕاوێژنەکردن بەکەسانی پسپۆڕو پشت نەبەستنە بە لیکۆڵینەوەو بەدواداچون. ئەم مەسەلەیە تا ئێستە بەردەوامە، بۆنموونە: لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی بڕیار وایە بە ئینگلیزیکردنی سیستمی پەروەردەیی بۆ پۆلی دووەم و سێیەم و هتد هەڵوەشێتەوە کەچی لە هەولێر نیاز وایە لە دوای نیوەی ساڵەوە ئەو خوێندنگەیانەی تا ئێستە سیستەمەکەیان نەگۆڕاوە بکرێنە ئینگلیزی.

هەندێك لەو ڕێنماییانەی دەرئەکرێت لە وەزارەتەوە واقیعی نین، بۆ نمونە نەچونی خوێندکار بۆ تەوالێت و نمونەو ڕوداوی ناخۆشی لێکەوتۆتەوە.

### ٤. نەبوونی هەماهەنگی نێوان و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا:

وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دوو نزیکترین وەزارەتن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە، چونکە هەم وەزارەتی پەروەردە ساڵانە دەیان هەزار خوێندکار بۆ خوێندنی باڵا دەنێرێت و هەم خوێندنی باڵا مامۆستاو فەرمانبەر بۆ پەروەردە ئامادە دەکات. بۆیە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی تێکەڵە و هیچیان بێ ئەوی تریان سەرکەوتوو نابن. بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە هیچ هەماهەنگییەك لە نێوان ئەم دوو وەزارەتەدا بەدی ناکرێت و پلانی ئیشەکانیان یەك ناگرێتەوە، کە پێویستە هەردووکیان لە پلانی ستراتیجیاندا ئەگەر هەیانبێت! خواست و داواکارییەکانی یەکتری لەبەرچاو بگرن. کە ئەمە یەکێ لە گرفتە هەرە گەورەکانی پەروەردەیە چونکە خوێندنی باڵا بەپێی پێویستیی وەزارەتی پەروەردە کادری پسپۆڕ ئامادە ناکات. بۆ نمونە:

– خوێندنی باڵا بەپێی پێداویستیەکانی پەروەردە کۆلیژ و بەشەکان ناکاتەوەو کادیری پێویست پێناگەیەنێت.

– وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵی ٢٠١٧ بڕیاری بە پەراوێزخستنی زمانی کوردی دەرکرد بەبێ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکات لەسەر زەرورەتی ئەم وانەیە.

– وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵی ٢٠١٨ بڕیاریدا بۆ وەرگرتنی خوێندکارانی قۆناغی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا لە خولی یەکەمدا ٦٠٪ و لە خولی دووەمدا ٣٠٪ ی خوێندکاران وەربگرێت بەبێئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بکات.

# تەوەرەی دووەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە بودجە

### ٥. کەمیی بودجەی وەزارەتی پەروەردە:

پێشتر ساڵانە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست حیساب بۆ وەزارەتی پەروەردە نەکرابوو، ئەو بودجەیەی بۆی تەرخاندەکرا لەگەڵ هیچ ستانداردێکدا نەدەگونجا. زۆربەی هەرە زۆری کە نزیکەی ٩٥٪ ی بودجەی وەزارەت بۆ موچە دەڕۆیشت. کە تەنها ٥٪ ی بۆ کاروبارەکانی تری دەمایەوە کە زۆر کەم بوو و ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پەروەردە توشی شکست بێت و وەك پێویست نەتوانرێت کارەکانی خۆی بکات. نموونە بۆ ئەمە: زۆرجار نووسەر و وەرگێڕەکانمان چوونەتە وەزارەت بۆ ئەوەی چەند بابەت و کتێبێکی پەروەردەیی چاپ بکەن، کەچی وەزارت بە بیانووی نەبوونی بودجەوە بەرهەمەکانی لێیان وەرنەگرتووە، یانیش بە ساردی پێشوازیی لێ کردوون.

لەسەردەمی کابینەی هەشتەمدا ڕەوشەکە زۆر خراپتر بوو، بەبیانووی قەیرانی داراییەوە ئەو بڕە بودجە کەمەی هەشبوو بڕا، لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەهیچ شێوەیەك بودجە لەپەرلەماندا پەسەند نەکراو هیچ بڕە بودجەیەکیش بۆ پەروەردە تەرخان نەکرا!

### ٦. کەمی ژمارەی بینای قوتابخانە:

کەمی بینای پێویست بۆ خوێندن و قەرەباڵغی لە ناوەندەکانی خوێندا یەکێکە لە گرفتەکان، بەپێی بەراوردی ژمارەی خوێندکاران لەگەڵ ژمارەی قوتابخانەکان، بینای قوتابخانە لە هەرێمدا کەمە، ئەگەر چی لەساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ ژمارەیەك بینای تازە دروستکران، بەڵام هێشتا بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی خوێندکاران کە ساڵانە زیاد دەکات وێك نایەتەوە. هەرچەندە لە کابینەی شەشەمدا لە یاسای بودجەی هەردوو ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ دا، هەر ساڵەی بڕی (١٥٠) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان تەرخانکرا و چووە بواری جێبەجێکردنیشەوە و قوتابخانە دروستکران. بەڵام لە کابینەی حەوتەمدا وێڕای ئەوەی ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لە یاسای بودجەدا ساڵانە هەمان بڕ تەرخانکرا، بەڵام لەم بودجە تەرخانکراوەدا هیچ قوتابخانەیەك دروست نەکراو بودجەکەش کە (٣٠٠) ملیار دینار دەکات نازانرێت چی بەسەر هات و لە چی سەرف کرا! ئەمە ئەرکی سەر شانی وەزیری پەروەردە بوو کە بەدواداچونی بۆ بکات داوا بکات کە ئەم بودجەیە بۆ پەروەردە بگەڕێنرێتەوەو ساڵانی دواتریش هەمان بودجە تەرخان بکرێت. چونکە بەپێی گەشەی دانیشتوان لە حاڵەتی ئاساییدا ساڵانە نزیکەی (٥٠٠٠٠) خوێندکار زیاد دەکات و بۆ ئەوانەش جگە لە حاڵەتە ئاساییەکە کە قوتابخانەی ترمان پێویستە، ئایا دەبێت ساڵی چەند قوتابخانەی تر دروست بکرێت؟ خۆ ئەگەر پلانێك نەبێت و بەجدی مشورێکی لێ نەخورێت ئەوا بێگومان کارەساتێکی گەورە چاوەڕێی نەوەی داهاتومان دەکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە و لە حاڵەتی ئاسایی ساڵانە نزیکەی (٥٠٠٠٠) خوێندکار زیادی کردووە، بۆیە پێویست بوو لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی (٥٠٠) بینای قوتابخانە دروستبکرێت، بەڵام ئەمە نەکراوە.

جیا لەتەرخان نەکردنی بودجە لەلایەن حکومەت، هەرچەندە ستراتیژێك بەناوی "هەڵمەتی نیشتمانی" بۆدروستکردنی بینای قوتابخانە گیرابەر، بەڵام سەری نەگرت و سەرمایەداران و خێرخوازان، خەمخۆران بەتەنگ ئەو ستراتیژە نەهاتن، گەڕەك هەیە ٤ مزگەوتی لێ دروستکراوە، کەچی قوتابخانەی نییە، دەبوو وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و وەوزارەتی رۆشنبیری و لایەنی دیکە کاری جددی بکەن، بڕواو هەستی خەڵك بۆ ئەوە راکێشت قوتابخانەش زەروورەتە، ئەوە نەکرا.

چەند ساڵێکە هیچ بینایەك دروست نەکراوە یان بەتەواو نەکراوی ماوەتەوە ئەوەش گرفتێکی گەورەی دروست کردوە بەتایبەت لە گەڕەکە نوێیەکان کە وای کردووە فشارێکی زۆر لەسەر قوتابخانەکانی تریێت و ژمارەی خوێندکاریان زۆربێت بەرادەیەك کە هەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش تیایدا ونە.

وەزیری پەروەردە خۆی لە مەراسیمێکی ساڵی ٢٠١٨ ددانی بەم راستییە دانا و رایگەیاند کە پێویستیان بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکان هەیە. بەڵام تا ئێستە هیچ شتێك نەکراوە و ئەگەر وا بڕوات تا یەك دوو ساڵی دیکە پرۆسەی پەروەردەیی دووچاری نیمچە ئیفلیجییەك دەبێت.

**ژمارەی قوتابخانە و خوێندکار و مامۆستای حکومی و ناحکومی**

| ژ | سالی خوێندن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی خوێندکار | ریژەی زیاد بوونی خوێندکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٥٥٣٤ | ٨٨٩٥١ | ١٣٩٦١٢٩ | - |
| ٢ | ٢٠١٠-٢٠١١ | ٥٧٤٦ | ٩٥٦٦٦ | ١٤٦٣٨٧٤ | ٦٧٧٤٥+ |
| ٣ | ٢٠١١-٢٠١٢ | ٥٩٢١ | ٩٩٢٥٣ | ١٥١٢٥٩٠ | ٤٨٧١٦+ |
| ٤ | ٢٠١٢-٢٠١٣ | ٦٧٣٨ | ١١٣٥٤٤ | ١٦٤٩١٥٦ | ١٣٦٥٦٦+ |
| ٥ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٦٧٣٤ | ١١٩٦٣٦ | ١٦٧٣٧٦٠ | ٢٤٦٠٤+ |
| ٦ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٦٤٧٤ | ١٢٢٣٧٠ | ١٦٥٣٣٨٦ | ٢٠٣٧٤- |
| ٧ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٦٧٩٩ | ١٢٦١١٢ | ١٧٠٦٥٠٩ | ٥٣١٢٣+ |
| ٨ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٦٧٨٨ | ١٢٧٨٢٣ | ١٧٣٨٥٢١ | ٣٢٠١٢+ |
| ٩ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٦٦٣٥ | ١٢٨٤٢١ | ١٧٤١٧٦٤ | ٣٢٤٣+ |

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | ژمارەی قوتابخانە | قوتاخانەی بێ بینا | رێژەی سەدی قوتابخانەی بێ بینا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٥١٧٨ | ٦٤٧٤ | ١٢٩٦ | ٪٢٠ |
| ٢- | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٥٢٦٤ | ٦٧٩٩ | ١٥٣٥ | ٪٢٢.٦ |
| ٣- | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٦٧٨٨ | ١٥٤٢ | ٪٢٢.٧ |
| ٤- | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٦٦٣٥ | ١٤٠١ | ٪٢١.١ |

### ٧. فرۆشتنی بیناو موڵکی پەروەردە:

ڕۆژ بە ڕۆژ شارەکان فراوان تر دەبن و لە سەنتەرەکانیشیاندا تا دێت زەوی و شوێن بۆ دروستکردنی قوتابخانەو ناوەندە پەروەردەییەکان کەمتر دەبێتەوە و نامێنێ، پەروەردە کۆمەلیك بیناو مولکی هەیە، پێویستە بپارێزرێن و دەستیان پێوە بگیرێت و ئەگەر کۆن بوون نۆژەن بکرینەوە. نابێت بە هیچ شێوەیەك و لەژێر هیچ بیانو و ناوێکەوە زایە بکرێن و بفرۆشرێن. چونکە بەم کارە زیانی گەورە بەر پەروەردە دەکەوێت. چەند حاڵەتێکی لەم شێوەیە لە سلێمانی و هەولێر و رانیە و چەند شوێنێکی تر رویاندا. پێویستە حکومەت زۆر بە توندی بەگژ ئەم دیاردانەدا بچێتەوەو ڕێگری لەو بازرگانە چاوچنۆکانە بکەن کە مرخی خۆیان لێ خۆش کردووە تا زەوییەکانیان بکەن بە مۆڵ و ئەپارتمان.

### ٨. نەبونی بودجەیەك بۆ گەشتی زانستی بۆ خوێندکاران هاوکات نەبونی ڕێنمایی لەوبارەیەوە:

یەکێك لە شێوازە گرنگەکانی ئاشنابوونی منداڵان بە وڵات و کولتور و دەوروبەری ئەنجامدانی گەشتی زانستیی خوێندکارانە لە قوتابخانەکاندا، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەم گەشتانە لە قوتابخانەکاندا گرنگیی زۆریان پێدەدرێت، ئەو گەشتە زانستیانە هاوکاری سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە وانەکان و دروست بونی بیرۆکە لەلای خوێندکاران بۆ بەرەوپێش بردنی تواناکانیان.


بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بەدەگمەن نەبێت گەشتی زانستی بە خوێندکاران ناکرێت و نە هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخانکراوەو نە هیچ ڕێنماییەکیشی بۆ دەرچووە. هەر بۆیەشە کاتێك خوێندکاران دەردەچن هیچ ئاشنا بوونێکیان بەدەوروبەر و دامودەزگاکان و کولتور و جوگرافیای وڵاتەکەیانەوە نیە.



### ٩. وەرگرتنی پارە لە کەسوکاری منداڵان:

لە بەشێك لە قوتابخانەکان، نامەی فەرمی بۆ باوانی قوتابییان دەنێرن کە کۆمەکی قوتابخانە بکەن بۆ کڕینی پێداویستی، لە هەندێك قوتابخانەیش لیژنە پێکهێنراوە بۆ هەمان مەبەست، ئەمە لە کاتێکدایە دابینکردنی پێداویستی قوتابخانە ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

هەندێك لە قوتابخانەکان، کارگێڕی قوتابخانە نامەی فەرمیی داواکارییان داوەتە قوتابییان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ کڕینی پێداویستییەکان، لە نامەی داواکارییەکەدا کە ڕەچاوی باری دارایی خەڵك ناکات، نووسراوە، "لە پێناو بەرەوپێشبردنی زانست و زانیاری لە شارەکەمان و زیاتر هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی چینی خوێندکار و جگەرگۆشە ئازیزەکان، داواکارین هاوکاریمان بکەن لە رووی داراییەوە بە هەر بڕێك کە خۆتان لە توانادایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خوێندنگەکەمان، وەك بەڕێزتان ئاگادارن وەزارەتی پەروەردە و حکوومەت هیچ هاوکارییەکی خوێندنگاکان ناکات".


بۆ بەڕێز لێپرسراوی یەکەمی خوێندکار:


بەناوی نوێنەری دایبابی قوتابخانەی ابرایەتی ) بنەڕەت: داواکارین لەبەڕێزتان کە هاوکاری قوتابخانە بکەن بەپێی توانا ، چارەسەرکردنی کەم و کورتیەکانی قوتابخانە.لەپێناو بەرەو پێش چونی پرۆسەی خوێندن و زانست و خزمەتکردن بەقوتبخانە ، هاوکاریتان جێگەی سوپاس و دەستخۆشییە .

لیژنەی هەڵبژێردراوانی دایبابی قوتابخانەی برایەتی

١- سروە فاتح / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧١١٥٦٤٣٩٦ ) ٢- شاگوڵ مصطفی / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧١٩٩٢١٦١٨ )

٣- کارزان حمە فرج / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧١٩٤٨٦٦٦٤ ) ٤ - گێلاس قادر / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧١١٥٦٦٩٥٨ )

٥- بێستون أحمدق / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧٠١٥٩٩٠٩٠ ) ٦ - ئیدریس قادر / ژ.مۆبایل: ( ٠٧٧٠١٥٤٥٧٠٧ )


بابەت / هاوکاری

لە پێناو بەرەو پێش بردنی زانست و زانیاری لە شارەکەمان وە زیاتر هەوڵ دان بۆ خزمەت کردنی چینی خوێنکاران و جگەر گۆشە ئازیزەکان داواکارین لە بەڕێزتان کە هاوکاریمان بکەن لە رووی مادیەوە بە هەر بڕێك کە خۆتان لە تواناتاندایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە زەرروورەکانی خوێندنگاکەمان وەك بەڕێزتان ئاگاداران وەزارەتی پەروەردەو حکومەت هیچ هاوکاریەکی خوێندنگاکان ناکات..

هاوکاریتان خزمەت کردنە بە جگەر گۆشەکانتان

١- نەبوونی ئامێری ئیستنساخ

٢- نەبوونی سووتەمەنی

٣- دانانی کامێرای چاودێر لە پێناو پاراستنی خوێنکارە بەڕێزەکان و ئەمنیەتی زیاتر لە خوێندنگاکە

# تەوەرەی سێیەم:
# گرفتەکانی پەیوەست ژینگەی خوێندن و خزمەتگوزاری

**١٠. خراپی ژینگەی خوێندن (بینای قوتابخانەکان):**

ژینگەی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا ژینگەیەکی نالەبارە و گونجاو نیە بۆ خوێندن و لەگەڵ سیستەمی تازەی خوێندندا وێك نایەتەوە، ژمارەیەکی بەرچاوی بینای قوتابخانەکان کۆن و داڕزیون و بەکەڵکی خوێندن نایەن و تەنانەت هەندێکیان مەترسی روخانیان لێدەکرێت، هەروەك لە ساڵانی رابردوو ئەمانەمان بینی کە خوێندکارو مامۆستا کەوتنە ژێر دارو پەردووی ئەم بینا داڕزیوانە و خوێندکارێکیش گیانی لەدەستدا، کە ئەمەش نەنگییە بۆ حکومەتی هەرێم تا ئێستاش مناڵانی کوردستان لەم جۆرە قوتابخانانەدا وانە بخوێنن. خوێندن لەم ژینگەیەدا وەك پێویست و تەندروست نابێت. ئەگەر بەراوردێکی رەوشی قوتابخانەکان بکەین دەبینین: هەندێك لەو بینایانەشی تازە دروستدەکرێن بەهۆی چاودێرینەکردنیانەوە یان گەندەڵیەوە هۆڵێکی هونەری و یاریگەیەکی وەرزشی گونجاوی تێدا نییە، هەروەها بەهۆی چاودێری نەکردنی بەڕێوەبەرەکانەوە کە زۆرجار هۆڵی کۆمپیوتەرو و هۆڵی تاقیگەو ژوری کتێبخانە دەکەن بە کۆگا، یان بەبیانوی نەبوونی جێگاوە دەیکەن بە پۆل!

ئەمەو جیا لەخراپی ژینگەی خوێندن و بینای قوتابخانەکان، گرفتی گەورەش لەشوێنی قوتابخانەو دەستنیشانکردنی شوێنەکەیەتی، کەلەدروستکردنی بینای قوتابخانەدا رەچاوی لایەنی زانستی و پەروەردەیی ناکرێت، دەیان قوتابخانە لەنێو بازاڕو نزیك بازاڕو سەر شەقامی گشتی و شوێنی جەنجاڵن، ژاوەژاوو دەنگی جاڕسکەر ژینگەی فێربوونی شێواندووە، لەکاتێکدا دەبێت قوتابخانەکان لەشوێنی دوور لەقەڵەباڵغی و هێمن و کەشێکی لەباردابن. ئەگەر سەیرێکی ئەم خشتانە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە قوتابخانەکان چەندە نەشیاون بۆ خوێندن و چەندیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | بینای قوتابخانە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەنیە | بینای قوتابخانە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە | رێژەی سەدی بینای قوتابخانە کە گونجاو نیە بۆ خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٥١٧٨ | ٢٣٥١ | ٢٨٢٧ | ٪٥٤.٦ |
| ٢- | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٥٢٦٤ | ٢١٦٣ | ٣١٠١ | ٪٥٨.٩ |
| ٣- | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٢٣٢٤ | ٢٩٢٢ | ٪٥٥.٧ |
| ٤- | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٢٠٧٢ | ٣١٦٢ | ٪٦٠.٤ |

لەم خشتەیەشدا دەردەکەوێت کە ئەو قوتابخانانەی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبووە حکومەت چەندی نۆژەنکردونەتەوەو چەندیش نۆژەن نەکراونەتەوە:

| ژ | ساڵی خوێندن | بینای قوتابخانە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە | قوتابخانە کە نۆژەنکراوەتەوە | قوتابخانە کە نۆژەن نەکراوەتەوە | رێژەی سەدی قوتابخانە کە نۆژەن نەکراونەتەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٢٩٢٢ | ١٧٣٧ | ١١٨٥ | ٪٤٠.٥ |
| ٢- | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٣١٦٢ | ١٧٠٤ | ١٤٥٨ | ٪٤٦.١ |

لەم خشتەیەشدا دەردەکەوێت کە چەند قوتابخانە شورای نیە:

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە شورای هەیە | قوتابخانە شورای نیە | رێژەی سەدی قوتابخانە کە شورای نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ٥١٧٨ | ٤٤٩٢ | ٦٨٦ | ٪١٣.٢ |
| ٢ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٥٢٦٤ | ٤٦٩٥ | ٥٦٩ | ٪١٠.٨ |
| ٣ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٥٢٤٦ | ٤٦٦٠ | ٥٨٦ | ٪١١.٢ |
| ٤ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٥٢٣٤ | ٤٧٣٣ | ٥٠١ | ٪٩.٦ |

ئەوەی لەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێت، زیاد لە نیوەی قوتابخانەکانی هەرێم پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، لەهەندێك قوتابخانەدا مەترسی رووخان هەیە، قوتابخانە هەیە هەر کە باران دەبارێت پۆلەکانی دڵۆپە دەکەن و ئاویان تێدەچێت.

بە هۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بینای نوێی قوتابخانە دروست بکات، وەزارەتی پەروەردە بە کۆمەك و هاوکاریی خێرخوازان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا هەندێك لە قوتابخانەکانی نۆژەن کردووەتەوە. وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەش دەڵێت: بەڵێ ئاگاداری هەموو کێشە و کەموکورتییەکانی خوێندنگەکانین، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر قوتابخانانە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بەڵام قەیرانی دارایی رێگەی نەداوە کاریان تێدا بکرێت و نۆژەن بکرێنەوە. هەڵمەتی نیشتیمانیی خوێندنگاکانمان راگەیاندووە، لە رێگەی رێکخراو و خێرخێوازان و کونسوڵخاکانەوە توانیومانە ١٠٠٠ خوێندنگە نۆژەن بکەینەوە.[1]

لەو قوتابخانانەی نۆژەنکراونەتەوە، ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠١٨ لە پارێزگای هەولێر لەلایەن کەسانی سەرمایەدار و دەسترۆیشتوو، توانرا ١٥٩ قوتابخانە دوای وەستانی پرۆژەکان بەهۆی تەنگژەی داراییەوە، نۆژەن بکرێنەوە.[2]

زۆرن ئەو قوتابخانانەی مەترسی دارمانیان لێدەکرێت و رۆژانە باسی میدیاکانن، لەهەریەك لەشارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجەو رانیەو قەلادزێ و...هتد بەرچاو دەکەون. پێویستیان بە نۆژەکردنەوە هەیە، هەموو ئەو قوتابخانانەش کە مەترسی رووخانیان لێدەکرێت، ناویان لە لیستی وەزارەتی پەروەردەدا هەیە ، کە مەترسی رووخانیان لێدەکرێت کەچی هێشتا وەزارەت بۆ نۆژەنکردنەوەیان هەنگاوی نەناوە.

بۆ نمونە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بەهۆی کۆنی بیناکەیەوە لەکاتی دەوامی ئاساییدا بەشێك لە سەقفی خوێندنگایەکی سەرەتایی لە شاری سلێمانی دارما و زیانی ماددی لێکەوتەوە. هەرچەندە رووداوەکە تەنها زیانی ماددی لێکەوتووەتەوە و خوێندکارێکیش بە سووکی بریندار بووە.

1- http://azhans.krd/%D9%86%DB%8C%D9%88%DB%95%DB%8C-%D9%82%D9%88%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%AE%D8%A7%D9%86%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%87%DB%95%D8%B1%DB%8E%D9%85-%D9%BE%DB%8E%D9%88%DB%8C%D8%B3%D8%AA%DB%8C%D8%A7%D9%86/

2-http://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=41856&Jor=14



پۆلێکی خوێندنساڵی ٢٠١٨ لە سلێمانی لەکاتی خوێندندا سەقفەکەی روخا



پۆلێکی خوێندن

### ١١. قوتابخانەی چەند دەوام (دوو دەوام و سێ دەوام و چوار دەوام):

بە پێی سیستەمی تازەی خوێندن پێویستە هەر بینایەک یەک قوتابخانەی تیادابێت بۆ ئەوەی کاتی دەوامی پێویست دابین بکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان چەند دەوامێکیان تیادا دەکرێت، بۆیە هەرگیز لەگەڵ سیستەمەکەدا وێک نایەتەوە و سیستەمەکە جێبەجێ ناکرێت. هەر بە پێی ئاماری فەرمیی وەزارەتی پەروەردە رەوشی دەوامی قوتابخانەکان بەم جۆرەیە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم | یەک دەوام | دوو دەوام | سێ دەوام | چوار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤–٢٠١٣ | ٦٧٣٤ | ٤٣٨٢ | ٢٢١٧ | ١٣٣ | ٢ |
| ٢ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ٦٤٧٤ | ٤٤٥٠ | ١٩٤٤ | ٧٩ | ١ |
| ٣ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٦٧٩٩ | ٤٦١٩ | ٢٠٠٦ | ١٧٤ | ٠ |
| ٤ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٦٧٨٨ | ٤٦٥٣ | ٢٠٢١ | ١١٠ | ٤ |
| ٥ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٦٦٣٥ | ٤٧٠٥ | ١٧٨٥ | ١٣٤ | ٥ |

ئایا قوتابخانەیەک ئەوەندە دەوامەی تیادابێت چۆن سیستەمی خوێندنی تیایدا جێبەجێ دەکرێت و پرۆسەی پەروەردەو خوێندن تیایاندا تەندروست دەبێت!؟ ئاخۆ چۆن لەگەڵ ئەو سیستەمەدا یەک دەگرێتەوە کە حکومەتی هەرێم بانگەشەی بۆ دەکات و دەیەوێت لەناوەندەکانی خوێندندا جێبەجێی بکات، بەوپێیەی تائێستاش (١٧٨٥) قوتابخانە لە دوو دەوامیان تێدا دەکرێت و (١٣٤) سێ دەوام و (٥) قوتابخانەش چوار دەوامیان تێدا دەکرێت.

سەبارەت بە دەوامی قوتابخانەکانیش بەهەمان شێوە بەسەر چوار کاتدا دابەش کراوەو ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێك لە قوتابخانەکان کاتی پێویستیان نیە بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکان، هەروەك لەم خشتەیەدا دەیبینین:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم | بەیانیان | نیوەڕۆیان | بەیانیان و نیوەڕۆیان | ئێواران |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ٦٤٧٤ | ٣٣٢١ | ١٣٨ | ٢٧٤٥ | ٢٧٠ |
| ٢ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٦٧٩٩ | ٣٤٤٩ | ١٦٧ | ٢٨٤٩ | ٣٣٤ |
| ٣ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٦٧٨٨ | ٣٤٩٠ | ١٦٥ | ٢٨٣٩ | ٢٩٤ |
| ٤ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٦٦٢٩ | ٣٣٥٦ | ٢٨٧ | ٢٧٥٣ | ٢٣٣ |




بینایەکی داڕزیو کە چوار قوتابخانە دەوامی تیادا دەکات

### ١٢. قوتابخانە لە بینای کرێدا:

بە پێی ئامارەکانی خودی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمدا (٤٥٢) قوتابخانەیە لە بینای کرێدان، واتە ناوچەکە بینای قوتابخانەی لێ نیەو بینایەك بە کرێ گیراوە بۆیان، بێگومان ئەو بینایەی بە کرێش گیراوە هیچ مەرجێکی قوتابخانە و شوێنی خوێندنی تیادا نیە، چونکە لە بنچینەدا بیناکە بۆ قوتابخانە دروستنەکراوە. بێگومان لەو کاتەشدا ئەو خوێندکارانەی لەو قەتابخانەیەدا دەخوێنن نە سیستەمیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و نە مامۆستاکانیش دەتوانن وەك پێویست وانەکان بلێنەوەو نە وەك پێویستیش سەرکەوتوو دەبن. لەم خشتەیەدا ئاماری پێنج ساڵی رابردووی ئەو قوتابخانانەی لە بینای کرێدان دەردەکەوێت:

| ژ | ساڵی خوێندن | قوتابخانە لە بینای کرێدایە |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٤٥٢ |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٢١١ |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ١٨٩ |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ١٣٦ |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ١٩٤ |

### ١٣. قوتابخانەی میوان:

بە پێی دوا ئاماری وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ ژمارەی (١٣٩٥) قوتابخانە لە هەرێمی کردستاندا میوانن، واتە قوتابخانەیە بەڵام بینای تایبەتی خۆیان نیە و لە بینای قوتابخانەیەکی تر یا فەرمانگەیەکی تردان، ئەمەش گرفتێکەو ئەگەر چارەسەر نەکرێت هەم ئەم قوتابخانەیە و هەم قوتابخانەی خاوەن بیناکە یا فەرمانگەکە توشی گرفت دەبن و کێشەیان بۆ دروست دەبێت. لەم خشتەیەدا ئاماری پێنج ساڵی رابردووی ئەو قوتابخانانەی وەك میوان لە بینای خوێندندان دەردەکەوێت:

| ژ | ساڵی خوێندن | ڕەسەن | قوتابخانەی میوان | سەرجەم | ڕێژەی قوتابخانەی میوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٤٩٤٥ | ١٣٣٨ | ٦٢٨٢ | ٪٢١.٢ |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٥١٧٨ | ١٢٩٦ | ٦٤٧٤ | ٪٢٠ |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٥٢٧٥ | ١٥٢٤ | ٦٧٩٩ | ٪٢٢.٤ |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ١٥٤٢ | ٦٧٨٨ | ٪٢٢.٧ |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ١٣٩٥ | ٦٦٢٩ | ٪٢١ |

### ١٤. قوتابخانەی لە گل (قوڕ) دروستکراو:

بە پێی ئاماری خودی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا لەم سەدەی بیست و یەکەدا، دوای (٢٧) ساڵ لە حوکومڕانیەتی خۆماڵی، (٣٠) قوتابخانە بیناکانیان لە گڵ و قوڕ دروستکراون، کە ئەمەش لە وەرزی زستاندا هەندێکیان دڵۆپە دەکەن و مەترسی روخانیان لێدەکرێت و هیچ مەرجێکی خوێندنیان تیادا نیە. لەم خشتەیەدا ئاماری پێنج ساڵی رابردووی ئەو قوتابخانانەی بیناکانیان لە گڵ دروستکراون دەردەکەوێت:

| ژ | ساڵی خوێندن | قوتابخانەی لە گڵ دروستکراو |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣–٢٠١٤ | ؟ |
| ٢ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ٥٥ |
| ٣ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ٤٦ |
| ٤ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٣٥ |
| ٥ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٣٠ |




**قوتابخانەی لادێیەکی کوردستان لە بلۆك و قوڕ دروستکراو**

### ١٥. جیاوازی نێوان قوتابخانەی لادێکان و شارەکان:

جیاوازی زۆر لەنێوان قوتابخانەی لادێکان و شارەکاندا هەیە، هەر لە ژمارەی مامۆستا و پێداویستیەکانی ترەوە و قوتابخانەی لادێکان وەك شارەکان سەیری نەکراوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان پشتگوێ خراون. لە کاتێکدا لە لادیکاندا (٢٨١٠) قوتابخانە هەیە. لەراستیدا ئەگەر شتێك هەبێت بەناوی پەروەردەو فێرکردن دەبێت بۆ هەموو تاکەکانی بەبێ جیاوازی فەراهەم کرابێت نەك شوێنێك بێ بەش و یەکێکی تر بەپێچەوانەوە.



قوتابخانەیەکی داڕزیوی گوندێکی کوردستان کە مەترسی داڕمانی هەیە



### ١٦. لادێی بێ قوتابخانە:

بە پێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە ساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی (٦٠٠) لادێ بێ قوتابخانەن. کە ئەمەش دەبێتە مایەی دابڕانی منداڵانی ئەو لادێیانە لە خوێندن. کەچی ئێستا ژمارەی ئەو لادێیانەی بێ قوتابخانەن زۆر زیاتر بووە چونکە لە بەشێکی زۆری لادێکاندا قوتابخانەکان داخران بە بیانووی ئەوەی کە منداڵانی چەند لادێیەك لە قوتابخانەی یەك لادێدا کۆبکرێنەوە، گوایە کوالیتی باشتر دەبێت و تێچوشی کەمتر، بەڵام بەمەرجێك هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ منداڵەکان دابین بکرێت، بەڵام قوتابخانەکانیش داخران و پێداویستیەکانیشیان کە بەڵێنیان پێدرابوون جێبەجێنەکرا! هەر بۆیە ژمارەی قوتابخانەکان لە لادێکاندا بەبەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمتر بوویەوە، ئەگەر سەیری ئاماری پێنج ساڵی رابردوو بکەین بۆمان روون دەبێتەوە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم | شار | | لادێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی قوتابخانە | ڕێژەی سەدی | ژمارەی قوتابخانە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | ٢٠١٣–٢٠١٤ | ٦٧٣٥ | ٣٤٥٧ | ٪٥١.٣ | ٣٢٧٨ | ٪٤٨.٧ |
| ٢ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ٦٤٧٤ | ٣٦٢١ | ٪٥٥.٩ | ٢٨٥٣ | ٪٤٤.١ |
| ٣ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ٦٧٩٩ | ٣٨٤٧ | ٪٥٦.٦ | ٢٩٥٢ | ٪٤٣.٤ |
| ٤ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٦٧٨٨ | ٣٨٥٩ | ٪٥٦.٨ | ٢٩٢٩ | ٪٤٣.٢ |
| ٥ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٦٦٢٩ | ٣٨١٩ | ٪٥٧.٦ | ٢٨١٠ | ٪٤٢.٤ |

بەهۆی قەیرانی دارایی و لەچوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان، ٢٣ قوتابخانە لەدەڤەری سۆران داخران، هاوکات ژمارەیەك لەهاونیشتمانی سنورەکەش بۆ دانەخرانی ژمارەیەکی زیاتری قوتابخانە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لەکرێی ساڵانەی خانوو باڵاخانەکانیان بەخشیووە. [(١)] لە سنوری پەروەردەی قەزای چۆمانیش ژمارەیەك قوتابخانە دواخران. [(٢)] بەهەمان هۆکار ژمارەیەك قوتابخانەی گوندەکانی دەڤەری شارەزوریش داخران. بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور، رایگەیاند: "بە گوێرەی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، هەر قوتابخانەیەك لە ١٥ قوتابی کەمتری هەبێت، دەبێت قوتابخانەکە دابخرێت و قوتابییەکانی بگوازرێنەوە بۆ نزیکترین قوتابخانە لێیانەوە، بۆیە بۆ ساڵی نوێی خوێندن، قوتابخانەکانی ژمارەیەك گوند داخراون و بەشێکی دیکەیشیان تێکەڵکراون". [(٣)] هەروەها لە گەرمیانیش نزیکەی ٥٠ قوتابخانە لە لادێکاندا بەهەمان هۆکار و بەپێی هەمان بڕیاری وەزارەتی پەروەردە داخران. [(٤)] لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی ەروەردەی دوکانیش ٢١ قوتابخانە داخران. [(٥)] لە سنوری پەروەردەی کفریش ١٢ قوتابخانە بە هەمان هۆکار داخران. [(٦)]

1- http://www.kurdistan24.net/so/news/c66f798b-58ae-42b1-ab2b-83254ca1410d/%D8%B2%DB%8C%D8%A7%D8%AA%D8%B1-%D9%84%DB%95-20-%D9%82%D9%88%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%AE%D8%A7%D9%86%DB%95-%D8%AF%D8%A7%D8%AF%DB%95%D8%AE%D8%B1%DB%8E%D9%86
2- http://netewe.net/item.php?id=24176
3- http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=33012&Jor=14
4- https://archive2016.xelk.org/detailnews.aspx?jimare=28776&babet=important&relat=3042
5- https://www.youtube.com/watch?v=0IpdvTIowr8
6- https://www.dwarozh.net/details.aspx?jimare=37895

### ١٧. خراپی مێز و ڕەحلە:

بەشێکی زۆر لە مێز و کورسی و ڕەحلەکان کۆن بوون یا شکاون یا بەکەڵکی بەکارهێنان و دانیشتنی منداڵان نایەن، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ژینگەی خوێندن. لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە چەند کورسی و مێزی منداڵان لە قوتابخانەکاندا هەیەو چەندیان باشن و چەندیشیان خراپن و بۆ بەکارهێنان ناشێن:

| ژ | ساڵی خوێندن | کورسی و مێزی منداڵان | | | سەرجەم | ڕێژەی ٪ مێزی خراپ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باشە | پێویستی بە چاکردن هەیە | خراپە | | |
| ١ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٦٨١١٩ | ١٠٢٠ | ٢٢٢٦ | ٧١٣٦٥ | ٪٤.٥ |
| ٢ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٧٣٦٩١ | ٧٩٩ | ٢٦٦٧ | ٧٧١٥٧ | ٪٤.٥ |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە چەند ڕەحلەی یەك کەسی لە قوتابخانەکاندا هەیەو چەندیان باشن و چەندیشیان خراپن و بۆ بەکارهێنان ناشێن:

| ژ | ساڵی خوێندن | ڕەحلەی یەك کەسی | | | سەرجەم | ڕێژەی ٪ ڕەحلەی خراپ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باشە | پێویستی بە چاکردن هەیە | خراپە | | |
| ١ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ٢٧٣٨١٥ | – | ٤٣٢٢٣ | ٣١٧٠٣٨ | ٪١٣.٦ |
| ٢ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٣٨٦١٣١ | – | ٦٩١٩٤ | ٤٥٥٣٢٥ | ٪١٥.٢ |
| ٣ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٢٥١٦٨٣ | ٣٦٨٠٧ | ٢٧٥٩٤ | ٣١٦٠٨٤ | ٪٢٠.٤ |
| ٤ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٢٥٠٩٥٢ | ٣٦٠٨٤ | ٣٠٥٨٣ | ٣١٧٦١٩ | ٪٢١ |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە چەند ڕەحلەی دوو کەسی لە قوتابخانەکاندا هەیەو چەندیان باشن و چەندیشیان خراپن و بۆ بەکارهێنان ناشێن:

| ژ | ساڵی خوێندن | ڕەحلەی دوو کەسی | | | سەرجەم | ڕێژەی ٪ ڕەحلەی خراپ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باشە | پێویستی بە چاکردن هەیە | خراپە | | |
| ١ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ٤٥١٤٠٨ | – | ١٠٤٦٠٩ | ٥٥٦٠١٧ | ٪١٩ |
| ٢ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٥٦٠٠٠٤ | – | ١٤٠٠٠٣ | ٧٠٠٠٠٧ | ٪٢٠ |
| ٣ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٤٩٢٩٠١ | ٨١٦٥٢ | ٤٦٥٦٥ | ٦٢١١١٨ | ٪٢٠.٦ |
| ٤ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٥١٨٥١٣ | ٧٨٠٨٦ | ٥٣٤٨٣ | ٦٥٠٠٨٢ | ٪٢٠.٢ |

بەپێی ئەم داتایانە لەسەردەمی کابینەی هەشتەمدا مێز و ڕەحلەو کورسیەکانی خوێندکاران زۆرینەیان شکاون و خراپ بوون و چاکیش نەکراونەتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی منداڵان دەبێت کە ئاسودە نەبێت لە شوێنی دانیشتنەکەی لەکاتی وانە خوێندندا.



نمونەی چەند پۆلێکی خوێندن

## ١٨. زۆری ژمارەی خوێندکار لە پۆلێکدا:

بەپێی سیستەمی تازەی خوێندن دەبێت هەر پۆلێك لە (١٥–٤٠) خوێندکاری زیاتر تیادا نەبێت. بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە بەهۆی ژمارەی زۆری خوێندکاران و کەمی پۆلەکانەوە ئەم ستانداردە جێبەجێ نەکراوە، زۆر قوتابخانە هەیە پۆلەکانیان ٥٠–٦٠ خوێندکاری تیادایە و ئەمە لەگەڵ هیچ پێوەرێکی پەروەردەییدا ناگونجێ، کە بێگومان ئەم ژمارە زۆرەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە فەوزا لە پۆلەکەدا هەبێت و مامۆستاکە نەتوانێت بەباشی وانەکە بگەیەنێت و نەتوانێت وەك پێویست چاودێری خوێندکارەکان بکات لە فێربوون و تێگەیشتنیان لە وانەکە. بێگومان ئەم حاڵەت زۆرتربووە کەمتر نەبوە، بەتایبەت بەهۆی بارودۆخی ئەم چەند ساڵەو نەکردنەوەی قوتابخانەی نوێ ئەوەش هێندەی تر کاری مامۆستای قورسترکردوە پرۆسەی فێرکردنی هێندەی تر دواخستوە. ئاماری پێنج ساڵی رابردووی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا:

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی پۆل | کوڕان | کچان | تێکەڵ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤–٢٠١٣ | ١٦٧٣٧٦٠ | ٦٦٢٩٨ | ١٠٥٨٣ | ٩٣٤٥ | ٤٦٣٧٠ | ٦٦٢٩٨ |
| ٢ | ٢٠١٥–٢٠١٤ | ١٦٥٣٣٨٦ | ٦٩٨٦٥ | ١٢١١٢ | ١٠٨٤٥ | ٤٦٩٠٨ | ٦٩٨٦٥ |
| ٣ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ١٧٠٦٥٠٩ | ٦٩٨٠٧ | ١١٩٧٥ | ١٠٨٥٠ | ٤٦٩٨٢ | ٦٩٨٠٧ |
| ٤ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ١٧٣٨٥٢١ | ٦٧٤٣٦ | ١٠٧٠٩ | ١٠٢٤٩ | ٤٦٤٧٨ | ٦٧٤٣٦ |
| ٥ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ١٧٤١٧٦٤ | ٦٨٠٩١ | ١٠٤٢٥ | ٩٩٢٧ | ٤٧٧٢٩ | ٦٨٠٩١ |



### ١٩. پاكوخاوێنی له‌ قوتابخانه‌كاندا:

ژماره‌یه‌كی زۆر له‌ قوتابخانه‌كان له‌ڕووی پاك و خاوێنییه‌وه‌ وه‌ك پێویست نین. چ ژووری پۆله‌كان، یا دیواره‌كان یا گۆڕه‌پانه‌كانی، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ توالێته‌كان كه‌ هه‌ر باس ناكرێت. ئه‌مه‌ هه‌م دیمه‌نێكی ناشیرینه‌ و هه‌م ده‌بێته‌ مایه‌ی بڵاوبوونه‌وه‌ی جۆره‌ها نه‌خۆشیش، هه‌م ده‌بێت به‌ كلتورێكیش لای ئه‌و منالآنه‌ كه‌ گرنگی به‌ پاكوخاوێنی نه‌ده‌ن. ئه‌وه‌ش سه‌لمێنه‌ری ئه‌و ڕاستیه‌یه‌ په‌روه‌رده‌ غیابه‌ له‌ناو قوتابخانه‌كانی ئێمه‌دا، هه‌ر بۆیه‌ ده‌بێت په‌روه‌رده‌ پێش فێركردن بێت. گرفتی گه‌وره‌ سه‌ره‌تا له‌قۆناغی بنه‌ڕه‌تی و گرنگی نه‌دانی پێویست به‌هۆشیاری پاك ڕاگرتنی ژینگه‌و خاوێنی قوتابخانه‌ ده‌ستپێده‌كات، تا له‌قۆناغی ئاماده‌یی ده‌گاته‌ ئه‌وه‌ی ڕۆژانه‌ بن ره‌حله‌و سه‌ر په‌نجه‌ره‌و قادرمه‌و بن دیوارو ژووره‌كان، پڕ ده‌كرێن له‌پاشماوه‌ی قوتووی ئاوو بیبسی و كاغه‌زو سه‌مون. ئه‌م حاڵه‌ته‌ ئه‌وه‌ ده‌هێنێت كاری په‌روه‌رده‌یی جدی بۆ بكرێت. له‌ ڕاستیدا گرنگیدان به‌هه‌ستی به‌رپرسیارێتی پاك ڕاگرتنی قوتابخانه‌و بایه‌خدان به‌ كاری هه‌ره‌وه‌زی، ئه‌ركێكی سه‌ره‌كی پرۆسه‌ی په‌روه‌رده‌و فێركردنه‌. بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ ده‌كرێت قوتابیان و تێكڕای ستافی مامۆستایان، به‌ به‌رێوه‌به‌رو جێگره‌كانییه‌وه‌، به‌شداربن له‌ شوشتنی ژوورو پۆل و ڕاوه‌وه‌كان و خاوێنكردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌، ده‌كرێت له‌ ساڵه‌كه‌دا چه‌ند ڕۆژێك بۆ كاری پاكردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌، به‌ شێوه‌ی كۆمه‌ڵ، دیاری بكرێت و بخرێته‌ به‌رنامه‌ یان ساڵنامه‌ی قوتابخانه‌كه‌وه‌، نه‌ك هه‌ر پشت به‌ستن به‌تاقه‌ خزمه‌تگوزارێك.



**به‌ر ده‌رگه‌ی قوتابخانه‌یه‌ك**

## ٢٠. گرفتی ئاوی خواردنەوە:

ئاوی خواردنەوە یەکێ لە مافە سەرەتاییەکانی هەر خوێندکارێکە کە پێویستە لە قوتابخانەکاندا بۆیان دابین بکرێت، بەڵام بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکان، بە تۆڕی ئاوی پاکەوە نەبەستراونەتەوە و نەبوونی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە لەخوێندگاکاندا گرفتێکی ترە. ئەو قوتابخانانەش کە بەتۆڕی ئاوی خواردنەوەوە بەستراونەتەوە، وەك پێویست نییە، یا ئاوەکە پاك نییە یاخود شوێنی دابینکردن یا بەکارهێنانی ئاوەکە و تانکی سەربانی قوتابخانەکان وەك پێویست نین و پاك نین، مەرجی سەرداپۆشین و پارێزگاریشیان تێدا نییە، کە هۆکاری پیسبوونی زیاتری ئاون، تانکی ئاوەکان ساڵانە پاکناکرێنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەندروستی ئەو منداڵانە دەبێت. خۆ ئەگەر لیژنەیەك بچێت پشکنین بۆ تانکی ئاوەکان بکات، ئەوسا دەزانێ چ میکرۆبێك لەنێو ئەو تانکییانەدایە، هەندێك لە قوتابخانەکان چەندان ساڵە تانکییەکانیان پاك نەکردووەتەوە. بەپێی ئامارێك ١٣.٦٪ی قوتابخانەکانی هەرێم لە ئاوی خواردنەوە بێبەشن. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەند قوتابخانە بە تۆڕی ئاوی پاکەوە نەبەستراونەتەوە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە بەستراوە بە تۆڕی ئاوی پاکەوە | قوتابخانە نەبەستراوە بە تۆڕی ئاوی پاکەوە | ڕێژەی سەدی قوابخانە کە تۆڕی ئاوی پاکی نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ٥٤٥٨ | ٤٣٥٤ | ٨٢٤ | ٪١٥ |
| ٢ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ٦٤٠٦ | ٤٥٦٥ | ٦٩٩ | ٪١١ |
| ٣ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ٥٢٤٦ | ٤٤٧٩ | ٧٦٧ | ٪٦ .١٤ |
| ٤ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ٥٢٣٤ | ٤٥١٨ | ٧١٦ | ٪٦ .١٣ |



نموونەی شوێنێکی ئاخواردنەوەی منداڵان لە قوتابخانەیەکدا

## ٢١. گرفتی تواڵێت و دەستشۆر:

شوێنی دەست شۆردن و تواڵێتەکانی زۆربەی قوتابخانەکان پاك نین و شایەنی بەکار هێنان نین و هیچ مەرجێکی تەندروستیان تێدا نیە. کە ئەمەش هەم دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی و هەم نەنگییە بۆ دەزگایەکی رەسمی و پەروەردەیی شوێنی تەواڵێت و دەستشۆرەکانی بەم شێوازە بێت. کە دواجار کاریگەری لەسەر خوێندکارەکان بەشێوەیەك دەبێت کە پەروەردە نەبن. لەو قوتابخانانەشدا کە تەواڵێت هەیە ژمارەیان کەمە، قوتابخانەیەك ئەگەر ٥٠٠ قوتابی هەبێت، چۆن دەکرێت لەرێستێکی ٥ خولەکیدا ئەو ژمارەیە بە ٥ یان ٦ تەواڵێت رابگەن؟! دەستشۆریش هەمان شت. لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە تەنانەت چەندان قوتابخانە تەواڵێتیان نیە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | لە قوتابخانە (WC) بۆ منداڵ هەیە | لە قوتابخانە (WC) بۆ منداڵ نیە | ڕێژەی سەدی قوتابخانە (WC)ی خوێندکاری نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٥٠٥١ | ١٩٥ | ٪٤ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٥٠٧٥ | ١٥٩ | ٪٣ |

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | لە قوتابخانە (WC) بۆ مامۆستا هەیە | لە قوتابخانە (WC) بۆ مامۆستا نیە | ڕێژەی سەدی قوتابخانە (WC)ی مامۆستای نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٤٨٨٤ | ٣٦٢ | ٪٧ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٤٨٨٤ | ٣٥٠ | ٪٧ .٦ |



نمونەی چەند تواڵێتێکی قوتابخانەکان



## ٢٢. ساردی و گەرمی قوتابخانەکان:

ژینگەی زۆربەی قوتابخانەکان لەڕووی ساردی و گەرمیەوە بۆ منداڵان گونجاو نیە، لە وەرزی هاوینا گەرم و تاقەت پڕوکێنە و هۆکارەکانی فێنك کردنەوە نین و گەر هەشبێت وەك پێویست نیە، لە وەرزی زستانیشا ساردە، بەشێك لە پۆلەکانی خوێندن شوشەی پەنجەرەکانیان شکاوەو ئەمەش دەبێتە مایەی ساردی زیاتر. یان هۆی گەرم کەرەوەیان نیە یان زۆپاکان شکاون یان نەوت و پلیتەیان تیانیە، بەگشتی ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی منداڵ لە قوتابخانە بێزار بێت. لەلایەکی تریشەوە حکومەت و وەزارەت وەك پێویست سوتەمەنی بۆ قوتابخانەکان دابین ناکەن، لەم خشتەیەدا هۆکارەکانی گەرمی و فێنك کەرەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | ژ. پۆل | ژ. زۆپا | ژ. سپلیت | پۆلی بێ زۆپا | | پۆلی بێ سپلیت | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٥٢٤٦ | ٦٧٤٣٦ | ٧٠٤٠٥ | ٢٤٥٥٣ | | | | |
| ٢ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٥٢٣٤ | ٦٨٠٩١ | ٧١٤٩١ | ٢٧٠٢٧ | | | | |





نمونەی نمونەی دوو پۆلی قوتابخانەکان

### ٢٣. گرفتی کارەبا لە قوتابخانەکاندا:




پێویستە قوتابخانەکان بەردەوام کارەبای نیشتمانییان هەبێت، بەڵام بەداخەوە کارەبا وەك پێویست نیە و ئەو ئامێرانەش کە بە کارەبا کار دەکەن لەو کاتانەدا لە کار دەوەستن. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی خوێندکاران لە وەرزی گەرمادا لە خوێندن بێزار بن. وە لەوەرزی زستانیش لەبەر سەرما و هەڵ لەرزینیان نەتوانن بەباشی لەپۆلدا دابنیشن. ئەم گرفتە وایکردووە، ئەگەر کەش هەور و باراناوی بێت، ژوورەکان بەتەواوی تاریکدابێن، بەتایبەت لە دەوامی ئێواران، مامۆستا ناچارە خوێندکاران ڕەوانەی ماڵەوە بکاتەوە. ئەمەش دەبێتە تەگەرە لەبەردەم تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندن. زۆر قوتابخانە دەوامی ئێواران بەتایبەتی وەرزی زستان هەر لەکاتژمێر ٣ی دوای نیوەڕۆوە، کە کارەبا نەبێت، ژوورەکان تاریك و نوتەکن، گرفتی نەبوونی کارەبا فرە ڕەهەندەو زۆر ئیشوکاری زەروری قوتابخانەی پەکخستووە، چارەسەر ئەوەیە لەبیری ئاوی گەڕەکەکان کەخەتی هەمیشەیی کارەبای نیشتمانیان هەیە، خەت بۆقوتابخانەکان رابکێشرێت، یان لەرێی پارێزگاکان گازی تایبەت بەمەوەلیدەکان بدرێت و هەتا ئەمپێری موەلیدەی ئەهلی گەڕەکیشیان هەبێت. لەم خشتەیەدا باری قوتابخانەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە تاچەند کارەبای نیشتمانی بەردەوامیان هەیە:

| ژ | ساڵی خوێندن | بینای قوتابخانە کارەبای نیشتمانی هەیە | قوتابخانە کارەبای مۆلیدەی بەردەوامی نیە | قوتابخانە کارەبای نیە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥١٣٣ | ٢٥ | ٨٨ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥١١٨ | ١٦ | ١٠٠ |

### ٢٤. نەبوونی کارگوزار و باخچەوان لە قوتابخانەکاندا:

ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان یا کارگوزاریان نیە، یا ئەوەتا ئەگەر هەشیان بێت یەك یا دوو کارگوزاریان هەیە و ئەوانیش بەساڵاچوون و پێویستە خانەنشین بکرێن. کە ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی پیس و پۆخلی هەندێك لە قوتابخانەکانە. وە ناکرێت لە قوتابخانەیەکدا چەند کارگوزارێك هەبێت و لە زۆربەی قوتابخانەکانی تریشدا یەك دانە یا هیچ نەبێت. لەم خشتەیەدا ئاماری پێنج ساڵی رابردووی کارگوزار لە قوتابخانەکاندا دەخاتە بەرچاو:

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی بەردەست | ژمارەی پاك کەرەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ١٠٥٥٧ | ٤٥٦٧ |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ١٠٦٠٠ | ٤١٠٩ |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ١٦١٥ | ٩٩٠٧ |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٩٨٩٦ | ٤١٢١ |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٩٣٦٨ | ٤٢٦٦ |

## ٢٥.نەبوونی باخچە لە قوتابخانەکاندا:

مەسەلەی ژینگە و ژینگە پارێزی یەکێك لەبابەتەکانی سەردەمە و پێویستە گرنگی پێ بدرێت و خوێندکار لەگەڵی رابهێنرێت، بۆ ئەوەی گیانی ژینگە پارێزی هەر لە منالیەوە تیایدا چەکەرە بکات، بەڵام بەداخەوە زۆبەی هەرە زۆری قوتابخانەکانی ئێمە باخچەیان تیادا نیە و ئەم بابەتە گرنگی پێ نادرێت و پشتگوێ خراوە کە ئەمەش هەم دیمەنی قوتابخانەکانی ناشیرین کردووەو هەم خوێندکارانیش بەم گیانە راناهێنێت. ئەگەر باخچە هەشبێت بۆ خوێندکاران نییە بچنە نێویەوە، بەبیانووی شکاندنی گوڵ و نەمامەکان. یانیش کۆنکرێت کراون و مامۆستایان ئوتومبێلی لێ رادەگرن. لەو قوتابخانانەشدا کە باخچە هەیە، سەرەتا دارێکی زۆر دەروێنرێت، چونکی فەرمانبەری تایبەتی وەك باخەوان بۆ دانامەزرێت، دارو گوڵ و سەوزاییەکەی هەرزوو وشك دەکات و مشوری ناخورێت، لەکاتێکدا ناکرێت قوتابخانە باغەوانی نەبێت. لەم خشتەیەدا رێژەی باخچەی قوتابخانەکان روون دەبێتەوە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە باخچەی هەیە | قوتابخانە باخچەی نیە | رێژەی نەبوونی باخچە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٢٦٧٥ | ٢٥٧١ | ٤٩٪ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٢٨٢٣ | ٢٤١١ | ٤٦٪ |

## ٢٦. کێشەی فرۆشگە (حانوت)ی قوتابخانەکان:

فرۆشگەی قوتابخانەکان کە شوێنی دەستکەوتن و کڕینی کەل و پەل و پێداویستی و خواردنی خوێندکارانە لە قوتابخانەکاندا، بەڵام وەك پێویست نیە، لەهەندێك قوتابخانە هەر نیە، لە هەندێکیان هەیە بەلام بێ سەروبەرە، کەلوپەلەکانی گرانە، شت و مەکی بەسەرچوو لەهەندێکیان فرۆشراوەو چاودێری بەسەرەوە نیە کە ئەمەش مەترسی هەیە بۆسەر تەندروستی خوێندکارەکان، هەندێك لەو مادانەی لە فرۆشگەکان دەفرۆشرێن، بەهیچ شێوەیەك لە رووی تەندروستییەوە رێگە پێدراو نین و زیان بە تەندروستیی خوێندکاران دەگەیەنن. خۆ ئەگەر لیژنەش هەبێت. کەمتەرخەمن. یەکێك لەو مادە مەترسیدارانە جبسە. لە هەندێك قوتابخانەشدا فرۆشگا بازرگانی پێوە دەکرێت کە بە نرخێکی خەیاڵی بە کرێدراوە کە لۆژیك قبوڵی ناکات و مایەی سەرسوڕمانە، بەتایبەت لە هەندێك لە ئامادەییەکانی کچان! کە نازانرێت هۆکارەکەی چیە؟ ئەمە گرفتێکەو ئەرکی سەر شانی وەزارەتە هیچی تر پشتگوێی نەخات و بەدوایدا بچێت. جگە لەوەی لەم دوساڵەدا پارەی فرۆشگاکان دەبرێنە بانك و جارێکی تر لەوێوە دابەش دەکرێت، بەڵام زۆرێك لەفرۆشگاکان ئەو پارەیەیان وەرنەگرتوە یان لەکاتی خۆیدا وەریان نەگرتووەو قوتابخانەکان کەوتونەتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە. یان ناتوانن پێداویستیەکان لەکاتی خۆی دابین بکەن، جگەلەوەی بڕێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەکان، لەکاتێکدا ئەگەر پارەکە لە دەستی قوتابخانەکە خۆیدا بێت و لیژنەیەکی شارەزاو بەرپرسیار سەرپەرشتی بکات، ساڵانە زۆر کێشەی خۆیان چارەدەکەن و پێداویستییەکانیان دابین دەکەن. لەم خشتەیەدا رەوشی فرۆشگای قودابخانەکان دەردەکەوێت:

| ژ | ساڵی خوێندن | بینای قوتابخانە | قوتابخانە فرۆشگەی هەیە | قوتابخانە فرۆشگەی نیە | رێژەی سەدی قەتابخانە کە فرۆشگەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٢٣٢٣ | ٢٩٢٣ | ٥٥.٧٪ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٢٤٢٧ | ٢٨٠٧ | ٥٣.٦٪ |

### ٢٧. هۆکارەکانی هاتوچۆ:

لە هەندێك ناوچەی دەرەوەی شارەکاندا بەچەند گوندێك یەك قوتابخانەیان هەیە، هاتوچۆی منداڵانی گوندەکانی تر بۆ ئەو گوندەی قوتابخانەی لێیە قورسە، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا، هیچ هۆکارێکی هاتوچۆشیان بۆ دابین نەکراوە. بۆ پاراستنی گیانی ئەو منداڵانە و باشتر سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە لەو ناوچانەدا، پێویستە وەزارەت بیرێکی لێبکاتەوە و بەرنامەیەکی بۆ دابنێت و هۆکارەکانی هاتوچۆیان بۆ دابین بکات.

ئێستا زۆربەی قوتابی و خوێندکارانیش لەناو شارەکان هەر بەپاس یان تەکسی هاتوچۆ دەکەن ئەوەی گرفتە زۆربەی کچان لەگەڵ سایەقی پاسەکان روبەری کێشەی گەورە بونەتەوە هەروەها لەناو پاسەکاندا بەتایبەت بۆ منداڵان لەبەیانی زوو هەتا نیوەرو ئێوارە گۆرانی زۆر نەشیاویان بۆ لێدەدەریت کە بووە بەسەر زاری هەمویان رۆژانە دەیڵێنەوە و پرن لەوشەی ناپەروەردەیی، جگە لە هەرەمەکی نرخەکانیان، بۆیە گرنگە پەروەردە بەجدی رێنمایی هەبێت لەوبارەیەوە وە بەرێوەبەر ئاگاداری دۆخەکە بێت بەهەماهەنگی لەگەڵ کەس و کاریان.



یوسف محەمەد ئەو قوتابیەیە کە دانیشتووی گوندی بادینیالی سەرووە لە قەزای پشدەر، بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەی خۆی رۆژانە بە سواری کەر هەموو رۆژێ ٥ کیلۆمەتر رێ بە سواری کەر دەبرِێ بۆئەوەی بگاتە گوندەکەی دراوسێیان (گوندی دارەشمانە) کە قوتابخانەکەی ئەوی لێیە. ئەو منداڵە تەمەنی ١٠ ساڵە و هەموو بەیانییەك لە کاژێر ٧ سواری پیرە گوێدرێژەکەی دەبێت و بە نزیکەی ٥٠ خولەك دەگاتە قوتابخانەکەی، لەم بارەیەوە دەڵێت: "چەند رۆژێك بەپێ رۆیشتم بۆ قوتابخانەکەم، بەڵام زۆر هیلاك و برسی دەبووم و جانتاکەشم زۆر قورس بوو، بۆیە ئێستا بە گوێدرێژ دەچمە قوتابخانە، رۆژانە جانتای خوشکەکەشم لەگەڵ خۆم لەم گوێدرێژە باردەکەم".[1]

**رێگەی گەیشتن بە قوتابخانە**

| ژ | ساڵی خوێندن | قیر | تێکەڵە | خۆڵ | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٣٦١٩ | ٩٥٢ | ٦٢٩ | ٤٦ |
| | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٣٦٥٩ | ٩٢٩ | ٦٠٢ | ٤٤ |

1- http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=80034

### ٢٨. جیاکاری نێوان شارەکان:

وەزارەتی پەروەردە جیاکاری لەنێوان شارەکاندا دەکات، بۆ نمونە لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی پۆلی دوانزەدا ساڵی ٢٠١٨ یەك یەکەم هەبوو بەناوی (بەستە یاسین) بە کۆنمرەی (٦٩٤) لە پارێزگای سلێمانی، کەچی لەکاتی ڕاگەیاندندا وەزیر ڕایگەیاند دوو یەکەم هەیە یەکیان لە هەولێر و یەکیان لە سلێمانی، ئەمەو لەکاتێکدا جیاوازی نێوانیان (٢) نمرە بوو. دوای ئەوەی دەنگی ناڕەزایی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و کەسانی تری پەیوەندیدار لە ڕاگەیاندنەکاندا بەرزبوویەوە، وەزارەت ڕایگەیاند گوایە بۆ ئەو خوێندکارەی هەولێر نمرەی پۆلەکانی د و یانزەی بۆ ئەژمارکراوەو ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی نمرەکەی بەرزبێتەوەو ئەویش یەکەم بێت، لەکاتێکدا ئەو ئەنجامەی ڕاگەیەنرابوو تەنها ئەنجامی پۆلی دووانزە بوو نەك پۆلەکانی تر، ئەگەر ئەمەش وابێت دەبوایە ئەو نمرەیە بۆ سەرجەم ئەو خوێندکارانەی تریش ئەژمار بکرابوایە کە خوازیار بوون و نمرەکانیانی بەرزدەکردەوە، بێگومان ئەو کاتە زۆرینەی ریزبەندەکە گۆڕانکاری بەسەردادەهات، ئەوەی جێگەی ڕەخنەو سەرنجە ئەوەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە جۆرێك لە جیاکاری لەنێوان شارەکاندا بکرێت!



| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | بەستە یاسین حسین غفور | 694 | 99.14 | سلێمانی | [illegible] | ئاشیرینی نموونەیی | مێ | 102011050013 | 98 | 98 | 100 | 100 | 98 | 100 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07515020432 |
| دووەم | پەیام نایف جمال عبدالرحمن | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر | ئا ژیاری ئەهلی تێکەڵاو | مێ | 101010590361 | 98 | 98 | 100 | 100 | 100 | 96 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07501985562 |
| دووەم | سۆز سردار علی طاهر | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر | فاخیر مێرگەسۆری | مێ | 101010790153 | 98 | 98 | 100 | 98 | 100 | 100 | 98 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07504459953 |
| دووەم | محمد طالب عزیز احمد | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر | کۆلیجی قەڵا بۆ بەهرەمەندان | نێر | 101011490003 | 98 | 98 | 100 | 98 | 98 | 100 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 7508141044 |
| دووەم | احمد هیوا عبدالرزاق عثمان | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر | ئامادەیی ڕزگاری کوڕان | نێر | 101015250115 | 98 | 98 | 100 | 98 | 98 | 100 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | |
| دووەم | زینب مؤید حسین گل محمد | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر | ئامادەیی زەهرای زانستی کچان | مێ | 101015300085 | 98 | 100 | 100 | 100 | 100 | 94 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07502015076 |
| دووەم | مریم رمزی عثمان محمد | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر | ئامادەیی نیلۆفەری کچان | مێ | 101015750089 | 98 | 98 | 100 | 100 | 100 | 96 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07506719875 |
| دووەم | راویژ قادر حمدامین اسماعیل | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە | ئامادەیی حریری کوڕان | نێر | 101065050043 | 98 | 98 | 100 | 100 | 98 | 98 | 100 | | | دەرچوو خولی یەکەم | 07508315798 |
| دووەم | محمد صدرالدین حارس سعید | 692 | 98.86 | هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران | دواناوەندی سۆرانی نموونەیی تێکەڵاو | نێر | 101080520173 | 100 | 98 | 96 | 100 | 100 | 98 | 100 | | | | |

**لیستی ناوی یەکەمەکانی پۆلی ١٢ی ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨**

# تەوەرەی چوارەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە سیستەم و شێوازی وانەوتنەوە

### ٢٩. سەرەتای دەست پێکردنی دەوامی ساڵانە:

ڕۆژی دەستپێکردنی دەوامی ساڵی تازە، ئەمساڵ ڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢ بوو، لەکاتێکدا دەبووایە سەرەتای مانگی (٩) بێت، هەموو ساڵێك جۆرێك لەنادڵنیایی هەیە لەبارەی دەستپێکی دەوام کە نازانریت کەیە. ساڵانە دەوام بە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی نوێ و کۆنەوە دەستپێدکات و دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، نە مامۆستایان ئامادەیی تەواویان تێدایە بۆ وانەوتنەوەو نە خوێندکارانیش حەوسەڵەی گوێگرتن و فێربوونیان هەیە، چونکە هیچکامیان بەتەواوی و بەدروستی پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە. دەستپێکی خوێندن بەم کێشانەوە دەستپێدەکات: خوێندکاران کتێبی تەواویان بەرناکەوێت، کێشەی مامۆستایان هەیە لە پسپۆڕییە جیاوازەکان و تاماوەیەکی درێژ خوێندکاران مامۆستایان نابێت، کێشەی میلاکات دروست دەبێت لە قوتابخانەکاندا، تا زیاد لە هەفتەیەکیش بەخوێندکاران دەوترێت بڕۆن و سبەی وەرنەوە، چونکە هێشتا پێداویستیەکان ڕێك نەخراون و بەتەواوی دەوام دەستی پێنەکردووە ! مامۆستایان مووچەیان دەستکاری نەکراوەو کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەبێت و هەموو باس و خواسی مامۆستایان لەسەر مووچەدەبێت و وانەکان وەك خۆیان ناگەیەنرێت.

ساڵانە کە زەنگی خوێندن لێدەدات شوێنی پێویست بۆ منداڵ و خوێندکارانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دابین نەکراوەو هەر لەسەرەتاوە بە نادروستی پێشوازییان لێدەکرێت، مامۆستایان چاوەڕوانن لەکاتی دەستپێکردنی دەوامدا وەزارەتی پەروەردە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کەلەسەر کاغەز داویەتی بۆ خزمەتی پەروەردەو فێرکردن! بەڵام گرتەکان وەك خۆیانن و بەڵێنەکان هەر مەرەکەبی سەر کاغەزن، گرنگ بوو لەگەڵ لێدانی زەنگی خوێندندا دەرگای چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانیش بکرێتەوەو چارەسەریان بکەن! بەڵام لەبەرئەوەی بڕیار بەدەستانی وەزارەتی پەروەردە دونیابینییەکی ڕوون و دروستیان نییە، بۆیە هەموو ساڵێك لەدەسپێکی دەوامدا ڕووبەڕووی هەمان کێشەو گرفت دەبنەوە کە ساڵانی پێشتر هەبوون!

### ٣٠. پشوی زۆر و وەك پێویست جێبەجێنەکردنی ساڵنامەی خوێندن:

کەمی ڕۆژەکانی خوێندن کێشەیەکی ترە کە بەرۆکی پرۆسەی پەروەردەی گرتووە، چونکە دەبێت ماوەی خوێندن لە ٢٠٠ ڕۆژ کەمتر نەبێت. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا لە کاتی ئاساییدا، خوێندن ١٧٠ ڕۆژە، ئەمە سەرەرای ئەوەش زۆرکات بۆنە حزبییەکان دەکرێنە پشوو و دەوامی ڕەسمی بۆ ڕادەگیرێت. هەرچەندە ساڵانە لە سەرەتای دەوامدا ساڵنامەی خوێندن رادەگەیەنرێت، کە دەبێت ساڵانە ئەو ماوەیەی لە سیستەمی خوێندندا دیاریکراوە دەوام بکرێت، بەڵام بە دەگمەن وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت، چونکە پشوی لابەلا دێتە گۆڕێ و بەهۆی بێبەرنامەیی حکومەتەوە جاری وا هەیە چەند ڕۆژێك دەکرێت بە پشوو. ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەوە دەبێت کە ساڵانە پرۆگرامەکانی خوێندن تەواو نەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستیی خوێندکاران. سێ ساڵی ڕابردوی خوێندن خراپترین ڕەوشی پرۆسەی خوێندن بوو، ئەوەی کاری پێنەکراوە ساڵانامەی خوێندن بووە. ئەسڵەن کەمترین کاتژمێر دەوام کراوە.

### ٣١. كورتی پشووی نێوان وانەكان:

یەكێك لەكێشە سەرەكییەكان كە خوێندكاران زۆر هیلاك دەكات و هەمیشە بێزاریان پێوەدیارە ئەوەیە پشوی نێوان وانەكان ئێجگاركەمە كە "٥" خولەكە! خوێندكار ناتوانێت لەماوەی پێنج خولەكدا هەم لەفەیەك بخوات و هەمیش W. C، بكات لەكاتێكدا قوتابخانەیەك هەر چوار W. C تێدایە بۆ ٥٠٠ خوێندكار! بۆیە زۆر گرنگە پشوی نێوان وانەكان زیادبكرێت و خوێنكار هەست بە ئارامی بكات.

### ٣٢. گرفتی پەروەردە لەكاتی پشو:

پێویستە لەكاتی پشوی هاویندا پەروەردە خۆی خولی بەهێزكردنی وانەكان و خولی فێربوونی زمان و خولی هونەری و وەرزشی و چالاكی تەرفیهی ئەنجام بدات بۆ خوێندكارانی. چونكە خوێندكاران لەو ماوەیەدا لە فەراغدان و بەلای تردا دەچن، بۆ نمونە بە پێی وتەی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف سالّی ٢٠١٣ لە پشوی هاویندا (٤٠٠٠) و سالّی ٢٠١٤ (٦٠٠٠) منداڵ ناوی خۆی نوسیبو بۆ خوێندنی ئایینی لە مزگەوتەكاندا، مەسەلە ئەوە نیە منداڵ دەرسی ئایینی نەخوێنێ، بەلام خوێندنی بێ بەرنامەو بێ چاودێری بەو جۆرە گرفتی لێدەكەوێتەوە هەروەك لەسالانی رابردوودا بینیمان، هەرچەندە لەم سالانەی دواییدا (٢٠١٨-٢٠١٩) ئەو رێژەیە كەم بۆتەوە بەهۆی ئەوەی وەزارەتی ئەوقاف رێكی خستووە. بەلام لەسەر وەزارەتی پەروەردەیە پلانێكی هەبێت بۆ منداڵان لەكاتی پشوودا بەخولی هەمەجۆر سەرقاڵیان بكات، كە تا ئێستا هیچ پلانێكی نیە.

### ٣٣. سیستەمی قبوڵ مەركەزی:

سیستەمی قبوڵ مەركەزی یەكێكە لەو سیستەمانەی كە لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت و خولیا و هیواكانی خوێندكاران دەكوژێت، ئەم سیستەمە كۆنە و پێویستی بە گۆڕین و پێداچوونەوەو دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێكی تر هەیە. ئەمە كاری وەزارەتی پەروەردەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالآدا هەوڵی گۆڕینی بدات.

هەرچەندە ئێستا هەندێك گۆڕانی كەمی بەسەردا هاتووە، سیستەمی كردیت و راستەوخۆ و لەگەڵ قبوڵ مەركەزی بەكاردێت، بەڵام لەوەشدا كێشە هەیە. بۆنمونە گەلێ كات بەهۆی پەیوەندیی كەسییەوە خوێندكار لەچاوپێكەوتنی سیستەمی راستەوخۆدا وەرگیراوە.

جگە لەمە سالانە بە هەزاران خوێندكاری دەرچووی پۆلی ١٢ ناویان ناگەرێتەوە بۆ وەرگرتنیان لە زانكۆ و پەیمانگەكان، هەندێك لەوانە بەهۆی نزمی نمرەكانیان و بەشێكی زۆریشیان بەهۆی هەڵەی وەزارەتی خوێندنی بالاوەیە. بۆ نمونە لەسالّی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)، دوای ئەوەی دەرگای پێشكەشكردنی سكالا بۆ دەرچووانی قۆناغی ١٢ ی ئامادەیی كرایەوە، زیاتر لە ١٩ هەزار دەرچووی قۆناغی ١٢ ی ئامادەیی بەهەردوو خول سكالآیان تۆماركرد، لەو ژمارەیەش نزیكەی ١٦ هەزار خوێندكار ئەوانەبوون كەناویان لەهیچ شوێنێك نەهاتبووەوە. لەئەنجامی تۆماركردنی ئەو سكالآیانەدا، ١٥ هەزاو حەوت سەدو ٦٣ خوێندكاری دیكە لە زانكۆكان وەرگیراون كە پێشتر ناویان لە هیچ شوێنێك دەرنەچووبوو. بەپێی ئەمە لە ئێستادا كۆی گشتی وەرگیراوان بۆ سالّی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بریتییە لە ٤٣ هەزار و ٤٣٦ خوێندكار.

### ٣٤. هەڵپەساردنی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی لە قوتابخانەکاندا:

چوار ساڵ پێش ئێستا لە بڕیارێکی ناوەخت و بێ پێشینەدا وانەکانی (بیرکاری) و (زانست) ی پۆلی یەکەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان بە زمانی ئینگلیزی خوێندرا، ساڵی (٢٠١٥–٢٠١٦) وەك ئەزموونکردن لە چەند قوتابخانەیەکی کەم تاقیکرایەوە، دواتر بەشێکی زۆرتر لە قوتابخانەکان هەمان سیستەمیان پەیڕەو کرد و ساڵی رابردووش(٢٠١٧–٢٠١٨) زۆرینەی قوتابخانەکان چونە ژێر باری ئەو سیستەمەوە، کەچی ئێستە کە لەسەرەتای ساڵی خوێندنی(٢٠١٨–٢٠١٩) داین بەشێکی زۆر لەو قوتابخانانە لە رێگەی (رەزامەندی پەروەردەو یەکەی سەرپەرشتیاریەکان) پەشیمان بوونەتەوەو سیستەمەکەیان (خوێندنی وانەکانی بیرکاری و زانست بە ئینگلیزی) کردۆتەوە بە کوردی. تاقیکردنەوەی ئەم سیستەمە لەسەر زۆرینەی قوتابخانەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ و ئەزمون لەسەر کراوەکانیش، لێکدانەوەو مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوەو مامۆستایان و لایەنی پەیوەندیداریش لەو بارەیەوە قسەی خۆیان هەیە.

رۆژی ٢٦–تشرینی دووەم–٢٠١٨ لەکۆبوونەوەی سەرجەم بەڕێوەبەری پەروەردەگشتیەکان و بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان و سەرپەرشتیارە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (د.پشتیوان سادق) وەزیری پەروەردە، بەشێك لەو کۆبوونەوەیە تەرخان کراوە بۆ ئەو باسەو بەپێی سەرچاوەکان لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیری پەروەردە پێنج داوای بەپەلەی ئاراستەی ئامادەبووان کردووە یەکێك لەو داوایانە ئەوەیە (کارکردن لەسەر سیستمی بە ئینگلیزی کردنی وانەکانی بیرکاری و زانستەکان).

ئەم داوایە لەکاتێکدایە کە لەسەرانسەری پەروەردەی پارێزگای (دهۆك)دا سەرجەم ئەو سیستمە کۆتایی پێهێنراوە و کراونەتەوە بە کوردی کە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پەشیمان بوونەتەوە زیاترن لە(١٠٠) قوتابخانە و لە هەولێری پایتەختیش ژمارەیەکی ئێجگار زۆر پەشیمان بوونەتەوە کە پێدەچێت ژمارەیەکە زۆرکەمیان مابنەوە، ئەوانی تر کراونەتەوە بە کوردی. لە پارێزگای سلێمانی و هەردوو ئیدارەی (گەرمیان)و (راپەڕین) کاریگەری داخستنەکە کەمتر بووتەوە، هەرچەندە داخستن و پەشیمان بوونەوەکە بوەتە دیاردەو بەرپرسان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر هێڵن بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لێی بچنە دەرەوە(نەشیش بسوتێ نە کەباب)، بەڵام وادیارە کێشە پەروەردەیی و زانستیەکە ئەوەندە گەورەیە کە هەمووان ناتوانن لێی بێدەنگ بن یان بیانەوێت تێی بپەڕێنن.

### ٣٥. کۆبوونەوەکانی دایکان و باوکان لە قوتابخانەکاندا:

ئەگەر چی ماوە ماوە کۆبوونەوەی دایکان و باوکان لە قوتابخانەکاندا دەکرێت، بەڵام وەك پێویست سودی لێ وەرنەگیراوە. هاوکاری دایك و باوکان بۆ مامۆستایان و ئیدارەی خوێندنگەکان زۆر گرنگەو دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە رێك بخرێت و رێگەیەك بدۆزرێتەوە بۆ بە سیستماتیك بوونی و لە ئەنجامدا هەم باشتر چاودێری منداڵەکان دەکرێت و هەم جۆرێك فشاریش لەسەر مامۆستایان و ئیدارەی قوتابخانەکان کەم دەکاتەوە. زۆر قوتابخانە ساڵانە تەنها دووجار ئەم کۆبوونەوانە ئەنجامی دەدەن، ئەوەش بەکۆمەڵێك کەموکوڕی، ئەوەی گرنگە لێرەدا بەهەماهەنگی توێژەرو ئیداری قوتابخانە بکرێت، کارێکی گرنگە ساڵانە نەك هەر بۆ قوتابی، بەڵکو بۆکەسوکاری قوتابی تەنانەت کۆڕو سیمناری رۆشنبیری و هۆشیاری خێزانی بۆدایکان و باوکان لەمەڕ هەستیاری قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری و چۆنێتی ئاگابوون و ئاراستەکردن و پەروەردەکردنی قوتابی ئەنجامبدرێت.

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیارانی خوێندکاران و ستافی قوتابخانەکان زۆر کلاسیکیەو دەبێت بگۆڕیت و ئەوان بەشێك بن لەپرۆسەکە، بۆئەوەی نەوەیەکی تەندروست پێشکەشی کۆمەڵگا بکرێت پێویستی بەهەماهەنگی هەردوو لایە، نەك وەك رابردو هەتا ئێستاش تەنها بۆ هەواڵی دەرچون و دەرنەچون سەردانی قوتابخانە بکرێت. دەکریت وەزارەت خول تەنانەت بۆ دایکان و باوکان و سەرپەرشتیارەکانی ئەو منداڵانە بکاتەوە.

### ٣٦. شێوازی وانه وتنەوە:

شێوازی سەرکەوتووی وانە وتنەوە هۆکارێکی سەرەکیی تێگەیشتنی خوێندکارانە لە وانەکان و یەکێك لەو هۆکارانەشە کە مامۆستاو قوتابخانە لای خوێندکار خۆشەویست دەکات. بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان دەرچووی کۆلێژی پەروەردە نین و ئەو زانستەیان نەخوێندووەو شارەزای نین، یاخود ئەو مامۆستایانەی دەرچووی پیشەییەکانن یا دەرچوی ئامادەیین و سەردەمانێك بەهۆی پێداویستیەوە بە بڕیارێك بە مامۆستا دامەزران. بەشێکی زۆر لەوانە خولی پێویستیشیان نەبینیوەو شارەزای بوارەکە نین و ئەمەش گرفتێکی گەورەی پەروەردەیە.

شێوازی نوێی وانەوتنەوە پێویستی بە ژینگەیەکی لەبارە چ وەك مامۆستاو شوێن و کات و هۆی فێرکاری ئەوەش لەکوردستان نیە، یان وەك پێویست نیە، خۆی ناتوانین ئەوە بکەین بەمەرج کە هەر مامۆستایەك دەرچووی پەروەردەی بنەڕەتی بێت باش بێت بەڵکو ئەتوانین بڵێین دەکەوێتە سەر کەسایەتی مامۆستاکە خۆی، هەروەها ئەو سیستەمە چۆن ئیش لەسەر ئەوانە دەکات. بەداخەوە زۆربەی مامۆستایانی کوردستان کۆنترین شێوازەکانی وانەوتنەوە بەکاردەهێنن لەسیستمەکە، دەڵێت دەبێت قوتابی سەنتەر بێت بەڵام لەزۆربەی قوتابخانەکان هێشتا مامۆستا سەنتەرەو ئەمەش دەبێت کاری لەسەر بکرێت.

### ٣٧. بێ ئەنجامی کۆنگرە پەروەردەییەکان:

لە دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ساڵی١٩٩٢ هەتا پێش ئایاری ساڵی ٢٠١٥، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، چەند کۆنفرانس و کۆنگرەی پەروەردەیی گرتووە، هەر هەموو شیان بە کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردە کۆتاییانهاتووە. هەریەك لەو کۆنگرەو کۆنفرانسانە بە کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردە کۆتاییان هاتووە. وەك:

١- یەکەم کۆنفرانس نیسانی ١٩٩٧ لەهەولێر، بەبێ دیاریکردنی دروشمێك، لەسایەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمدا بەستراوە.

٢- دووەم کۆنفرانس لە رۆژانی ١٢ – ١٤ ی ئەیلولی ٢٠٠٠ لە هەولێر، بە دروشمی " لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو زانست لە کوردستانێکی خاڵی لە نەخوێندەواری " بەستراوە لەژێر سایەی وەزیری پەروەردە (عبدالعزیز تەیب أحمد).

٣- سێیەم کۆنفرانس لە رۆژانی ١٠ – ١٢ ی ئەیلولی ٢٠٠١ لەهەولێر، بەسەرپەرشتیی وەزیری پەروەردە (عبدالعزیز تەیب أحمد) بەستراوە، بەڵام هەمان دروشمی کۆنفرانسی دووەمی هەڵگرتووە.

٤- یەکەم کۆنگرە ... رۆژانی ٢٦ و ٢٧ / ٩ / ١٩٩٣ لە هەولێر، بە دروشمی " لەپێناو پەروەردەکردنی نەوەکانی کوردستان.. بە رەوشتی بەرز.. کوردایەتی رەسەن.. زانست و زانینی هاوچەرخ.. بنەماکانی دیموکراسی "، لەژێر سایەی وەزیری پەروەردە (دکتۆر ناسیح غەفور رەمەزان).

٥- دووەم کۆنگرە دۆکیۆمێنتێکی لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتدا نییە، بۆیە دەشێت بۆچوونەکەمان، بەوەی کۆنفڕانسی دووەم هەمان کۆنگرەی دووەم بێت، راست بێت (هەمان ئەو لینکەی سەرەوە بکەرەوە).

٦- سێیەم کۆنگرە ... رۆژانی ٢٣ - ٢٥ / ١٠ / ٢٠٠١ لە سلێمانی، بە دروشمی " گەشەپێدانی پەروەردە "، بە سەرپەرشتی وەزیری پەروەردە (نەرمین عوسمان).

٧-چوارەم کۆنگرە ... رۆژانی ٢٢ - ٢٤ / ٥ / ٢٠٠٧ لە هەولێر، بە دروشمی " گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا "، لەژێر سایەی وەزیری پەروەردە (دکتۆر دڵشاد عەبدولرەحمان) دا.

٨- کۆنگرەی رۆژانی ٩ - ١١ / ٥ / ٢٠١٥ لە هەولێر، بە دروشمی " گەشەپێدان... بەها مرۆییەکان "، لەژێر سایەی وەزیری پەروەردە (دکتۆر پشتیوان صادق) دا.

لەبارەی کۆنفرانس و کۆنگرە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستانەوە مامۆستا فوئاد قەرەداغی پێی وایە:

١) وەزارەتی پەروەردە لە یەکەم کابینەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات جێگیریی تێدا نەبووە، تائێستا (١١) وەزیری پەروەردە کاریان لەم وەزارەتەدا کردووە، هەر کابینەو وەزیرێکی پەروەردەی هەبووە، لەسەردەمی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەییشدا دوو وەزیری پەروەردە لەیەك کاتدا لە هەولێرو سلێمانی هەبوون. دانانی وەزیرەکان لەسەر بنەمای سیاسیی بووە، بۆیە هەندێك لەو وەزیرانە پسپۆڕی بواری پەروەردە نەبوون، ئەوەشی پسپۆڕ بووە سیاسەتی حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستی کۆتکردوون و نەیانتوانیوە پەروەردەییانە کاروباری وەزارەتەکە، دوور لە ململانێی حزبی، بەڕێوەببەن.

٢) بۆ بەشداریکردن لە کۆنفڕانس و کۆنگرەکاندا، پێوەرێکی پەروەردەیی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆنگرە نەبووە، لایەنی پسپۆڕیی بۆ بەشداریی لە تاوتوێکردنی راپۆرت و لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکاندا نەبووە، زێتر کاربەدەستانی دامودەزگاکانی پەروەردە رۆڵیان بینیوە، ئەگەر کەسانێکیش لە دەرەوەی ئەو دامودەزگایانە بانگهێشتی کۆنفڕانس و کۆنگرەکان کرابن، لەسەر بنەمای ناسین و نزیکبوونیان لە وەزیرو کاربەدەستە باڵاکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بووە، لەبەر ئەوە هەمیشە چالاکیی نێو کۆنگرەو گفتوگۆ لەسەر تەوەرەکان، لەلایەن چەند ئەندامێکەوە کراون کە لە پەنجەی هەردوودەست تێنەپەڕیون.

٣) سەرەتا کۆنگرەکان بە ناوی (کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردە) وە دەبەستران، دواتر ناوی کۆنگرەی پەروەردەییان لێنرا. لەواقیعیشدا وەزارەتی پەروەردە لەڕێی دامودەزگاکانیەوە بە کۆنگرەکانەوە خەریك دەبوو. جەماوەری مامۆستایان و دەزگا پەروەردەییەکانی خوارەوە کەمتر لێی ئاگادار بوون، یان هەتا پێش بەستنی بە ماوەیەکی کەم ئاگادار نەبوون، نەیانزانیوە تەوەرەکان چین، یان پاساوو ئامانجی کۆنگرەکان چییە و چ گرفتێکی گەورەی پێ چارەسەردەکەن. مامۆستایان بەشدارییەکی بەرچاویان لە کۆنگرەکاندا نەبووە. کۆنفڕانس و کۆنگرەکان - جگە لە کۆنگرەی چوارەم - خۆبەخۆی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی

کوردستان بەستراون، رای گشتی تیادا بەشدارنەبووە، دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵێکی بنەڕەتییان تێدا نەبینیوە، تەنانەت راگەیاندنی وەزارەتیش – دیسان کۆنگرەی چوارەمی لێدەرچێت – رۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا نەگێڕاوە.

٤) تەوەرەکانی هەر کۆنفرانس و کۆنگرەیەك راپۆرتیان لە بارەوە دەنووسرا، یان لە شێوەی لێکۆڵینەوەی لیژنەیەکدا ئامادە دەکران. شێوازی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ تەوەرەکان لە ئارادا نەبووە، سەرباری ئەوە چەند بارە بوونەتەوە. هەموو جارێك تەوەرەکان خراونەتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەنێوان کۆنگرەیەك و کۆنگرەیەکدا کەم و زۆرك لە تەوەرەکاندا هەیە، بەڵام بەتەواوەتی جیاوازنین.نەبوونی ئەم جیاوازییە نیشانەو بەڵگەی چارەسەرنەکردنی گیروگرفتەکان، یان مانەوەیان وەك خۆی بەدەستەوەدەدات.

٤) هەموو کۆنگرەیەك، دوای تەواوبوونی کارەکانی، راگەیاندنێکی کورت دەربارەی کارەکانی کۆنگرە بڵاودەکاتەوە، دواتر ئەنجامەکانی رادەگەیەنێت. زۆربەی کۆنگرەکان ئەنجامەکانیان بە شێوەی بڕیارو راسپاردە بەیاندەکەن، بەدیاریکراوی، لەرێی برگەو خاڵەوە سەرجەم بڕیارو راسپاردەکان، یەکە یەکە، یان لەژێر ناونیشان و تەوەرەی جیاوازدا دەخەنەڕوو.

لە کۆنفرانس و کۆنگرەکان وەزارەتی پەروەردەدا، چەند شێوازی جیا جیا بۆ ئەم دواکارەیان پەیرەوکراوە : کەمێکیان لەشێوەی (بڕیار) دایە، زۆربەیەکی لەژێر ناونیشانی (راسپاردە) دایە، بەشێکی بەرچاویش ناونیشانی (پێشنیار) یان بۆ دانراوە، بەشێکیدیکەی ئەم ئەنجامانە بە نووسینەو خاڵبەندیی نەکراون، زێتر خستنەڕووی باری سەرنجە بۆ ئەرکی ئەو بوارە پەروەردەییەی لێی دەدوێن، یان رێنماییکردنە بۆ کاری داهاتوو، تەنانەت بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی چوارەم سەبارەت بە " پرۆژەی گۆرینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن " وەك (رێککەوتنی کۆنگرە) لەسەریان باسدەکرێت نەك بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە. ئەمە جگە لە تێکەڵ و پێکەڵییەك لە نێوان ئەم شێوانەی خستنەڕووی ئەنجامەکاندا، کۆنگرەی سێیەمیش چەند بڕیارو راسپاردەیەکی کەمی داوەو، بۆ بڕیارو راسپاردە لەسەر تەوەرەکان، بڕیاری پێکهێنانی لیژەی بۆ دوای کۆنگرە داوە، واتە لە رۆژانی کۆنگرەو دانیشتنەکاندا نەیانتوانیوە بڕیارو راسپاردە لەسەر گشت تەوەرەکان و سەرجەم گرفتەکان وەربگرن.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو هەموو کۆنگرەو کۆنفرانسە پەروەردەییە کراوە، کەچی بەدەگمەن نەبێت بڕیار و راسپاردەکانیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەمی ساڵی ٢٠٠٧ نمونەیەکی بەرچاوە، ئەمە جگە لەو بڕیار و راسپاردانەی لەکۆنگرەی ساڵی ٢٠١٥ دا دران، کە هەموو تەوەرەکان لە لایەن بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران و زۆربەی تەوەرەکان تەنها رای خۆیانی لەسەر بوو. بە هیچ شێوەیەك رای ئەوانی دیکەیان بە هەند وەرنەدەگرت. نمونە تەوەری تاقیکردنەوەکان.


نەك هەر ئەمە وەزارەت بڕیار و راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەی لە کتێبێکدا چاپ کرد، کەچی لەبەر ئەوەی نەیتوانی جێبەجێیان بکات، هەم بڕیار و راسپاردەکانی لەسەر ماڵپەرەکەشیدا لابرد و شاردیەوەو هەم پشتگوێیخست!


# تەوەرەی پێنجەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە پرۆگرام

### ٣٨. هەڵەی زانستی لە پرۆگرامەکاندا:

بەشێك لە پرۆگرامەکان و کتێبەکانی خوێندکاران هەڵەی زانستیان تێدایە، کە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر لایەنی زانستی و سایکۆلۆجیای خوێندکاران دەبێت، هەرچەندە ئەم هەڵانە دەمێکە لەلایەن چەند مامۆستاو کەسایەتییەکی شارەزاو دڵسۆز و پەرۆشەوە دەستنیشانکراون، بەڵام هەر وەك خۆیان ماونەتەوەو هەموو ساڵێ بەوشێوەیە چاپ دەکرێنەوە کەس لە وەزارەت گوێی لێنەگرتوون، ئەمە ئەرکی سەر شانی وەزارەتە بە زووترین کات ڕاستیان بکاتەوە هەروەها لە کاتی دانانی پرۆگرامەکاندا ڕەچاوی تەمەن و لایەنی دەروونیی خوێندکاران نەکراوە و نموونەش گەلێك زۆرە. لێرەدا چەند نمونەیەك باس دەکەین:

١-لە لاپەڕە (١٠٦)ی پرۆگرامی مێژووی پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی لە بابەتی "مێژووی ڕۆژنامەگەی کوردی" نوسراوە ژمارە ٢٥-٢٩ ی (ڕۆژنامەی کوردستان)، لە شاری فولکستون لە ئەڵمانیا دەرکراوە، لە کاتێکدا شاری فولکستون لە بەریتانیایەو لەوێ ڕۆژنامەکە دەرکراوە نەوەك لە ئەڵمانیا! خوێندکار ئەگەر وەڵامی ڕاستیش بداتەوە لە تاقیکردنەوە هەر هەڵەیە، چونکە دەبێت وەك پرۆگرامەکە بەهەڵە وەڵام بداتەوە.





ڕۆژگارێکدا هەر لەڕیزی پێشەوەی خەباتگێڕانی نەتەوەدا بوون وە بەشێکی ڕووناکبیری دانەبڕاوی دیاربوون لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا.


یەکەمین ژمارە، لەیەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان)لە (٢٢)ی نیسانی (١٨٩٨)ن لە شاری قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەگ)و لە دواتریش لە لایەن(عبدالرحمن بەگ)ی برایەوە کە لە نەوەی بەدرخان پاشاو میری بۆتان بوون، دەرچوو. نەوەکانی بەدرخان پاشا، بۆ ئەوەی برەو بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری کولتووری کورد بدەن، پاشان لەناوچوونی میرنشینی بۆتان و دەربەدەربوونیان، هەستیان کرد، کە ڕۆژنامە باشترین و کاریگەرترین چەکە بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و ڕێگە پیشاندانی نەوەکانی، بەڵام کاربەدەستانی عوسمانی هەمیشە بەدوایانەوە ...دن و لەناوبردنیان، بۆیە هەر کاتەی لە ... ڕۆژنامەکە دادەخرا ...

ئەوەتا لە ژمارەی (١ —٥) لە قاهیرە وە ژمارەی (٦ —١٩) لە جنێف و ژمارە (٢٠ — ٢٣) جارێکی تر لە قاهیرە وە ژمارە (٢٤) لە لەندەن وە ژمارەکانی (٢٥ — ٢٩) لە (فۆلکستۆن ) لە ئەڵمانیا وە هەردوو ژمارە(٣٠ — ٣١) جارێکی تر لەجنێف لە سویسرا دەرچوون. ئەم دەربەدەری و ڕاونانە بەردەوامییە، خۆی خۆی دا باشترین بەڵگەی باری سەختی ڕۆژنامەگەری

جێگەی شانازییە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، لای ڕاستی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی نووسیویەتی (هەر جارەی دوو هەزار ڕۆژنامەی بە خۆڕایی ڕەوانەی کوردستان ئەکا تابیدەن بەخەڵك) وە لە وتارێکی تردا لە ژمارە ٣١دا ئەڵێ: (ئێوە ئەزانن من کوڕی ئەو پیاوەم کە

١٠٦

٢-لە کتێبی کۆمەڵناسی پۆلی دەیەمی وێژەیی، لە باسی ڕۆڵی تاك لە خێزاندا، ئاماژە بە ڕۆڵی باوك و کوڕی گەورەو کوڕی بچووك دەکات، بەڵام ئەوەی باسی ناکات ڕۆڵی دایك و خوشکە لە خێزاندا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاکاری ڕەگەزی و سەیرکردنی ئافرەتە بە پلە دوو کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان دەبێت، نەوەیەك ئا بەمشێوەیە پەروەردە دەکەیت و دواتریش پێی دەڵێیت ئافرەت یەکسانە بە پیاو و پێویستە ڕێزی لێبگیرێت و ساڵانەش کۆنفرانس و کۆنگرە لە و بارەیەوە ببەستیت!؟



## دەزگا کۆمەڵایەتییەکان

هەموو کۆمەڵگەیەك قەوارە و چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە لە چەند دەزگایەکی کۆمەڵایەتی بونیادگەری پێك هاتووە، ئەو دەزگایانەش مەبەست و ئامانجی خۆیان هەیە وەك دەزگاکانی ئایینی و خێزانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سەربازی. دەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە هەندێ ڕێسا و ڕێوشوێن و چەسپێنەر پێکهاتووە کە ڕەوشتی کەسەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵ یان ڕێکخراوەکاندا دیاری دەکات وەك خێزان و

هەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لە چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت و هەریەکەیان سەبارەت بە پایە و گرنگییان و لێپرسراویەتی سەرشانیان لە یەکتری جودان و هەندێکیان ڕۆڵی ڕابەریتی یان مامناوەندی یان ڕۆڵی سەرەتایی بە خۆوە دەبینن.. باوك ڕۆڵی ڕابەریەتی لە خێزان دەگێڕێت کەچی کوڕە گەورەکانی ڕۆڵی مامناوەندییان بەردەکەوێ، کوڕە بچووکەکانی ڕۆڵێکی سادە لە خێزان دەبین، ئەمانە هەموویان بە تێکڕا تەواوکەری یەکترین و هەر ڕۆڵێك تەواوکەری ئەویترە چ لە بارەی گرنگییەکان و چ لە بارەی ئەرکی سەرشانیان.

٣-بابەتی (جینۆسایدی گەلی کورد) بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی(زانستی و وێژەیی)، تەنها لە وەرزی دووەم دەخوێنرێت قەبارەکەی ١٠٥ لاپەڕەیە، ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە، وەکو ئەلف بێی دانانی کتێب هەموو کەس دەزانێت پێش دەستپێکردنی نوسین لەسەر هەر بابەتێك دەبێت چەمکەکان لەسەر ئەو بابەتە ڕوون بکرێتەوە دەنا ماناکەی ڕوون نابێت و باسەکە ناتەواو دەبێت، لە کتێبی (جینۆسایدی گەلی کورد) دەبوایە وەك هەموو کتێبێك، بەشی یەکەمی تایبەت بوایە بە مانا و چەمك و مێژووی جینۆسایدو جۆرەکانی وەك هەموو کتێبێك، بۆ ئەوەی فێرخواز بەو جۆرە بچێتە ناو بابەتەکەوەو بزانێت جینۆساید چییە، کەچی وەزارەتی پەروەردە خستویەتیە کۆتا بەش!!! کە لەوانەیە زۆرجار بە هۆی پشوو زۆری و چڕی کتێبەکەوە مامۆستا نەگاتە بەشی شەش، فێرخواز جینۆساید دەخوێنێت، بەبێ ئەوەی بزانێت جینۆساید چیە؟! گەر فێرخوازیش پرسیاری کرد دەربارەی چەمك و زاراوەی جینۆساید، مامۆستا دەبێت بڵێ جارێ زووە بۆ ئەو پرسیارە!



بەشی شەشەم
جینۆساید

زاراوەی جینۆساید:


جینۆساید زاراوەیەکە لە دوو برگە پێکهاتووە، جینۆ (Genos) وشەیەکی گریکیە بەواتای ڕەگەز یا بنەچە دێت، (caeder) وشەیەکی لاتینییە بەواتای لەناوبردن و پاکتاوکردن دێت، هەردوو وشەکە پێکەوە بەمانای پاکتاوی ڕەگەزی دێت.

بەکارهێنانی زاراوەی جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن شارەزای یاسایی پۆڵەندی (ڕافائیل لیمکین) لە مەدرید لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی ١٩٣٣ بەکارهێناوە و لەساڵی ١٩٤٢ بەنوسین تۆماریکردوە. ئەم یاساناسە تەواوی خێزانەکەی بە دەستی ئەڵمانەکان لەناوبردراون.

جۆرەکانی جینۆساید:


١- جینۆسایدی جەستەیی: بریتییە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، وەك (گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، شوێنبزرکردن، لەسێدارەدان و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ. بۆنمونە کیمیابارانکردنی گوندو لادێکان و شاری هەڵەبجە لە کوردستان، لەلایەن ڕژێمی عێراق و بەکارهێنانی چەکی فسفۆری و ژەهراوی دژ بە گەلی کورد، زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوەکان لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق، کوشتن و لەناوبردنی نێرینەی بارزانییەکان و گەنجە کوردە فەیلییەکان.


٨٩



٤- کۆمەڵناسی زانستێکی پەراوێزخراو!


لە یەک لاپەڕەی بابەتی"کۆمەڵناسی" پۆلی دەیەمی وێژەیی، کۆمەڵێك فەیلەسوف ڕیزکراون بەبێ ئەوەی هیچی لەسەر وترابێت، وەی لەو خوێندکارەی پرسیاریش لەسەر ئەو فەیلەسوفانە بکات. چونکە وەڵام وەرناگرێت و کتێبەکە هیچ ناڵێت لەسەریان! جگە لە وەرگێڕانی سەقەت ڕێنیسانس بە ڕاپەڕین وەرگێڕدراوە، لەڕاستیدا هەڵەیەو(بوژانەوە) ڕاستە. بیریار یان هزرڤان بە (بیرکار) وەرگێڕدراوە!کۆمەڵێك قوتابخانەی فیکری و تیۆری و فەلسەفی بەناوەکانی" قوتابخانەی دەروونی و قوتابخانەی مێژوویی و قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و قوتابخانەی بایلۆژی و قوتابخانەی ماددی" ڕیزکراوە،








بەڵام کتێبەکە هیچ ڕونکردنەوەیەك لەسەر ئەو قوتابخانانە نادات! یەکێك کۆمەڵناسیشی تەواو کردبێت، ئەگەر بەدواداچونیشی هەبێت، ئینجا دەتوانێت حەقی بابەتەکە بدات! کەچی نەك پسپۆڕی خۆی نییە لەخوێندنگاکان، بەڵکو ئەو مامۆستایانەش وەری دەگرن کە دورو نزیك پسپۆڕییەکانیان نزیك ناکەوێتەوە لەکۆمەڵناسی!

٥-لە وانەی (مێژووی شارستانیەکان)ی پۆلی دەیەمی ئامادەیی، ڕستەیەك هەیە هیچ مانایەکی نییە و نەگونجاوە، لەو ڕستەیەدا چەمکی (کودەتا) بەکار هاتووە، گوایە دۆزینەوەی کشتوکاڵ(کودەتا)یەك بوو لە ژیانی مرۆڤایەتی! ناکرێت (کودەتا) لەو سیاقەدا بەکاربهێنرێت! کودەتا چەمکێکی سەربازی و سیاسییە نەك شارستانی و کۆمەڵایەتی! هەرچەندە چەند ساڵ پێش ئێستا، لەسەر کەم و کورتییەکانی ئەم پرۆگرامە، ئەم سەرنجە بە بەشی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەش گەیەنرا و لەڕۆژنامەش بڵاوکرایەوە، کەچی هەر گوێی لێنەگیرا و چاك نەکرا!






٦- لە تازەترین چاپی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، لە بەشی ئەدەبەکەی دەڵێت گۆرانی شاعیر لە چۆمان لە دایك بووە، لەکاتێکدا هەموو کەس دەزانێت گۆران لە هەڵەبجە لەدایك بووە !


٧- لە مافی مرۆڤی پۆلی دەیەمی ئامادەیی نوسراوە ژمارەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩١ دەوڵەتە، لە کاتێکدا خۆی ١٩٣ دەوڵەتە !




٨- لە لاپەڕە ٤٥ کتێبی زانست بۆ هەموانی پۆلی شەشی بنەڕەتی، هەڵەیەکی زانستی زەق هەیە. لە ناونیشانی سەرەکی وێنەکە نووسراوە: زۆربوونی ڕووەکە لوولەدارەکان، ئەو ناونیشانە بۆ ئەو شەرحەی خوارەوە هەڵەیە، بۆچی؟ چونکە ڕووەکە لوولەدارەکان بە تۆو زۆردەبن نەك بە سپۆر، وەك ئەوەی لە شەرحەکەدا هاتووە. پێویست بوو ناونیشانی بابەتەکە بەم جۆرە بێت: زۆربوونی ڕووەکە لوولەدارە سادەکان، ئەم جیاکردنەوەیە لە رووی زانستییەوە زۆر گرنگە، چونکە بەشی هەرە زۆری ڕووەکە لوولەدارەکان بە تۆو زۆر دەبن نەك بە سپۆر.

ئەو گشتاندنەی لەو ناونیشانەدا هاتووە، هەڵەیەکی زەقە. ئەم کتێبە هەشت ساڵە بەو هەڵەیەوە چاپدەکرێت و ئەوانەی ساڵانە پێداچوونەوەیان بۆ کردووە هەستیان پێنەکردووە.



چالاکی (٤)

قوتابیی خۆشەویست، ساڵ چوار وەرزە و دوازدە مانگیشە، هەر وەرزێک سێ مانگە، ناوی مانگە کوردییەکان ئەمانەن:

| وەرزی بەهار | وەرزی هاوین |
| --- | --- |
| ١. خاکە لێوە (نەورۆز) | ٤. پووشپەڕ |
| ٢. گوڵان (بانەمەڕ) | ٥. خەرمانان |
| ٣. جۆزەردان | ٦. گەلاوێژ |

| وەرزی پاییز | وەرزی زستان |
| --- | --- |
| ٧. ڕەزبەر | ١٠. بەفرانبار |
| ٨. خەزەڵوەر (گەڵارێزان) | ١١. ڕێبەندان |
| ٩. سەرماوەز | ١٢ ڕەشەمێ |

خوێندکاری ژیر، ناوی مانگە کوردییەکان لەبەر بکە.

٢١

٩-لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لە لاپەڕە (٢١) کە باسی مانگە کوردییەکان دەکات بەهەڵە ریزبەندی ناوی مانگەکان کراوە. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان نەتوانن وەك پێویست مانگە کوردیەکان بناسن یاخود هەر ناوەو لەشوێنی خۆیاندا بەکاریان بهێنن.

### ٣٩. هەڵەی وەرگێڕان لە پرۆگرامەکان:


لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هەڵەی وەرگێڕان زۆرە و بابەتەکان کە وەرگێڕدراون وەك پێویست مانا نادەن بەدەستەوە و لە گەلی شوێندا مانای سەرەکیی مەبەستیان گۆڕیوە و ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە زانستەکە لنگەوقوچ بە خوێندکار بگات و دواتریش راستکردنەوەی زۆر سەخت دەبێت، هەرچەندە لەم بوارەشدا کەسانێکی دڵسۆز و شارەزا هەڵیانداوە راستبکرێتەوە بەڵام گوێیان لێنەگیراوە. کە دەتوانین بڵێین هەندێ کات ئەوەش یەکێکە لەهۆکارەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی مەلزمەو وانەی تایبەتی.

لە هەوڵێکدا ساڵی ٢٠١٢ مامۆستا هەورامان وریا قانیع لەچوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی (بۆ مێژوو، وەزارەتی پەروەردەو کارەساتی وەرگێڕان و شێواندنی زمان و وێرانکردنی زانست) لەسەر هەڵە زانستی و زمانەوانییەکانی کتێبی (زانست بۆ هەموان)ی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بڵاوکردەوە، بۆ ئەوەی هەوڵەکە شوێنی خۆی بگرێت نوسەر چەند وێنەیەکی لەو کتێبەی پێشکەش بە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمان کرد و لەو رێگەیەشەوە بە وەزیری پەروەردەو بەشی پرۆگرامەکان گەیەنرا بەمەبەستی بەدواداچوون و راستکردنەوەو پێداچوونەوەی هەڵەکان تا لە چاپی تازەدا راست بکرێنەوە، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت کە شەش ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە کتێبەکە بەهەمان هەڵەکانیەوە چاپ دەکرێتەوە. .






## ٤٠. هەڵەی زمان و هەڵەی چاپ لە پرۆگرامەکان:


(١٠ خولەك)
تێبینی دەکات و بەڵگە دەهێنێت  با قوتابییەکان سەیری وێنەی ئەم لاپەڕەیە بکەن.
بیرۆکەی ڕەخنەگر گرنگی بەکارهێنانی شوێنی خۆڵ و خاشاک (زبڵدان) لە دروستکردنی باخچە گشتییەکان و ڕووبەرە گیاییەکاندا چییە؟ چونکە زۆر گرانە لە ناوچەیەکی شارستانی سیستمە ژینگەییە سروشتییەکان بپارێزین بۆیە دروستکردنی پارك و باخچەی گشتی هەڵبژاردنێکی زانستییە لە ڕووی ژینگەو جوانی و دروستیدا.

پەرە بە زاراوە زانستییەکان بدە

زەوییە شێدارەکان لا ٩٩ ئەم زاراوە لێدراوە لەسەر بۆردەکە بنووسە. وە لە دەوری هەر وشەیەکیدا بازنەیەك بکێشە ڕوونیکەرەوە کۆکردنەوەی ئاو و وشکانی بونە هۆی ئەوەی کە زەوییە شێدارەکان بەنرخ بن بۆ نیشتگەی ڕووەك و گیانەوەران داوا لەقوتابییەکان بکە. ناوی ئەو گیانەوەرو ڕووەکانە بڵێین کەلەزەوییە شێدارەکاندا دەژین.

بەستن بە ڕۆشنبیرییەوە

کانزای شەب (زاغ) زۆرن ئەو کەسانەی کە ئاوی خواردنەوە لە بیریان ئاو کراوە ەردەگرن. بۆیە لە وەرزی باراندا پێویستە لەگەڵ کێشەی نیشتن هەڵسوکەوت بکەن بەهۆی جوولەی تەنۆچکەکانی خاك لەکاتی باران بارینداِ ئاوەکانیان لێڵ دەنێت و ناگونجێت بۆ خواردنەوە. لەگەڵ ئەوەی دانیشتووانی گوندەکان لە ولاتە هەژارەکاندا پاڵێوراوی ئاویان نییە، بەڵام ئەوان تاوێرێکی کەفەرێك، دیاریکراو بۆ ڕاکێشانی نیشتەنیەکانی ئاو ەکاردەهێنن. بۆ گۆڕینی ئاوە لێڵەکە بۆ ئاوێکی ڕوون و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا. اوێر (کەفەر)ی بەکارهاتوو خاوی زاغە، کە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی تەنۆچکەکانی خاك ەگەڵ یەکتردا تا دەنیشێن. و لەبەرئەوەی ئاوەکە ناجووڵێت بۆیە ئاوەکە بە پاکژی ەمێنێتەوەو بۆ خواردنەوە دەشێت.

٩٩ . بەندی ٢ . وانەی ٣

لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هەڵەی زمانەوانی زۆر هەیە و بە کوردییەکی کرچوکاڵ نووسراوون و لە ڕووی ڕێزمان و خاڵبەندیش ناتەواون و خاڵ و وێرگوڵەکانیان لە شوێنی خۆیان دانەندراون، ئەو هەڵانە لەگەڵ کاتدا بۆتە مایەی ئەوەی ڕستەو پەرەگرافەکان ماناو مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستبدەن و سەریش لە خوێندکار دەشێوێنێت، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خوێندکار دەبێت و بەهەڵە زانستەکە تێدەگات و ڕاستکردنەوەی زۆر سەخت دەبێت. سەرباری ئەوەی کەسانێکی پسپۆری ئەم بوارە دەمێکە بابەت و پێشنیاریان نوسیوە و هەڵەکانیان ڕاستکردۆتەوە، بەڵام گوێیان لێنەگیراوەو هەڵەکان هەر بەردەوامن. هەرچەندە هەڵەچن و سەرپەرشتیاری چاپیش هەیە، بەڵام گەڵێ هەڵە دەبینرێت کە هەڵەی چاپن لە پرۆگرامەکاندا و زۆرجار ئەم هەڵانەش بوونەتە مایەی ئەوەی کتێبەکان پوچەڵ بکرێنەوەو بودجەیەکی زۆریش بەهەدەر بڕوات. بۆ نمونە بڕوانە ئەم لاپەڕەیەی کتێبی زانست کە بە چ زمانێکی کرچ و کاڵ و شکستە نوسراوە: ئەگەر بەدواداچوون بکرێت هەڵەیەکی زۆری زمانەوانی و زانستی لەپرۆگرامەکاندا هەیە، ئەوانەی باسمان کردوون نموونەی مشتێك لەخەروارێك.

## ٤١. دۆگمایی پرۆگرامەکان:

گۆڕینی زانیاری و دەستکاریکردنی پرۆگرامەکان ئێجگار گرنگە، کە پێویستە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنرێت و ئەگەر ساڵانەش نەبێت چەند ساڵ جارێك گۆڕانی بەسەردابێت، ئەگەر گۆڕانکارییەکان گشتگیریش نەبن پێویستە بەشێکی، یا ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێت، بەڵام پرۆگرامەکانی هەرێمی کوردستان هەمان پرۆگرامن و وەك خۆیانن، بۆ نموونە بابەتێکی وەك مێژوو گرنگییەکەی لەوەدایە بۆ سود بینین و پەند وەرگرتنە، لە پرۆگرامی مێژوودا هەر مێژووە کلاسیکیەکەیەو باسی دەوڵەتێکی گرنگی وەك یابان یاخود ئەمریکا ناکات کە لەمێژوودا چۆن بوون بۆئەوەی خوێندکار بەراوردی بکات لەگەڵ ئەمڕۆدا کە چۆن بەمشێوەیە پێشکەوتون و ببێتە هوشیاری لایان و ڕەنگبداتەوە لە هەرێمەکەی خۆشماندا. یان لەپرۆگرامی جوگرافیادا داتاکان هەمووی کۆنن لەکاتێکدا ئێستا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە هیچ نوێش ناکرێنەوە ئەوەش خوێندکاران و مامۆستایان لەوانەکاندا ڕووبەڕووی گرفت دەکەنەوە.

## ٤٢. دوو زاراوەیی لە خوێندن:

هەموو میللەتێك زمانێکی یەکگرتوی هەیە بۆخۆی و ئەم زمانەش لە پەروەردەو خوێندنـەوە سەرچـاوە دەگرێـت و جێگیر دەبێت. لە هەرێمی کوردستانیشدا سـەرەتا هـەنگاو نـرا، بـەوەی کـە هـەردوو زاراوە تێکـەڵ بکرێـت و هـەنگاو هەنگاو و ساڵ بەساڵ گۆڕانی بەسەردا بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئێمەش ببین بە خاوەنی زمانی یەکگرتوی خۆمان.

بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵە پەکی خراو ئەوە چەند ساڵێکە زمانی کوردی دوو لـەت کـراو لـە چوارچـێوەی هەرێمـدا تەنها سـێ پارێزگـاین، کەچـی بـە دوو زاراوە دەخوێنرێـت و تەنانـەت پرۆگرامـەکانی خوێنـدنیش کـران بـە سـۆرانی و بادینی. ئەمەش گرفتێکی گەورەیـە و ئـەرکی سـەر شـانی وەزارەتـی پەروەردەیـە بەرنامـەو پلانـی جـدی و تۆکمـە و گونجاوی هەبێت بۆ چارەسـەر کردنـی. لەراسـتیدا ئـەرکی لەپێشـینەی وەزارەت و ئـەکادیمیای کوردییـە لـەوەدا رۆڵ ببینن، نەك سۆرانی و بادینی زەقکەنەوە، هەرچەند بوونی زمانێکی ستاندارد لەخوێندن لەو هەرێمە پڕ کێشە سیاسی و ئاریشە نەتەوەییەدا ئاسان نییە. ئەو هەوڵانەی بۆ ئەو بوارە هەن کرچ و کاڵن، نموونە لـەزمانی کـوردی لـەرێزمان و ئەدەبیش تەنها بەلاوەکی چەند وشەو رستە بۆشیکردنەوەو ئاشنابوون هاتوون، بەوەش قوتابی فێری زمانی کرمانجی خواروو نابێت، ئەوانیش بۆسۆرانی هەمان شت.




**نمونەی کتێبەکاتی دوو زاراوەیی سۆرانی و بادینی**

## ٤٣. قورسی کێشی کتێبەکان:



کتێبــەکانی خوێنــدن بــە شــێوازێك و جۆرێـك کاغــەز چـاپکراون کـە کێشـیان زۆر قورسـەو منـداڵان (بەتاییـەت تەمەنـــە ســـەرەتاییەکان) زۆر بـــە زەحمـــەت بۆیـــان هەڵـدەگیرێت و ئەمـەش هـەم کاریگـەری خراپـی لەسـەر تەندروستی منالەکان دەبێت و هەم دەبێتە مایەی بێـزاری منداڵانیش لە قوتابخانە.

ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی بایـەخ بـە تەندروستی دەدەن، چەندین لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە و هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتـەوە، کـە ئەوپـەڕی کێشـی جانتـای قوتابخانـە دەبێـت ١٠٪ی کێشـی قوتـابی بێت. کەچی زۆرجار ئـەو ڕێژەیـە تێدەپـەڕێنرێت و کێشـی جانتـای قوتابخانـە دەگاتـە ٢٦٪ی کێشـی قوتـابی. ئـەم واقیعە قوتابی ڕووبەڕووی زۆر زیان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغێکی تەمەندا کە جەستەی لە دۆخی گەشەکردندایە، بۆ نموونە ماندووبوون، ئازاری پشت، ئەگەری چەمێنەوەی بڕبڕەی پشت. ئەوە چۆن؟



# تەوەرەی شەشەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە مامۆستایان و توێژەری کۆمەلایەتی

### ٤٤. کەمی و زۆری مامۆستای میلاك:

میلاکی مامۆستا لە قوتابخانەکاندا وەك پێویست نیە، سەرباری ئەوەی پێشتر سالآنە ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستا دادەمەزران، کەچی لە گەلێ شوێندا میلاك کەمە، لە کاتێکدا ئەگەر ستاندارتێکی نێودەولەتی لەبەرچاو بگرین، یاخود بە بەراورد لەگەڵ ولآتانی تردا رێژەی مامۆستا زۆر زیادە لە هەرێمدا، بۆ نمونە لە ولآتێکی وەك تورکیا هەر مامۆستایەك (٢٥) خوێندکاری بەردەکەوێت بەلآم لە هەرێمی کوردستان هەر مامۆستایەك (١٧) خوێندکاری بەردەکەوێت. کەچی هێشتا لای خۆمان مامۆستا کەمە!

هەرێمی کوردستان کە (١٢٨٤٢٤) مامۆستای هەیە، پێمان وایە رێژەیەکی کەم نیە ئەگەر زیاد نەبێت! بەلآم هۆکاری ئەوەی کە هەندێك قوتابخانە بەدەست بێ مامۆستایی و کەمی مامۆستاوە دەنالێنن ئەوەیە کە نارێکی لە دابەشکردنی مامۆستادا هەیە، قوتابخانە هەیە رێژەی زیاد لە پێویستی مامۆستای هەیە، قوتابخانە هەیە ژمارەی مامۆستاکانی ئەگەر بەقەد خوێندکارەکانی نەبێت هیچی وای کەمتر نیە، قوتابخانەش هەیە بە نزیکەی (٧٠٠) خوێندکارەوە (١٠) مامۆستای هەیە. ئەمەش دیاردەیەکی ناتەندروستە و پرۆسەی پەروەردە سەقەت دەکات. کە هۆکاری سەرەکیش تیایدا دەست تێخستنی حزب و بەرپرسانە لەوەی کە رێگە نادرێت بەپێی پێویستی میلاك دابەش بکرێتەوە و بەرژەوەندی تایبەتی لەبەرچاو دەگیرێت نەك گشتی.

کەمی ژمارەی مامۆستای پێویست لە خوێندنگەکاندا ئاستەنگێکی تری بەردەم پرۆسەی خوێندنە، چەند سالێکە مامۆستا دانامەزرێت و ئەوەش گرفتی گەورەی دروست کردوە، جگە لەوەی نایەکسانیەکی زۆر هەیە لەدابەشکردنی مامۆستایان بەسەر قوتابخانەکان هەندێك لێیان زیادە هەندێکی تریش تا کۆتایی سالْ وانە هەیە ناخوێنرێت بەهۆی نەبونی مامۆستاوە. بەداخەوە دیسانەوە خزبایەتی و پەیوەندی کەسیەکانی بەرێوەبەرو سەرپەرشتیاران و بەرێوەبەرایەتیەکان هۆکاری ئەوەن. بەپێی لێدوانێکی وەزیری پەروەردە، هەرێمی کوردستان پێوستی بە ١٠ بۆ ١٥هەزار مامۆستای دیکە هەیە تا بۆشایی کەمی مامۆستای پێ پڕ بکاتەوە. لەم خشتانەدا ئاماری پێنج سالی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتە روو:

**مامۆستای میلاك**

| ژ | سالی خوێندن | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ٥١٥٧٢ | ٦٨٠٦٤ | ١١٩٦٣٦ |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٥١٢٢٤ | ٧١١٤٦ | ١٢٢٣٧٠ |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٥٣٥٤٠ | ٧٢٥٧٢ | ١٢٦١١٢ |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٤٣٨٩ | ٧٣٤٣٤ | ١٢٧٨٢٣ |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٤١١٠ | ٧٤٣١١ | ١٢٨٤٢٤ |

**مامۆستای وانەبێژ**

| ژ | سالی خوێندن | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ٤٧٧٠ | ٦٣٦٦ | ١١١٣٦ |

**مامۆستای مۆڵەت**

| ژ | سالی خوێندن | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ١٣٠١ | ١١٢٦٣ | ١٢٥٦٤ |
| ٢ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ١٤٠٦ | ١١٠٨١ | ١٢٤٨٧ |
| ٣ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ١٣٥٥ | ١٠٤٤٦ | ١١٨٠١ |
| ٤ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ١٤٣٠ | ٩٩٤٩ | ١١٣٧٩ |

### ٤٥. گرفتی دامەزراندن:

پرۆسەی دامەزراندن ئەگەر چی تا ئاستێکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەبەراورد لەگەڵ پێشتر باشترە، بەڵام هێشتا گرفتی تێدایە و وەك پێویست شوێنی خۆی ناگرێت و ئامانجەکانی پەروەردە نایەنەتە دی.

بۆ نمونە پێویستە لە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایاندا پەروەردە لەپاڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاماردا رۆڵی زیاتری هەبێت خۆی بڕیار بدات. چونکە پەروەردە خۆی دەزانێت چی پسپۆرییەکی زیاتر پێویستە و چی کاتێك پێویستە دامەزرێن و دەست بەکار بن. ساڵانە ئەو پلانەی کە دادەمەزرێن لە کاتی خۆیان زۆر زیاتر دوادەکەون و وەك پێویست سودیان لێنابینرێت. پسپۆرییەکان وەك پێویست نین کە بەپێی پێداویستی پەروەردە دامەزرێن. پرۆسەکە بەیەك جار راناگەیەنرێت و بە دوو جار یا بە سێ جار ئینجا تەواو ئەبێت. هەر ئەمەشە وای کردووە کە وەك پێویست ئەوانەی دادەمەزرێن دەستبەکار نەبن. هەرچەندە لەساڵی ٢٠١٤ وە دامەزراندن وەستاوەو تەنها ئەو مامۆستایانە نەبێت کە بەشێوەی گرێبەست دانراون.

### ٤٦. نەبوونی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان:

خۆ رۆشنبیرکردنی مامۆستایان یەکێ لە کۆڵەکەکانی بەهێزبوونی سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێکە، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە سیستەمی خوێندن و پرۆگرامەکان گۆڕاون. بەڵام مامۆستایان هەمان مامۆستای جارانن، بێگومان ئەمەش بەیەکدادان دروستدەکات و نە مامۆستاکان لە ئەرکی خۆیان سەرکەوتوو دەبن و نە سیستەمەکە وەك پێویست بەڕێوە دەچێت و نە پرۆگرامەکەش وەك پێویست دەخوێنرێت و لە ئەنجامیشدا خوێندکاران زەرەر مەند دەبن. ئەمە ئەرکی سەر شانی وەزارەت بوو کە بەشێوەیەکی بەردەوام خول بۆ مامۆستایان بکاتەوە بەڵام بەداخەوە کە وەك پێویست بەم ئەرکەی سەر شانی هەڵنەستاوە.

هەرچەندە وەزارت ساڵانە کۆمەڵێك کەس، بەناوی بەشداریکردن لەخول و بابەتی پەروەردەیی، دەنێرێتە دەرەوە. بەڵام دواتر کە دەگەڕێنەوە، نە کاریگەریەکەی لەسەر خودی ئەو کەسانە ئەبینین لەناو پرۆسەکە نە لەسەر تەواوی پرۆسەکە، جگە لەوەی لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە مامۆستا بەردەوام زانیاری و شێوازی وانەوتنەوە نوێبکاتەوە،

راهێنانی پێ بکرێت و سود لە ئەزمونی هەم راهێنەران و مامۆستایان و پسپۆرانی کورد وەربگرێت. هەروەها بیانیش بهێنرێنە کوردستان بەچاودێرییەوە خول بکەنەوە، بەڵام خولی بەهێزکردن تەنها لەپێناوی ئەوە نەبێت کە بڵێن خول کراوەتەوە، بەداخەوە ئەوانەی پێشو بەو شێوەیە بوون و سودێکی ئەو تۆیان نەبووە. پێشتر ساڵانە لەکاتی پشووی هاویندا خولی راهێنان هەبوو بۆ مامۆستایان، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەو خولانەش وەستاون.

### ٤٧. بڕینی موچەی مامۆستایان:

ئەگەر بەراوردی موچەی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ موچەی مامۆستایانی وڵاتانی تر بکەین، جیاوازی زەق بەرچاودەکەوێت و دەردەکەوێت کە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان لەم هەرێمە دەوڵەمەندەدا، چ موچەیەکی کەم وەردەگرن.

بۆ نمونە موچەی مامۆستایەك لە وڵاتی لۆکسمبۆرگ، هەر ئەوە نییە کە باشترین موچەیە لە جیهان، بگرە موچەی مامۆستا لە یەکەم ساڵی کارکردنیدا، زیاترە لە موچەی مامۆستا بە درێژایی ژیانی لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان. بەپێی داتا تازەکان کە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و گەشەپێدان OECD بڵاوکراوەتەوە، لە وڵاتی لۆکسمبۆرگ موچەی دەستپێکی مامۆستایەك کە خیبرەی نییە دەگاتە ٧٣ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا، موچەکەی لە کاتی خانەنشینبووندا دەگاتە ١٣١ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان موچەی مامۆستایەك لە لۆکسمبۆرگ، لەگەڵ موچەی مامۆستایەك لە ئێرلەندە هەیە. ئێرلەندە بە دووەم وڵات دادەنرێت لە بەرزی موچەی مامۆستا. لە کۆریای باشور کە سێیەم وڵاتە لە بەرزی موچەی مامۆستا، مامۆستایەکی تازە دامەزراوی بێ خیبرە، موچەکەی نزیکەی ٢٢ هەزار دۆلارە لە ساڵێکدا، دوای نزیکەی ١٠ ساڵ لە دامەزراندنی، موچەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٤ هەزار دۆلار، لەکاتی خانەنشینداو لە کۆتایی دوا ساڵی کارکردنیدا موچەکەی لەوانەیە بگاتە ٦٢ هەزار دۆلار. لە ئەڵمانیا کە لەسەر ئاستی جیهان، چوارەم وڵاتە لە بەرزی موچەی مامۆستا، مامۆستایەکی تازە دامەزراو موچەکەی ٤٦ هەزار دۆلارە لە ساڵێکدا، بە موچەی ٦٠ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا خانەنشین دەبێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە پلەی پێنجەندایە، مامۆستای تازە دامەزراو موچەی ساڵانەکەی دەکاتە ٣٧ هەزار دۆلار، لە کاتی خانەنشینبوندا دەگاتە ٦٠ هەزار دۆلار.

لەهەندێ وڵاتی تردا موچەی مامۆستایان کەمە، ئەو دە وڵاتەی کە تێیدا مامۆستا کەمترین موچە وەردەگرێت، بریتین لە: یۆنان، چیلی، مەکسیك، تورکیا، ئیستۆنیا، چیك، سلۆڤینیا، پۆڵەندە، هەنگاریا و کۆلۆمبیا. بۆ نموونە لە یۆنان مامۆستا لە تەمەنی خانەنشینیدا موچەکەی دەگاتە ٣٧ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا، ئەوە لە ئەمریکا موچەی مامۆستایەکی تازە دامەزراوی بێ خیبرەیە، لە چیلی لە تەمەنی خانەنشینیدا دەگاتە ٣٩ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا. مامۆستا لە کۆلۆمبیاو چیلی، لەبەرامبەر ئەو موچە کەمەی وەریدەگرن، زۆرترین کار دەکەن. مامۆستای کۆلۆمبیا لە ساڵێکدا نزیکەی ١٢٠٠ کاتژمێر لە قوتابخانە کاردەکات، لە چیلی نزیکەی ١١٥٠ کاتژمێر کاردەکات. بەڵام ئەم ئامارانە مانای ئەوە نییە، خوێندن لەو وڵاتانەدا خراپبێت، بەڵکو مانای ئەوەیە موچەکەیان کەمە. هەروەها مانای ئەوە نییە موچەی مامۆستا خراپە، لێرەدا مەسەلەکە پشت بە ئاستی مەعیشەت دەبەستێت لەو وڵاتانەدا. بۆنموونە لە کۆلۆمبیا

موچەی ساڵانەی مامۆستایەك دەگاتە ٦ هەزار دۆلار، بەڵام ئەگەرچی ئەم موچەیە جیاوازییەکی هێجگار گەورەی لەگەڵ موچەی مامۆستایەکی لۆکسمبۆرگ هەیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت بڕێکی باش لە پارەکەی پاشەکەوت بکات بە بەراورد بە مامۆستای هەندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان.

هەر بۆ نمونە تێکرای موچەی بنەڕەتی مامۆستایەك ساڵانە لە کوەیت ٤ هەزار دۆلار و لە قەتەر ٤٩٤٤٠ دۆلار و لە تورکیا ٨٠٠٠ دۆلار و لە ئوردن ٧٥٠٠ دۆلار، سەرباری ئەمەش بەپێی بارودۆخی وڵاتەکانیان کە ئاسانکاری و پێداویستی تریان بۆ ابین کراوە خۆشگوزەران پێی دەژین. کەچی لەکوردستاندا نەك هەر موچەی مامۆستا کەمە، بەڵکو ئەو کەمەش کراوە بە نیوە و چارەك و چەندین مانگ ئەو نیوەو چارەکە موچەیەشیان وەرنەگرتووە!

### ٤٨. جیاوازی لە موچەو دەرماڵەی مامۆستایان:

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە پێی سیستەمی موچە لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازی لەموچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی مامۆستایان هەیە و لە هەموو ناوچە و پارێزگاکاندا وەکو یەك نیە و ئەمەش ناڕەزایی لەلایەن مامۆستایانەوە لێکەوتۆتەوە، سەرباری ئەوەی دەیان یاداشت و داواکاری لەم بارەیەوە دراوە بە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی پەروەردەو دارایی کەچی تا ئێستا وەك خۆی ماوەتەوەو چارەنەکراوە.

جگە لەمە مامۆستایان بەهۆی پاشەکەوتی موچەوە ماوەی سێ ساڵ نیوەو چارەکە موچەیان وەرگرتووەو چەندین مانگیش موچەکەیان پێنەدراوە، کە ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر گوزەرانی مامۆستایان هەیە.

### ٤٩. بایکۆتی مامۆستایان:

یەکێك لەگرفتەکانی پەروەردەو پەك کەوتنی دەوامی خوێندن لەم ساڵانەی دواییدا بایکۆتی مامۆستایان بوو، کە بەهۆی پێنەدانی موچەکانیانەوە لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان و راپەڕیندا کرا، دیارە هۆکاری ئەم بایکۆتەش حکومەت لێی بەرپرسیار بوو نەك مامۆستایان، چونکە مامۆستایان داوای مافێکی رەوای خۆیان دەکرد کە تەنها وەرگرتنی موچەکانیان بوو لەکاتی خۆیدا، لەکاتێکدا بۆ چارەکە موچەش کەم ببویەوە، کەچی وەزیری پەروەردە پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی راگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ئەزموونە گشتییەکانی خولی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ لەبارەی خراپی بارودۆخی پەروەردە هێرشی کردەسەر مامۆستایانی سلێمانی و دەڤەری گەرمیان بەوە تۆمەتباریانی کرد کە بایکۆتی خوێندنیان کردووە پرۆسەی خوێندنیان دواخستووە. بەڵام باسی لە کەمتەرخەمی حکومەت نەکرد!

ئەگەرچی بایکۆتی ئاشکرای مامۆستایان تەنها لە سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیاندا بوو، بەڵام رەوشی دەوامی مامۆستایانی هەولێر و دهۆکیش لەوان باشتر نەبوو چونکە لەو دوو پارێزگایەشدا بایکۆتێکی شاراوە هەبوو کە رانەگەیەنرابوو.

زۆر باسی کاریگەری بایکۆت دەکرێت لەسەر خوێندکار، بەڵام بەدڵنیاییەوە کۆی بارودۆخی قەیران کاریگەری لەسەر پرۆسەکە هەیە ئەنجام رێژەی دەرچون لەشارەکاندا سەلمێنەری ئەو راستیەیە.

## ٥٠. شكاندنی کەسایەتی مامۆستا:



بریندارکردنی مامۆستایەك لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لە دهۆك

مامۆستایەتی بەرزترین پیشەیە و هەرچی کەسایەتی و شارەزاو زاناو سیاسی و ناوداری کۆمەڵ هەیە، لەسەر دەستی مامۆستا پێدەگەن، بەداخەوە وەك پێویست رێز لە مامۆستا نەگیراوە و وەك پێویست پێداویستی و ئیمتیازاتی بۆ دابین نەکراوە، موچەی وەك پێویست نییە، بۆیە لەدوای دەوام بەناچاری پەنا بۆ پیشەو کارێکی تر دەبات بۆ بژێوی ژیانی، بەتایبەت لەم سێ ساڵەی دواییدا کە مامۆستا لەبەر بێ پارەیی پەنای بردۆتە بەر فرۆشتنی کەلوپەلە زۆر پێویست و خۆشەویستەکانی، جگە لەوەی بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپەوە، ئێستا قەرزارن. بۆیە مامۆستا لەدۆخێکی ناجێگری لەو شێوەیەدا ناتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت،




پەلاماردانی مامۆستایەکی بەتەمەن لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە کە جلی مەدەنیان پۆشیبوو لە هەولێر

دابین نەکردنی بژێویی ژیانی مامۆستایان جگە لەوەی کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی ئەوان کردووە، هاوکات بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لەڕوی زانستیشەوە لاوازبوون، چونکە هێندەی بەرێکردن و تەواوکردنی پرۆگرام یان خوێندنی چەند بابەتێك بووە، هێندەی بەخەمی ئەوەوە نەبووەو کاتی ئەوەشی نەبووە کە ژینگەیەکی گونجاو برەخسێنێت.


شەهید مامۆستا هێرش عومەر لە کۆیە

لە گەڵ کاتیشدا دەبینین کەسایەتی مامۆستاش لە قوتابخانەکاندا دەشکێت و و هەمان ئەو توند و تیژییەی لەلایەن هەندێك مامۆستاوە بەرامبەر بە خوێندکاران دەکرێت، پێچەوانەکەیشی هەیە. هۆکاری سەرەکیش روانین و مامەڵەی دەسەلآت و ئەقڵیەتی سیاسییە کە چۆن دەڕوانێتە سێکتەری پەروەردەو مامۆستایان. تا دەسەلآت بەو تێگەیشتنە خراپەی مامەڵە لەگەڵ پەروەردە بکات، کەسێتی مامۆستا باڵا ناکات و داهێنان و دروستکردنی مرۆڤ و دیدگای نوێش لە ئاستێکی لاوازو خراپدا دەبێت.

ئەوەی لەماوەی بارودۆخی قەیراناوی کوردستاندا زۆرترین قوربانی دا، مامۆستایان بون و بەهەمو شێوەیەك کەسایەتیان شکێندرا، لەکاتێکدا ئەوان بوونە پێشەنگی زیاتر لە ٦٣ خۆپیشاندان لەپێناوی گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان، بەداخەوە حکومەت گەورەترین سوکایەتی بە مامۆستایان کرد. بۆ نمونە چەندین بەڵێنی پێدان و هیچی جێبەجێ نەکرد. لە ساتی خۆپیشاندانەکانی ئازاری ٢٠١٨ دا کە مامۆستایان بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانیان کردیان، هێزە ئەمنیەکان بەجلی مەدەنییەوە بەجۆرەها شێواز ئازاری مامۆستایانیاندا، بۆ نمونە: هێرشکرایە سەر مامۆستایەکی خانەنشینکراوی بەتەمەنی هەولێر، جگە لە سوکایەتیپێکردن زۆریشیان لێدا و زیاتر شکۆی مامۆستا شکێنرا. هەرچەندە لەمبارەیەوە لێژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتیی هەولێر، لە نووسراوێکدا کە ئاڕاستەی دادگای لێکۆڵینەوەی شارەکەی کردووە، داوای جووڵاندنی سکاڵا لە بەرامبەر ئەو دوو کەسە دەکات کە لە خۆپیشاندانی شاری هەولێردا هێرشیان کردووەتە سەر مامۆستاکە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی
لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی/ هەولێر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العدل
رئاسة الادعاء العام
لجنة اقامة الدعوى بالحق العام/ اربيل

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە/ No:
ڕێکەوت: / / ٢٧١٨ ی کوردی — Date 27 3 2018

بۆ/ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر
ب/ جولاندنی سکالا

ئاماژە بەحەکامی ماددە (٢) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە ١٥٩ بۆ ساڵی ١٩٧٩ ی هەموارکراو وە لە سۆنگەی پاراستنی مافی گشتی و پیادەکردنی سەروەری یاسا . بەگوێرەی گرتە ڤیدیۆیەک لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆتەوە لەخۆپیشاندانەکانی ڕۆژی یەکەمی شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٥ دووکەس هەڵدەستن بە هێرشکردنە سەر مامۆستایەکی بەتەمەن و لێی دەدەن لە پێش پارکی شانەدەر . وە ئەم کارە بە تاوان هەژمار دەکرێت و بێ ڕێزیە بەرامبەر شکۆی مامۆستا بۆیە لیژنەی تۆماری داوای مافی گشتی هەولێر داوادەکات بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی دەرحەق بەم دووکەسە دوای زانینی ناوی سیانیان .... بفەرموون لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ:
CD گرتە ڤیدیۆیەکە لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆتەوە.

دادوەر
طه عبدالغفور عبدالقادر
ج.بەپرسی فەرمانگەی داواکاری گشتی
هەولێر

وێنەیەک بۆ:
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی/ دەستەی مافی گشتی.
- فەرمانگەی داواکاری گشتی هەولێر/ لیژنەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی.

saman

**نوسراوی داواکاری گشتی سەبارەت بە پەلاماردانی مامۆستاکەی هەولێر**

جگە لەمە لە زۆربەی خۆپیشاندانەکاندا، هێزە چەکدارەکان بە توندترین شێوە، ڕووبەڕووی مامۆستایان بوونەتەوەو بریندارکیان کردوون و ئازاریان داون، تا ئاستێك لە ئەنجامی تەقەکردندا مامۆستاش شەهید بووە. بۆ نمونە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٩ مامۆستا (هێرش عومەر)، یەکێك لەبریندارەکانی خۆپیشاندانەکان کە بەتەقەی هێزە ئەمنیەکان لەبەردەم مەڵبەندی کۆیەی یەکێتی بریندارببوو، دوای نۆ ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە لەهەولێر شەهید بوو. لەم بارەشەوە هەرچەندە لەدادگای کۆیە سکاڵا تۆمار کراوە، بەمەبەستی سزادانی بکەرانی ئەم تاوانە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بێ ئەنجام بووەو تۆمەتباران ئامادە نەبوون بچنە بەردەم دادگا.

ئەمەو توندوتیژی بەرامبەر مامۆستایان هەندێ کات لەلایەن خوێندکاران یا کەسوکاریشیانەوە کراوە، بۆ نمونە لە کانی قرژاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر، لەلایەن خوێندکارێکەوە لە خوێندگایەکی ناحیەکەدا، هێرشکرایە سەر مامۆستایەك و بەسەختی بریندارکرا. لەماوەی ڕابردوودا چەندین حاڵەتی لەو جۆرە دووبارەبوونەتەوە. یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش هەستی بەم دیاردە خراپە کردووە، هەر بۆیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکار و گەڕانەوەی شکۆی مامۆستا لە خوێندنگەکاندا پرۆژە یاسایەکی ئامادە کرد و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کرد، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژەیاسایە کاری لەسەر نەکراوە..

### ٥١. کێشەی وانەبێژ و گرێبەستەکان:

لەم ساڵانەی ئەم دواییەدا کە دامەزراندنی مامۆستا نەماوە، یا کەم بۆتەوە، بۆ پڕکردنەوەیەی ئەم بۆشاییەو دابینکردنی مامۆستا وەزارەتی پەروەردە هانای بۆ دابینکردنی مامۆستا بردووە بە شێوازی وانەبێژ، بەڵام مامۆستایانی وانەبێژیش بێ کێشە نین، زۆرینەیان لە لادێ دوورە دەستەکاندا وانەدەڵێنەوە، ماوەی ٥-٦ ساڵە گرێبەستیان بۆ کراوەو بەڵێنیان پێدراوە کە بۆیان بکرێت بە هەمیشەیی، بەڵام تا ئێستاش بۆیان نەکراوە، موچەی ئەو وانەبێژانەی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار و بەکالۆریۆسیش (٤٥٠٠٠٠) چوار سەدوپەنجا هەزار دینارە. کە هەم جیاوازی لە موچەکانیاندا هەیە لەگەڵ هاوتاکانیان و هەم بەڵێنی بوون بەهەمیشەییان بۆ جێبەجێنەکراوەو لە دڵەراوکێدان. جگە لەمە کردەی بەناو پاشەکەوتی موچە ئەوانیشی گرتەوە کە موچەکانیان سەرباری کەمی بڕەکەی بوو بە نیوە. گرفتێکی تریش سەرفکردنی کرێی وانەی وانە بێژەکانە کە لە بری مانگانە ساڵی دوو جار (لە وەرزی یەکەم و دووەمی خوێندن) بۆیان سەرفکراوە.

بەپێی ئاماری پەروەردە ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ لە سەرجەم هەرێمدا (١١١٣٦) مامۆستا وەك وانەبێژ گرێبەستیان بۆ کراوە کە لەوانە (٤٧٧٠) ی نێر و (٦٣٦٦)ی لە رەگەزی مێن.

### ٥٢. هەڵس و کەوتی هەندێك لە مامۆستایان:

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هەڵس و کەوتی هەندێك لە مامۆستایان هەر وەکو سەردەمانی پێشوو و ماوەتەوە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و ئێستاشی لەگەڵدابێت توندو تیژی دەنوێنن بەرامبەر بە خوێندکاران. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کەوادەکات خوێندن لەبەر چاوی خوێندکاران ناشیرین بێت و لێی دوور بکەونەوە، یا هیچ نا ئارەزوویان نەمێنێت و هەر بەڕێی بکەن. کە پێویستە رێ و شوێنێك بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دابنرێت.

ئەوەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت کەسایەتی و هێزو توانای مامۆستایە، چونکە دەتوانێت زۆر شت بگۆڕیت لە قوتابخانەو کۆمەڵگا بەڵام بەهۆی ئەو بۆشاییانەی کە هەیە لەکەسایەتی مامۆستا چ وەك پیشە و چ وەك کەسایەتی نەیان توانیوە ئەو رۆڵەیان هەبیت و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان چێژ ببینین لە ئازاردانی خوێندکارو شکاندنی کەسایەتیان و بەخاڵی بەهێزی خۆیانی بزانن. مامۆستاکانی ئێمە باس لەکۆنترۆڵکردنی پۆل دەکەن نەك بەڕێوەبردنی پۆلێکی دیموکراسیانە هەر بەوەدا تێدەگەین چی دەگوزرێت.

بەکورتی هەندێك مامۆستا بەکەڵکی وانەوتنەوەو پەروەردەکردن نایەن، ئەقڵی نەگۆڕو توندووتیژو چەسپاوو، بڕوانەبوونی بەدیموکراسییەتی ناوەندەکانی خوێندن و بەسەنتەربوونی قوتابی، ناتوانێت ئینسانێکی نوێ و ئەقڵی هاوچەرخ دروستبکات. ئیشی وەزارەتە مشوری ئەو لایەنە بخوات. لەم بارەیەوە پەروەردەناس و نووسەری بواری پەروەردە "فایەق سەعید" لەمبارەیەوە دەڵێت:"چاکتر وایە بەم سیستەمە بڵێین سستمی فێرکردن، نەك سیستەمی پەروەردەیی، ئەم سیستەمە بریتییە لەوەی چۆن منداڵ بەخراپترین شێوە فێربکەین و پەروەردەبکەین، چۆن منداڵ فێری شەڕانگێزی و هێرشکردنە سەر ئەوانی تربکەین" دەربارەی مامۆستاش دەنووسێت:" لە رووی پەروەردەو مامەڵەکردنی منداڵەوە، تاوەکو ئێستاش مامۆستاکانی ئێمە، هیچ جۆرە تێگەیشتنێکیان بۆ پێناسەی پیشەکەیان نییەو نازانن میکانیزمەکانی کارکردنی مامۆستا چییە" هەروەها دەڵێت:" تا بۆمان بکرێ منداڵ هەراسان دەکەین و

بەهاكانی تێك دەشكێنین". شێرزاد حەسەنیش پێی وایە سیستمی فێركردن لەم وڵاتەدا لە قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا تێپەڕی نەكردووە" هەروەها دەنوسێت " ئەوەی لە كوردستان دەگوزەرێت پەروەردەیەكە ئیش لەسەر لێسەندنەوەی عەقڵ دەكات.

### ٥٣. گرفتی نازناوی زانستی:

بەپێی ئاماری ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨) لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەدا (١٠٠) مامۆستا هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا و (١٧٤٠) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و (٢٨٩) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا هەیە، یەكێك لەگرفتەكانی ئەو مامۆستایانە وەرگرتنی نازناوی زانستیە كە ڕێگرییان لێكرابوو و پێیان نەدەدرا.

هەرچەندە ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی كوردستان یاسایەكی تایبەتی دەركرد بە ناوی (یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی(٢٠١٢): یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزكردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا كە لە دەرەوەی دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا خزمەت دەكەن لە هەرێمی كوردستان – عێراق) كە بەپێی ئەم یاسایە هەڵگرانی بڕوانامەكانی ماستەر و دكتۆرا وەك هاوتاكانیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ڕێكارەكان بۆیان هەبوو نازناوی زانستی بەدەست بێنن، بەڵام یاساكە نەچووە بواری جێبەجێكردنەوە بەهۆی ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیڕەوی بۆ دەرنەكرا! تا ساڵی ٢٠١٨ شەش ساڵ لە دەرچوونی یاساكە ڕێنماییەك دەرچوو بەڵام تا ئێستا وەك پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێكردنەوە.


بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق

پشت بە حوكمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١٢/٩/١٧ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٢**

**یاسای بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزكردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا كە لە دەرەوەی دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا خزمەت دەكەن لە هەرێمی كوردستان – عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

یەكەم: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرا یان ئەو بڕوانامەی هاوتایانە، لە فەرمانگەو دامەزراوە فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان، كە لە دەرەوەی فەرمانگەو دامەزراوەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خزمەت دەكات، مافی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و بەرزكردنەوەی زانستیی هەیە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

دووەم: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرا یان ئەو بڕوانامەی هاوتایانە، كە لە كەرتی تایبەت كار دەكات، مافی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی و بەرزكردنەوەی زانستیی هەیە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوێكی تایبەت بە بەخشینی نازناوی زانستی و بەرزكردنەوەی زانستی، بۆ جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە، دەربكات.

**ماددەی سێیەم:**

ئەوانەی حوكمەكانی ماددەی یەكەم (یەكەم)ی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەرماڵەی نازناوی زانستییان پێ دەدرێت بەپێی ئەو پێڕەوەی كە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەكات.

**ماددەی چوارەم:**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەكانە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.


**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

**هۆیە پێویستكارەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی هاندان و پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە هەرێمی كوردستان و مسۆگەر كردنی مافەكانیان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.


تێبینی / ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە( ٢٠ ) لە ٢٠١٢/١٠/٧ لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوێنرا.


**یاسای ژمارە ٩ ی ساڵی ٢٠١٢ ی تایبەت بە نازناوی زانستی كە مامۆستاكانی پەروەردە دەیانگرێتەوە**


### ٥٤. نەبوونی پسپۆریی پێویست بۆ وانە وتنەوە:

سێ بابەتی گرنگ و هەستیاری وەكو "كۆمەڵناسی" و " فەلسەفە" و "ئـابوری"، كـە لـە پۆلـەكانی دەو یـازدەی ئامـادەیی دەخوێنرێـت، كۆمیـدیا ئەوەیـە هـیچ مامۆسـتایەكی پسـپۆڕی ئـابوری و فەلسـەفەو كۆمەڵناسیشـی نییـە ! ئەوانەی دەیڵێنەوە زۆربەیان مامۆستای مێژوو یا جوگرافیان، لە كاتێكدا مامۆستایانی مێژوو و جوگرافیا ئەوەی بەلای ناچن لە خوێندنی زانكۆ پسپۆڕییەكانی فەلسەفەو ئابوری و كۆمەڵناسییە ! باشە ئەو دوو وانەیـە چـۆن دەوترێنـەوە ؟ لە كاتێكدا كۆمەڵناسی و فەلسەفە لە وانەكانی تر ئاڵۆزو قورسترنەبن ئەوە بێگومان سـاكارو ئاسـانیش نـین، تراژیـدیا ئەوەشە ئەو دوو وانەیە ناونراون بابەتە پەراوێزخراوەكان، نەوە وا دروست دەكرێت و پەروەدە دەكرێت ! ؟

جگە لەمە ئەم سێ بابەتە گرنگ و هەسـتیارن، بەشـی وێـژەیی بـۆ یـەك سـاڵ دەیخـوێنن، كەچـی بەشـی زانسـتی نایخوێنن، ئێمەپرسیاردەكەین فەلسەفەوكۆمەڵناسی و ئابوری تەنها خوێندكاری وێژەیی پێویستی پێیـەتی و دەچـێتە ناو كۆمەڵگا، یان خوێندكاری زانستیش، ئایـا خوێنـدكاری زانسـتیش پێویسـتی بـە كۆمەڵناسـی و فەلسـەفەو ئـابوری نییە ؟



### ٥٥. خانو و شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایان:

ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان کە خاوەن خێزانن خاوەنی خانو و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان نین و کرێچین. ئەمەش وای کردووە کە دوای دەوام بەدوای کاری تردا بگەڕێن بۆ دابین کردنی کرێی خانوو و بژێوی ژیانیان و ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی مامۆستا وەك پێویست نەپەرژێتە سەر زیاتر خۆ رۆشنبیر کردن و وەك پێویست مافی وانەکە نەدات. هەرچەندە لێرەو لەوێ هەندێك هەوڵدراوە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەندێك لە مامۆستایان دابین بکرێت، بەڵام ئەمانەش وەك پێویست نەبوون و تێبینی زۆریان لەسەرە.

ئەمە گرفتێکەو پێویستە وەزارەتی پەروەردە خۆی بە خاوەنی بزانێت و هەنگاوی جدی بنێت بۆ چارەسەرکردنی. هەرچەندە چەند پرۆژەیەکی جیاوازی نیشتەجێبون لێرەو لەوێ کراونەتەوە بەڵام وەك پێویست نین و تەواو نەکراون زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەکاردەهێنراون.

جگە لەوەی رۆژی ٢٠١٩/١/٥ تیروپشك بۆ شوقەکانی مامۆستایان کرا لە شاری سلێمانی، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی قەیرانی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆریان فرۆشتویانەتەوەو بەوشێوەیە بێ بەش بون لەو یەکەی نیشتەجێبون لەکاتێکدا مافی خۆیان بوو.




خۆپیشاندانی مامۆستایان بۆ داواکاری موچەو مافەکانیان ٢٠١٨

## نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی:

توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە قوتابخانەکاندا، بە پێی سیستەمی تازەی خوێندنیش دەبێت هەموو قوتابخانەیەك بەلای کەمەوە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی هەبێت. لە خوێندنگای تێکەڵاو پێویست دەکات دوو توێژەری کۆمەڵایەتی، واتە نێرو مێیەك هەبێت، بۆ ئەوەی خوێندکاری کچ یان کوڕ، بتوانێت کێشەکەی خۆی باس بکات لای توێژەرە هاوڕەگەزەکەی. بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە لە هەرێمی کوردستاندا، تەنها (١٧٢٤) توێژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی پەروەردەدا بۆ سەرجەم قوتابخانەکان هەیە. واتە ئێستا کە (٦٦٣٥) قوتابخانە هەیە، بەپێی زانیاری تەنها نزیکەی (١٦٠٠) قوتابخانە توێژەریان هەیەو بەمەش نزیکەی (٥٠٣٥) قوتابخانە بێ توێژەری کۆمەڵایەتین! ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت. چۆن؟ بەوەی لەمڕۆدا گیروگرفتێکی زۆری کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونیش، ڕووی لە خوێندکاران کردووە، کەچی لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکاندا، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی نییە بەدەم ئەو گرفتانەوە بچێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. جگە لەمە زۆرێکیش لە توێژەرەکان بەتەواوی لە ئیشەکەی خۆیان ئاگادارنین و پێویستیان بە خولی ڕاهێنانە. لە زانکۆ وەکو پێویست فێرنەکراون، بەتایبەتی ئەوانەی دەرچووی زانکۆ تازاکراوەکانن، توانای خۆ پێگەیاندنیان نییەو دەستەوەستانن بەشێوەیەکی پەروەردەیی و ئەکادیمی کێشەکان چارەسەربکەن. هەروەها بەشێکی گرنگی توێژەرەکان، موعاناتیان هەیە، بەوەی بەڕێوبەری قوتابخانەکان بە چاوێکی کەمتر سەیریان دەکەن و گوێیان بۆ ناگیرێت و هەست بەگرنگی ئیشەکەیان ناکرێت! جگە لەوەی توێژەری کۆمەڵایەتی کەمە، سنوری کاری ئەو توێژەرانەش کە هەن تێکەڵ و پێکەڵیان پێوە دیارە، بۆ نموونە زۆر کێشەی قوتابی کە پێویستە توێژەر کاری لەسەربکات، بەڕێوەبەرو یاریدەدەر دەستی تێدەخەن و لەبایەخی کاری توێژەر کەمدەکرێتەوە، زۆرجار هەماهەنگی و تێگەیشتن لەکاری یەکتر نییە. دواتر زۆر دەگمەن بەدواداچوون بۆ کێشەی قوتابی لەسنوری ژینگەی ماڵ و خێزان دەکرێت. جێگەی دەستخۆشیە کە لەمساڵدا هەوڵێك هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی شێوازی کاری توێژەرەکان، هەوڵی ئەوەش هەیە لەکاتی دانانی میلاکاتدا ڕەچاوی توێژەران بکرێت.

ئەم خشتەیە ئاماری توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانمان پیشاندەدات لە قوتابخانەکاندا:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم قوتابخانە | ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی پەروەردە | قوتابخانەی بێ توێژەر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٦٤٧٤ | ١٦٧١ | ٤٨٠٣ |
| ٢ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٦٧٩٩ | ١٧٤٨ | ٥٠٥١ |
| ٣ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٦٧٨٨ | ٢٠١٧ | ٤٧٧١ |
| ٤ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٦٦٣٥ | ١٧٢٤ | ٤٩١١ |

# تەوەرەی حەوتەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە خوێندکاران

### ٥٧. دابەزینی ئاستی خوێندن:

ئاستی خوێندن و فێربوون لە هەرێمی کوردستاندا دابەزیوەو لەگەڵ ستانداردتی نێو دەوڵەتیدا ناکۆکە. بۆ نمونە ساڵی ٢٠١٢–٢٠١٣ لە تاقیکردنەوەیەکی نێو دەوڵەتیدا کە لە کۆمەڵگەی شەهید فاخیر مێرگەسۆری بۆ ژمارەیەك قوتابخانەو خوێندکار ئەنجامدرا کە خوێندکاران لەسەر ئاستی هەرێم بەشدار بوون. ڕێژەی دەرچوون تیایدا ئەوەندە نزم بوو کە رووی باسکردنی نیە. کە ئەمە زەنگێکی مەترسیدار بوو و پێویست بوو وەزارەتی پەروەردە گوێی لێبگرێت و بەدووای هۆکارەکانیدا بچوایە و بەدوای چارەسازیدا بگەڕایە، بەڵام بەداخەوە نەك هەر ئەوەی نەکرد بەڵکو ساڵانی دواتر ڕێژەی دەرچوون زیاتر دابەزی، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی قەیراندا زۆر کەمیکردوە.

یەکێ لە هۆکارەکان زۆری ڕۆژانی پشووەکانە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بە هۆکاری جۆراوجۆر زیادبوون، مامۆستایان ناتوانن بەباشی پرۆگرامەکانی خوێندن تەواوبکەن و خوێندکاران فێربکەن، یان پەلە لە تەواوکردنی پرۆگرامەکانیان دەکەن ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی تێگەیشتنی قوتابی دەبێت. چونکە زۆری پشووەکان کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردە، ئاستی دەرچوون لە پۆلەکانی یەك و دووی ناوەندی کە زۆر نزمە، بە بەراورد بە ساڵانی پیشوو... پلە بەرزەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و پلە ناوەندییەکان زۆر زۆر کەم بوونەتەوە، تەنها دەرچووەکان پلەکانیان لە نێوان ٥٠ و ٦٠ کاندا دێن و دەڕۆن. لەم خشتەیەدا ئاماری دەرچوون و دەرنەچوونی پێنج ساڵی ڕابردووی خوێندکارانی هەرێمان بۆ دەردەخات:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم خوێندکاران | خوێندکاری دەرچوو | | | سەرجەم ڕێژەی سەدی دەرچوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕەگەز | ژمارە | سەرجەم | |
| ١ | ٢٠١٢–٢٠١٣ | ١٦٤٩١٥٦ | کوڕ | ٦١٠٨٢٨ | ١٢١٠٦٧٩ | ٪٧٣.٤ |
| | | | کچ | ٥٩٩٨٥١ | | |
| ٢ | ٢٠١٣–٢٠١٤ | ١٦٧٣٧٦٠ | کوڕ | ٦٢٠٥٤٠ | ١٢٣٣٦٥٩ | ٪٧٣.٧ |
| | | | کچ | ٦١٣١١٩ | | |
| ٣ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ١٦٥٣٣٨٦ | کوڕ | ٦٦٤٩٥٦ | ١٣١٢٣٣٢ | ٪٧٩.٣ |
| | | | کچ | ٦٤٧٣٧٦ | | |
| ٤ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ١٧٠٦٥٠٩ | کوڕ | ٦٥٤٢٥٣ | ١٣٢١٠٦١ | ٪٧٧.٤ |
| | | | کچ | ٦٦٦٨٠٨ | | |
| ٥ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ١٧٣٨٥٢١ | کوڕ | ٦٦٥١٣٩ | ١٣٤٢٣٧٧ | ٪٧٧.٢ |
| | | | کچ | ٦٧٧٢٣٨ | | |

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم خوێندکاران | خوێندکاری دەرنەچوو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕەگەز | ژمارە | سەرجەم |
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٢ | ١٦٤٩١٥٦ | کوڕ | ١٥٨٠٠٠ | ٢٤٨٦١٤ |
| | | | کچ | ٩٠٦١٤ | |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٣ | ١٦٧٣٧٦٠ | کوڕ | ١٤٩٩٩٨ | ٢٣٧٧٧٧ |
| | | | کچ | ٨٧٧٧٩ | |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ١٦٥٣٣٨٦ | کوڕ | ١٢٤٨٥٦ | ١٩٥٨٩٤ |
| | | | کچ | ٧١٠٣٨ | |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ١٧٠٦٥٠٩ | کوڕ | ١٧٤٦٥٦ | ٢٧٦٠٤٠ |
| | | | کچ | ١٠١٣٨٤ | |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ١٧٣٨٥٢١ | کوڕ | ١٦٤٠٤٤ | ٢٦١٠٧٤ |
| | | | کچ | ٩٧٠٣٠ | |

### ٥٨. وازهێنان لە خوێندن:

دیاردەی وازهێنان لە خوێندن دیاردەیەکی خراپ و مەترسیدارە لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی ئامارەکانی خودی وەزارەتی پەروەردە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان واز لە خوێندن دەهێنن، ئەمە جگە لەوانەی کە هەر پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووە و ناونوس نەکراون کە ئەمانە هیچیان لەم ئامارانەدا نین، واتە ئەو کاتە ژمارەکە چەند قات زیاد دەکات، دیارە ئەمە هۆکاری زۆرە، هەر لە پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی و هتد. هەندێك کات وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن لە پاڵ هۆکارەکانی تردا دەبەسترێتەوە بە خراپی پرۆگرامی خوێندنەوە. کاری وەزارەتی پەروەردەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تردا هەوڵی بنەبڕکردنی، یا هیچ نا کەمکردنەوەی بدات، چونکە گەر ساڵانە ئەم ڕێژە زۆرەی نەخوێندەوار بڕژێنە نێو کۆمەڵی کوردەوارییەوە ئەوا بێگومان داهاتوی نەوەکانمان و کۆمەڵەکەمان باش نابێت.

لەم خشتەیەدا ئاماری دیاردەی وازهێنان لە خوێندنمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند قات زیادی کردووە::

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم ژمارەی خوێندکار | ژمارەی ئەو منداڵانەی وازیان هێناوە | ڕێژەی سەدی وازهێنان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٠-٢٠٠٩ | ١٣٩٦١٢٩ | ١١٥٩٦ | ٪١.٤ |
| ٢ | ٢٠١١-٢٠١٠ | ١٤٦٣٨٧٤ | ١٤٠١٩ | ٪٠.٩٥ |
| ٣ | ٢٠١٢-٢٠١١ | ١٥١٢٥٩٠ | ١٣٨٠٥ | ٪٠.٩١ |
| ٤ | ٢٠١٣-٢٠١٢ | ١٦٤٩١٥٦ | ١١٠٥٧ | ٪٠.٦٧ |
| ٥ | ٢٠١٤-٢٠١٣ | ١٦٧٣٧٦٠ | ٢٧١٠٢ | ٪١.٦ |
| ٦ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ١٦٥٣٣٨٦ | ٢٩٤٢١ | ٪١.٨ |
| ٧ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ١٧٠٦٥٠٩ | ٤٥٢٠١ | ٪٢.٦ |
| ٨ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ١٧٣٨٥٢١ | ٣٦٠٨٨ | ٪٢ |
| ٩ | ٢٠١٨-٢٠١٨ | ١٧٤١٧٦٢ | ٣٤٥٢٧ | ٪٢ |

### ٥٩. پەیوەندی نەکردن بە خوێندن

بە پێی هەندێك داتای نا فەرمی كە لەبەر دەستدان رێژەی ئەوانەی تەمەنیان دەگاتە شەش ساڵان و نانێردرێنە بەر خوێندن زۆرە، بەڵام هیچ داتایەكی فەرمیمان لەبەر دەستدا نیە، كە ئەمە لە داهاتودا گرفتێكی كۆمەڵایەتی گەورەی لێدەكەوێتەوە و پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە ئەركی خۆی بزانێت و بەدوواداچوونی بۆ بكات نەك بێدەنگی هەڵبژێرێت.

### ٦٠. داخل بوون و داخل نەبوونی خوێندكارانی قۆناغی (١٢):

یەكێ لە گرفتەكان مەسەلەی داخڵ بوون و داخل نەبوونی خوێندكارانی قۆناغی (١٢)یە بۆ تاقیكردنەوەی كەلۆری كە ساڵانە كێشەی لێدەكەوێتەوەو ساڵانە دڵەڕاوكێ بۆ خوێندكاران دروستدەكات و دەبێتە سەرئێشە بۆ بەڕێوەبەرو مامۆستایانیش، ئینجا دیاردەی واسیتەو هەڕەشەو كێشەی لێ دەكەوێتەوە، لەپڕێكدا وەزارەت بڕیاری (٤) دەرسی دەر دەكات و مامۆستاكان تووشی شۆك دەكەن بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی پێیان وایە (مستەوای) قوتابی ١ یان ٢ یانش ٥ نمرەیە، زۆر جار مامۆستا (٤٩) ناكەتە (٥٠) ئەوەش زۆر تێنەگەیشتنە لەو سەردەمە و نەزانینە لە فێر بوون، چونكە فێركردن پێوەر (قیاس) ی قوتابیە نەك نمرە ! هیچ پاساوێك نەماوە بۆ داخل نەبوون كەچی بڕیاری پەروەردە هەر ئەوەیە ساڵانە رێگە بە ژمارەیەك خوێندكار نادات بەشداری تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ بكەن.

### ٦١. دەركردنی خوێندكار:

هەر چەندە دروشمی خوێندن بۆ هەموان بەرز كراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوێندكارێك دوو ساڵ لە پۆلێك دەرنەچێت، ئەوە مافی ئەوەی نامێنێت لە قوتابخانەی رۆژ دەوام بكات و دەبێت بچێتە دەوامی ئێواران، ئەمەش گرفتێكە و پێویستە چارەسەر بكرێت، چونكە ئەو خوێندكارە لە خوێندن دادەبڕێت.

### ٦٢. دیاردەی توند و تیژی:

هەرچەندە مایەی خۆشحاڵییە لەم ساڵانەی دواییدا بە بڕیار دیاردەی لێدانی منداڵان لە قوتابخانەكاندا قەدەغە كراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بونی هەیە و لە هەندێك قوتابخانەدا دەبینرێت. چونكە هیچ رێكارێك دەستنیشان نەكراوە بۆ جێگرەوەی توند و تیژی و لە گەلێك لە خوێندنگەكانیشدا چاوپۆشی لە توندو تیژی كراوە و دەكرێت.

بۆ نمونە چەندین دەستەواژەی نەشیاو و ناپەروەردەیی هەیە كە هەندێك مامۆستا بەكاری دەهێنن، لەوانە: (لەسوچی پۆلەكەدا لەسەر قاچێك بوەستە، ئێوە بەرەڵاكراون، هەموتان دەستان بكەنەوە گوێ لەكەس ناگرم، ملت بشكێنە و دانیشە، ئەتنێرم بۆ لای بەڕێوەبەر...) ئەوە ئەو دەستەواژانەن كە هەندێك لە مامۆستایان بەكاریان هێناوە لەچەندین قوتابخانەدا، بەداخەوە بەپێی ئەوەی لێرەو لەوێ دەیبینین و دەیبیستین هەرچەندە توندوتیژی دەروونی بەبەردەوامی لە قوتابخانەو خوێندنگاكاندا هەیە هاوكات جارێكی تر توندوتیژی جەستەیی بۆتەوە بەدیاردە بەتایبەت لەئەم ساڵی خوێندندا بەتایبەت تریش بۆقۆناغی ١-٦بنەڕەتی، سزادان ئاسانترین و خێراترین رێگەیە كە مامۆستا

دەتوانێت بەکاریبهێنێت وەك خۆیان دەڵێن بۆكۆنترۆڵكردنی پۆل و بێدەنگكردنی خوێندكارەكان، بەبێئەوەی بیر لە كاریگەرییە خراپەكانی ئەو شێواز و رەفتارانە بكەنەوە.

زۆرپرسیاری ئەوە دەكرێت ئایا مامۆستایەك خۆی لەسایەی سیستەمیكی توندوتیژدا گەورە بێت دەتوانێت نەوەیەك پەروەردە بكات كە توندوتیژ نەبێت؟؟ بێگومان ئەوە پێویستی بەڕاهێنان و رێگا نوێیەكانی رەفتاركردنە تا ئەو دیاردەو حاڵەتانە كەمبكرینەوە هەم لەلایەن خودی مامۆستاكەوە هەم لەنێوان خوێندكارەكان لەرێگەی مامۆستاو دابینكردنی ژینگەی لەبار.

رۆژانە بەپێی هەواڵەكانی تیڤی و تۆڕەكۆمەڵایەتییەكانەوە چەند رووداوێك لە بارەی توندوتیژی و ئازاردان لە قوتابخانەو خوێندنگاكانەوە دەخرێنە روو، چ مامۆستا بەرانبەر خوێندكارو چ خوێندكار بەرانبەر مامۆستا ! لە ڕاستیدا بۆ یەكێك سەرنجی وورد بدات و لەو ناوەندەدا كاربكات ئەو هەواڵانە مایەی سەرسوڕمان و شۆكبوون و سەیر نییە، چونكە لە بنەمادا كۆی كۆمەڵگاو حوكمڕانی كوردی و بونیادی كۆمەڵگا لە هەموو روویەكەوە مایەی سەرسوڕمان و شۆكبوونە ! لە خوێندنگاكان بە شێوەیەكی گشتی هەست بەوە دەكرێت توندوتیژی و ئازاردان بە هەموو جۆرو شێوەیەك هەیە چ مادی یان مەعنەوی لە چەشنی لێدانی جەستەیی و هەڕەشەكردن و ناوناتۆرە لێنان و گاڵتەپێكردن و شكانەوەو توڕەبوون و قسەی زبرو تەریقبوونەوەو هتد...

پێویستە ناوەندەكانی خوێندن رێگا لە توندوتیژی بگرن و بنبڕی بكەن، كەم نین ئەو مامۆستاو بەرپرسە پەروەردەییانەی ئێستاش داخ بۆ ئەوە دەخۆن لێدان و دارو سۆندە نەماوەو دەڵێن تەنها قسەمان ماوە بیكەین" چ جۆرە قسەیەك! " و پێیان وایە كۆمەڵگای ئێمە دواكەوتوەو لێدان نەماوە !

جگە لەوە توندوتیژی بەرامبەر مامۆستاش هەیە، و گەلێ جار مامۆستاش لێی دەدرێ و بەبێ ئەوەی یاسایەك هەبێ كەرامەتی مامۆستا بپارێزێ چەندان جار سووكایەتی بە مامۆستا كراوە و تاكو ئێستەیش كەسانی تاوانكار هیچ سزایەك نەدراون. لەهەمان كاتیشدا پەروەردە بۆ مەسەلەی سزادانی منداڵ هیچ میكانیزمێكی دیارینەكردووە لەسەری بڕوات. واتا ئەلتەرناتیڤی نییە.

### ٦٣. خۆكوشتنی خوێندكار:

یەكێك لەو گرفتە ترسناكانەی رووبەڕووی پەروەردە بۆتەوە خۆكوشتنی خوێندكارانە، كە لەم دوواییانە زیادی كردووە و سالآنە ئەم حاڵەتانە دەبیستین كە روو دەدەن و راگەیاندنەكانیش باسی لێوە دەكەن، ئەگەر هۆكارەكەیشی پەروەردە نەبێت، بەڵام یەخەی پەروەردە دەگرێتەوە، چونكە لە هەندێ كاتدا بەهۆی دەرنەچوون یا كەمی نمرە یا لێدان و توند و تیژی مامۆستاوە خۆی دەكوژێت. پێویستە پەروەردە بەجدی بیرێكی لێبكاتەوەو بەرنامەی هەبێت بۆ رووبەڕوو بوونەوەی. ساڵانە دەیان خوێندكار توشی شۆك دەبن ئەگەر خۆشیان نەكوژن بەتایبەت دوای راگەیاندنی ئەنجامەكانی پۆلی ١٢. بۆ نمونە:

–رۆژی ٢٠١٤/٩/١٣ دوای وەرگرتنەوەی نمرەی خولی دووەمی تاقیكردنەوەی قوتابخانە، دوو كچە قوتابی كۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. یەكێك لە كچەكان لە كفری بە گوللە خۆی كوشت و ئەوەی دیكە لە دەربەندیخان خۆی فرێدایە نێو رووباری سیروانەوە، گەنجێكیش كە لەو كاتەدا هەوڵیداوە رزگاری بكات، ئەویش دەخنكێت.

–ساڵی ٢٠١٥ له سنووری قەزای رانیه، سێ کچە خوێندکار لە سێ کاتی جیاوازدا هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، دووبان ویستیان خۆیان بخنکێنن و سێیەمیش ویستی خۆی بسووتێنێ، بەڵام هەوڵەکانیان سەرناگرێت، چونکە کەسوکاریان زوو فریایان کەوتوون و رزگاریان کردوون.

–رۆژی ٢٠١٦/١١/٧ دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەکانی پۆلی ١٢ی لە شارۆکەی شەقلاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، گەنجێکی تەمەن ١٦ ساڵ خۆی بە پەتێك هەڵدەواسێت و کۆتا بەژیانی خۆی دێنێت.

–رۆژی چوارشەممە٢٠١٦/١/٢١ بەهۆی دەرنەچوونیەوە لە وەرزی یەکەمی خوێندن خوێندکارێك لەقوتابخانەی شەهید ئارام، لە شاری سلێمانی، فیشەکێك دەنێت بەسەری خۆیەوەو بەسەختی بریندار دەبێت، پاش سێ رۆژ مانەوە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیان لەدەستدەدات.

–کچێکی تەمەن ٢١ ساڵ نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٨/١٩/ ٢٠١٧، بەهۆی کەمیی نمرەکانی لەژورەکەی خۆیدا لەگەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی بەسەرپۆشەکەی دایکی خۆی دەخنکێنێت.

–کچێکی خوێندکار لە کفری لە پێنج وانەدا کەوت و بە دەمانچەکەی باوکی خۆی کوشت.

–رۆژی ٢٠١٧/٧/٢٥دوای راگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزە لەقەزای سەیدسادق کچە خوێندکارێك بەهۆی کەمی نمرەکانیەوە لەبینایەکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوە بەمەبەستی خۆکوشتن، بەسەختی بریندار دەبێت

–رۆژی ٢٠١٧/٣/٢٥ کچە قوتابیەکی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە شارۆچکەی قەلادزێ، دوای ئەوەی نمرەی وەرزی یەکەمی تاقیکردنەوەکانی خوێندنی وەرگرتەوە و لە چەند وانەیەکدا کەوتبوو، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، هەفتەیەك لەژێر چاودێریی پزیشکدا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی مایەوە، بەڵام بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی گیانی دەرچوو.

–رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ، قوتابییەکی تەمەن ١٣ ساڵان دوای دەرنەچوونی لە چەند وانەیەك، لە ژوورەکەی خۆیدا، خۆی کوشت.

## ٦٤. دیاردەی مانگرتنی خوێندکاران:

یەکێ لەو دیاردانەی وەك گرفتێك ساڵانە رووبەڕووی پەروەردە دەبێتەوە مانگرتنی خوێندکارانە، هەندێك لەو مانگرتن و بایکۆتکردنانەی خوێندکاران دەیکەن هۆکارەکەی رەوایە و هەندێکیشی ناڕەوا. ئەوانەی رەوان پێویستە پەروەردە گوێیان لێبگرێت و بۆیان جێبەجێ بکات. بەڵام



خۆپیشاندانی خوێندکاران لەبەردەم پەروەردەی سلێمانی

ئەوانەی ناڕەوان هەق نیە پەروەردە دەسکاری سیستەمی خۆی بکات و تەنها لە پێناو ئەوەی دەنگی ناڕەزایی نەهێڵێت بەدەم داوایانەوە بچێت. پێویستە پەروەردە بەرنامەو ستراتیجی خۆی هەبێت و دوای دراسەکردنی ورد بڕیاری لێ بدات، ناکرێت لەبەر خاتری ئەم و ئەو پاشگەز بێتەوە لە ستراتیجی خۆی و خاوەن بڕیاری خۆی نەبێت.

## ٦٥. وەرنەگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ:

نەگەرانەوەی بەشێك لە ناوی خوێندکاران ساڵانە، کە ڕێژەیەکی زۆرە، بەشێکی بۆ بێپلانی وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەگەڕێتەوە، بەشێکیشی جۆرێکە لە بازرگانی و بازاڕ پەیداکردن بۆ زانکۆ ئەهلییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو لە ئەمساڵدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی ١٢ی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان لە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەك ناویان نەهاتەوە کە هەندێکیان نمرەی بەرزیشیان بەدەستهێناوە، ئەوەش نیگەرانی خوێندکاران و کەسوکارەکانیانی لێکەوتووەتەوە و لە ماوەی ڕابردوودا و چەندین خۆپیشاندانیان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم ئەنجامداوە.

ئەمەش دوای ئەو بڕیارەی وەزارەتی خویندنی باڵا هات کە بۆ ئەمساڵی خوێندن دایانابوو کە ڕێژەی لەسەدا ٧٠ی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکان بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخان کرا کە لە خولی یەکەم دەرچوو بوون هەروەها ڕێژەی سەدا ٣٠ یش بۆ ئەو خوێندکارانە تەرخان کرا کە لە خولی دووەم دەرچووبوون.

نەهاتنەوەی ناوی بەشێك لەو دەرچووانە لەکاتێکدایە لەهەرێمی کوردستان ١٦ زانکۆی حکومی هەیە، کە دابەشبون بەسەر شارەکانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ١٩ زانکۆ و ١٤ پەیمانگای ئەهلییش هەن کە هەندێکیان ئەمساڵ کراونەتەوەو ساڵانە بە پارەیەکی زۆر خوێندکار لە بەشەکانیان دەخوێنێت و زۆرینەی ئەو زانکۆ و پەیمانگا ئەهلیانە هی بەرپرسانی پارتی و یەکێتین. وەك بەشێك لە شارازایانی بواری خوێندن ئاماژەی پێدەکەن حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەیەوێت بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بنێرێتە زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان کە کرێی ساڵانەی خوێندن تیایاندا زۆرە و لە توانای ئەواندا نییە.

بەمەش وەرنەگرتنی خوێندکاران بەو ڕێژە زۆرە جۆرێکە لە بازرگانی و بازاڕ پەیداکردنە بۆ زانکۆ ئەهلییەکان، چونکە حزبە باڵادەستەکان هاوشێوەی کەرتەکانی دیکە دەستیان بەسەر کەرتی خوێندندا گرتووە و لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەیان زانکۆی ئەهلیان کردووەتەوە و بە بڕە پارەیەکی زۆر خوێندکار وەردەگرن.

بۆ نمونە: ساڵی پار وەزارەتی خوێندنی باڵا بەهۆی وەرنەگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان نزیکەی پێنج هەزار خوێندکاری بێبەشکرد لە خوێندن، بەجۆرێك ئەو خوێندکارەی کە کۆنمرەی ٦٢ بە خوارەبێت ناوی نەگەڕاوە، بەڵام ئەمساڵ بە پێچەوانەوە بۆ لقی زانستی کۆنمرەی ٥٠ ناوی گەڕاوەتەوە، ئەوانەی پارساڵ ئەمساڵ چاوەڕێی گەڕانەوەی ناوەکانیان بوون لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام هیچیان ناویان نەگەڕاوە.

## ٦٦. وانەی تایبەت:

یەکێ لە دیاردە ناشیرین و ناشایستەکان، مەسەلەی وانەی تایبەتە کە لەلایەن هەندێك مامۆستای موچەخۆری پەروەردەوە پیادەدەکرێت. وانەی تایبەت بازرگانیەکی بەرچاوە بە پەروەردەوە دەکرێت، لە بەرامبەردا بۆ هەر

وانەیەك (٢-٥) ملیۆن دینار لە خوێندكار وەردەگرن، گوایە بەپێی هێنانی نمرەكانیش پارە وەردەگیرێت، ئەمەش حاڵەتێكی دەروونی خراپی لای خوێندكارە هەژارەكان دروستكردووە. وانەی تایبەت، ڕەهەندێكی بازرگانی وەرگرتووە، نەك پەروەردەیی و زانستی، دەبوو وەزارەتی پەروەردە بەیاسا ئەوە ڕێكبخات، دەیان سەرپەرشتیار وانەی تایبەت دەڵێنەوە، زۆریان بەگرێنتی ٩٥٪پارە لەقوتابی وەردەگرن، هەندێكیان كەموزۆر ئاگایان لەپرسیاردانان هەیە، ئەوە كێشەیەو پرسیار دزەكردنی ساڵانە بێ هۆ نییە! بەداخەوە بەهۆی نەبونی هەڵوێست لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتیەكانەوە، ئێستا زۆرترین ریكلام بۆ وانەی تایبەت دەكرێت، تەنانەت مامۆستایان لەناو پۆل و لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان بەشانازیەكی گەورەی دادەنێنن.

## ٦٧. گرفتی مەلزەمە و سەرلێشێواندنی خوێندكار:

یەكێ لە دیاردە خراپەكانی ناو خوێندنگەكان بوونی مەلزەمەیە، كە زۆرترین مەلزەمە لەلایەن هەندێ مامۆستاوە ئامادە كراوەو خراوەتە بازاڕەكانەوە و زۆربەیان پرۆگرام و كتێبی خوێندنەكەشیان شێواندووەو سەریان لە خوێندكارەكانیش تێكداوە. مەلزەمە دانان بووەتە دیاردەیەكی بەربڵاو و بەنەرێنی كاریگەری لەسەر قوتابی داناوە، نەك ئەرێنی، ئەمەش بازرگانییەكی دیكەیە. مامۆستا هەیە لەقوتابخانەكەی خۆی مەلزەمە بەقوتابی دەفرۆشێت و پێیان دەڵێت: ئەوە پرۆگرامی منە، قوتابیان نانووسنەوە، بەحسابی ئەوەی هەیە لەو مەلزەمەیەدایە، ڕاڕایی و دوودڵی زۆر لای قوتابی دروستبووە، نموونە پۆلی ١٢حەوت كتێبە، ئەگەر هەر قوتابییەك لەهەر وانەیەكدا دوو مەلزەمە لەخۆی كۆبكاتەوە، دەكاتە ٢١كتێب! ئەمەش دەبوو بەیاسا ڕێكبخرێت.

هەرچەندە دروستكردنی مەلزەمە و ساغكردنەوەی بەسەر خوێندكاراندا بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە قەدەغەیە، بەڵام ساڵانە و ڕۆژبەڕۆژ لە تەشەنە سەندندایە و لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە بە تایبەتی بۆ قۆناغی ١٢ی ئامادەیی، ئەوەش كاریگەری خراپی كردۆتە سەر دەرونی خوێندكاران و نیگەرانی لا دروستكردون، هەروەها لە رووی داراییەوە بارگرانی بۆ كەسوكاری خوێندكاران دروستكردوە، خوێندكارانیشی لە بەكارهێنانی كتێب دورخستۆتەوە.



چەند نمونەیەكی ئەو مەلزەمانەی سەریان لە خوێندكاران شێواندووە

لەوبارەیەشەوە مامۆستا بەكر محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی لە پرێس كۆنفرانسێكدا وتی "پێویستە بەدەر لە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی دیكەش بێنە سەرخەت وەك وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ڕۆشنبیری، چونكە

مامۆستاکان لە ڕێگەی چاپخانەکانەوە مۆڵەتی چاپکردنی کتێب وەردەگرن و دواتر مەلزەمە چاپ دەکەن، چاپخانەکانی سلێمانی–یش بە ئاشکرا ئەو کارە دەکەن و وەزارەتی ناوخۆ لێی بێدەنگە". وتیشی "بەپێی بەدواداچونی بەڕێوەبەرایەتیمان، ساڵانە بەمەبەستی چاپکردنی مەلزەمە، زیاتر لە ٩٠٠ هەزار دۆلار بەسەر خوێندکاراندا ساغدەکرێتەوە".

دیاردەی مەلزەمە کاریگەری خراپی لەسەر خوێندکاران هەیە و پێویستە ڕێگەی لێبگیرێت. کڕینی مەلزەمەیەکی زۆر کە ریکلامی ئەوان و هەروەها هەڵەو ناڕونی و نەبوونی چاپی تازەی کتێبش کاریگەریی هەیە. هەرچەندە ئێستا بەپێی بڕیارێك کە بۆ خوێندنگاکان نێردراوە مەلزەمە قەدەغەیە، بەڵام ئەوە هیچ ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەبەر زۆری هەڵەو کەم و کورییەکانی پرۆگرامەکان و هاوکات ئەو هۆکارانەی تریش کە لەسەرەوە باسکراوە.

### ٦٨. قورسیی ئەرکی ماڵەوە:

لەسیستەمی پەروەردەو خوێندنی وڵاتان ڕۆژ بەڕۆژ کار بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی ماڵەوەی خوێندکار دەکرێت بەڵام لە کوردستان ڕێك بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەرکی ماڵەوە زیاتر دەبێت بەتایبەت لە قوتابخانە ئەهلییەکان کە کاتێکی زۆر لە قوتابخانەن و کاتێکی کەم لەماڵەوەن، کە هۆکاری ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە مامۆستایانەو بەشێکی تریشی پەیوەندی بە کاتی دەوامکردن و پرۆگرام و.. هەیە، بۆیە پێویستە وەزارەت بیر لە ڕێگەیەك بکاتەوە چونکە گەر وابێت خوێندکار هەر لەماڵەوە بخوێنێت باشترە، چونکە بەو هەموو تێچوونەی خوێندکار جا چ ئەوەی لەسەر پەروەردەیە یا ئەوەی خێزانەکان دەیکەن.

### ٦٩. گرفتی ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە:

ساڵانە ژمارەیەك خوێندکار و منداڵانی ئەو خێزانە کوردانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە ڕوو دەکەنە قوتابخانەکانی کوردستان، بەڵام لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەوامیاندا گرفتیان بۆ دروستدەبێت، هەر لە شێوازی هەڵس و کەوتی مامۆستا و سیستەمی خوێندن و پرۆگرامەکان و زمانەکانی کوردی و عەرەبی و وانەی ئایین و هتد. هەرچەندە هەوڵ دراوە میکانیزمێك دابنرێت بۆ هاوکاری کردنیان، بەڵام تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت گرفتەکانیان بنەبڕ نەکراوەو کێشەکانیان بەردەوامی هەیە.

### ٧٠. گرفتی خوێندکارە ئاوارەکان:

یەکێك لە گرفتەکانی پەروەردە خوێندکارە ئاوارەکانە، جا چ ئەو خوێندکارانی ڕۆژئاوابێت یاخود خوێندکارانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم یاخود ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ڕاستەوخۆبێت یا ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەیە.

بە گوێرەی ئاماری نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە سلێمانی، بە هۆی شەڕی داعشەوە لە سەرەتادا، نزیکەی ٨٠ هەزار قوتابی ئاوارەیان لە پارێزگای سلێمانی هەبووە، بەڵام لەئێستادا نیوەی خێزانە ئاوارەکان

گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و تەنها ٣٥ هەزار قوتابی ئاوارە ماونەتەوە و بۆ ساڵی نوێی خوێندن درێژە بە خوێندن دەدەن.

لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك نزیکەی ٢٢٠ هەزار قوتابی ئاوارە و ٣٧٦ خوێندنگەی تایبەت بە ئاوارەکان هەیە، لەو ژمارەیەك ٣٥ هەزار قوتابی دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەو مەبەستەش ١٠٠ خوێندنگەیان بۆ کراوەتەوە و هەزار و ١٣٦ مامۆستایان هەیە کە ئەوانیش مامۆستا ئاوارەکانن مووچەکانیان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە دابین دەکرێت.

لە سەرەتای ئەمساڵدا وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بڕیاری داخستنی سەرجەم ئەو خوێندنگایانەی دەرکرد کە ماوەی چەند ساڵێکە بۆ ئاوارە عەرەبەکانی نیشتەجێی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، بە گوێرەی بڕیارەکەش بۆ ساڵی نوێی خوێندن هەموو ئەو خوێندنگایانە دادەخران. ئەو بڕیارەی نیگەرانی و تووڕەیی ئاوارەکانی لێکەوتەوە و چەند جارێك لە بەردەم نوێنەرایەتی سلێمانی وەزارەتی پەروەدەی عێراق قوتابیان و کەسوکاریان گردبوونەوە و خۆپیشاندانی ناڕەزاییان ئەنجامدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەیان کرد.

بۆ نمونە مانگی ١١ ی ٢٠١٨ بڕیاری داخستنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە ئاوارەکان لە هەولێر کە ماوەی چوار ساڵە کراوەتەوە ناڕەزایی لێ کەوتەوە، خوێندکاران و کەسوکارەکانیان و مامۆستایانی قوتابخانەکە گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ئەنجامدا و داوایانکرد بڕیارەکە هەڵبوەشێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا گەشتوونەتە نیوەی ساڵ و پێیانوتراوە دەبێ منداڵەکانیان بگوازنەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە کە لێرەوە دوورە و پێویستیان بە ئۆتۆمبێل دەبێت بۆ گواستنەوەیان. ئەو خوێندکارانەی لەو قوتابخانەیە دەیانخوێند، بەشێکیان ئاوارەی شارەکانی باشووری عێراق بوون و بەشێکیشیان خەڵکی سوریا و ژمارەیەکیشیان خەڵکی هەولێر بوون.



قوتابخانەیەکی کەمپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان

# تەوەرەی هەشتەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە تاقیگەو هۆکارەکانی فێربوون

### ٧١. نەبونی تاقیگەی زانستی:

بەپێی سیستەمی تازەی خوێندن و بە پێی ستاندارتی نێودەوڵەتیش هەر وایە کە دەبێت هەموو قوتابخانەیەک تاقیگەی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ وانەکانی (کیمیا، فیزیا، بایۆلۆجی، زانستەکان و کۆمپیوتەر) بەڵام زۆربەی هەرەزۆری قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان تاقیگەی زانستییان نیەو بەشێکی زۆر لە خوێندکارەکان تا قوتابخانەش تەواو دەکەن چاویان بە تاقیگە ناکەوێت و بە شێوازی پراکتیکی وانەکانیان ناخوێنن. ئەمەش گرفتێکی گەورەی فێربوونیانە کە تەنها بەشێوازی تیۆری گوێ لە وانەکان دەگرن و لە گرنگیی تاقیگە بەهرەمەند نابن. لەم خشتەیەدا ڕەوشی تاقیگەی قوتابخانەکان دەردەکەوێت:"

**تاقیگەی قوتابخانەکان بە گشتی**

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانەکان | قوتابخانە تاقیگەی هەیە | قوتابخانە تاقیگەی نیە | ڕێژەی قوتابخانە کە تاقیگەی نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ٥١٧٨ | ٩٤٥ | ٤٢٣٣ | ٪٨١.٧ |
| ٢ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ٥٢٦٤ | ١٥٩٤ | ٣٦٧٠ | ٪٦٩.٧ |
| ٣ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٩٧١ | ٤٢٧٢ | ٪٨١.٤ |
| ٤ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ١٠٢٠ | ٤٢١٤ | ٪٨٠.٥ |

**تاقیگەی وانەی زانست**

| ژ | سالی خوێندن | تاقیگە سەربەخۆیە | | باری هۆڵی تاقیگە | | ئامێرەکانی تاقیگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەشی دەکات | بەشی ناکات | نیە |
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥١٢ | ١٠٨ | ٣٩٨ | ١٨٧ | ٢٢٨ | ٢٥٢ | ٧٤ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٠٧ | ١١٠ | ٣٩٨ | ١٨٦ | ٣٠٥ | ٢٤٨ | ٤٧ |

لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨) لە کۆی (٦٦٢٩) قوتابخانە تەنها (٦١٧) قوتابخانە تاقیگەی زانستیان هەیە کە دەکاتە ڕێژەی (٩. ٣٪) و لەبەرامبەردا (٦٠١٢) قوتابخانە تاقیگەی زانستیان نیە کە دەکاتە ڕێژەی (٩٠. ٦٪)ی قوتابخانەکانی هەرێم. لەو (٦١٧) قوتابخانانەی تاقیگەشیان هەیە (١١٠)یان تاقیگەکانیان سەربەخۆ نیە و (١٨٦) تاقیگەشیان باری هۆڵەکانیان باش نیەو (٢٤٨)یان ئامێرەکانیان بەشیان ناکات و (٤٧) تاقیگەش ئامێریان هەر نیە !

**تاقیگەی وانەی فیزیا**

| ژ | سالی خوێندن | تاقیگە سەربەخۆیە | | باری هۆڵی تاقیگە | | ئامێرەکانی تاقیگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەشی دەکات | بەشی ناکات | نیە |
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٣٧٠ | ١٢٠ | ٣٠٧ | ١٣٦ | ١٥٤ | ١٩١ | ٦١ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٤١٤ | ١٠٤ | ٣٤٣ | ١١٥ | ١٩٥ | ٢٠٩ | ٥٩ |

بەپێی داتاکان لەسەدا ٨٠ ی خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان تاقیگەی پێویستیان بۆ خوێندنی وانە زانستییەکان نییە تا خوێندکاران بتوانن بە شێوەیەکی پراکتیکی وانەکانی تێدا بخوینن، وەك چۆن لە پرۆگرامە نوێکانی خوێندندا جێگەیان بۆ کراوەتەوە.

**تاقیگەی وانەی کیمیا**

| ژ | سالی خوێندن | تاقیگە سەربەخۆیە | | باری هۆڵی تاقیگە | | ئامێرەکانی تاقیگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەشی دەکات | بەشی ناکات | نیە |
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٣٧٤ | ١٠٥ | ٣٠٧ | ١١٩ | ١٨٠ | ٢٠٥ | ٧٢ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٤٠٩ | ٩٧ | ٣٤٦ | ١٢٨ | ٢١٣ | ١٩٨ | ٦٨ |

**تاقیگەی وانەی زیندەوەر زانی**

| ژ | سالی خوێندن | تاقیگە سەربەخۆیە | | باری هۆڵی تاقیگە | | ئامێرەکانی تاقیگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەشی دەکات | بەشی ناکات | نیە |
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٤٠٨ | ٩٣ | ٣٢٨ | ١٢١ | ١٦٦ | ٢٠٥ | ٤٨ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٤٣٧ | ٨٨ | ٣٦٢ | ١١٠ | ٢١٣ | ١٩٩ | ٦٠ |

### ٧٢. نەبونی تاقیگەی دەنگ:

بە دەگمەن نەبێت قوتابخانەکانی هەرێم تاقیگەی دەنگیان نیە بۆ وانەکانی فێر بوونی زمان، بەتایبەتی وانەی زمانی ئینگلیزی کە وانەی سەرەکییە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە مایەی ئەوەی خوێندکاری کورد (١٢) ساڵ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت بەڵام کە خوێندن تەواو ئەکات ناتوانێت دوو رستە بە ئینگلیزی قسە بکات. بەپێی راپۆرتەکانی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە، هیچ ئاماژەیەك بە بوونی هیچ تاقیگەیەکی دەنگی نەکراوە کە لە قوتابخانەکاندا هەبێت. کە یەکێك لە کێشە گەورەکان ئێستا بەئینگلیزیکردنی وانەکانی بیرکاری و زانستە لەقوتابخانەکانە کە بەردەوام رێژەی ئەو قوتابخانانە زیاد دەکرێت، بەڵام نەبونی هۆیەکانی فێرکاری و تاقیگەی زانستی کە ئەو وانانە پێویستیانە ئەوەش هێندە بارێکی گرانە بەسەر شانی مامۆستاوە چونکە ئەو پرۆگرامە پێویستی بەو پێداویستیانەیە.

### ٧٣. نەبوونی تاقیگەی کۆمپیوتەر:

کۆمپیوتەر زانستێکی سەردەمیانەیەو لەم سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیایەدا ناکرێت دەستبەرداری بین. مایەی دەستخۆشیە کە وەك وانەیەك لە قوتابخانەکاندا جێگیر کراوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم وانەیەش لە زۆربەی هەرەزۆری قوتابخانەکاندا بە تیۆری دەخوێنرێت و خوێندکار (ئەگەر لە ماڵەوە خۆی کۆمپیوتەری نەبێت) لە قوتابخانە چاوی بە کۆمپیوتەر ناکەوێت و وەك پێویست لەم زانستە بەهرەمەند نابێت.

جگە لەمە کێشەیەکی تر هەیە کە قوتابخانەکان مامۆستای کۆمپیوتەریان نییە یان وەك پێویست وانەکە نالێنەوە، خراپی پرۆگرامەکەو نەبونی مامۆستا، یان شێوازی وتنەوەو فەرامۆشکردنی، کێشـەی دروسـت کـردووە. هاوکـات ئـەو وانەیە پێویسـتە کـرداری بێـت، بـەڵام لەنـەبونی کۆمپیوتـەر لەقوتابخانـەکان، بەتایبـەت بۆئەوانـەی لەماڵـەوە نیانـە، ئەوەش گرفتێکی تـرە. جگـە لەمـە وانـەی کۆمپیوتـەر کراوەتـە لاوەکـی و پـەراوێزخراوە، لـە زۆربـەی قوتابخانـەکان مامۆستای کۆمەڵایەتی وانەکە دەڵێتەوە! ئەم خشتەیە رەوشـی تاقیگـەکانی کۆمپیوتـەر لـە قوتابخانەکانـدا دەخاتـە روو:

| ژ | ساڵی خوێندن | تاقیگە سەربەخۆیە | | باری هۆڵی تاقیگە | | ئامێرەکانی تاقیگە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەشی دەکات | بەشی ناکات | نیە |
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٦١٩ | ٧١ | ٥٣١ | ١٣٣ | ٢٨٣ | ٣١٨ | ٤٠ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٦٤٩ | ٦٢ | ٥٥٥ | ١٣٠ | ٣٣٢ | ٣٢٠ | ٤٠ |

لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٧–٢٠١٨) لە کۆی (٦٦٢٩) قوتابخانە تەها (٧١١) قوتابخانە تاقیگەی کۆمپیوتـەری هەیـە کـە دەکاتـە رێـژەی (١٠.٧٪) و لەبەرامبـەردا (٥٩١٨) قوتابخانـە تاقیگـەی کۆمپیوتـەری نیـە کـە دەکاتـە رێـژەی (٨٩.٣٪)ی قوتابخانەکانی هەرێم. لەو (٧١١) قوتابخانانەی تاقیگەشیان هەیە (٦٢)یان تاقیگەکانیان سەربەخۆ نیە و (١٣٠) تاقیگەشیان باری هۆڵەکانیان باش نیەو (٣٢٠)یان ئامێرەکانیان بەشیان ناکات و (٤٠) تاقیگەش ئامێریان هـەر نیە!

## ٧٤. نەبوونی گۆڕەپانی یاری:

وانەی وەرزش یەکێك لەو وانە گرنگانەیە کە شەوق و زەوقێك بە خوێندکار دەدات روو لە قوتابخانە بکات، گرنگە وانەکە وەك وانەیەکی بنەڕەتی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتەندروسـتی مرۆڤـەوە هەیـە، بایـەخی پێبـدرێت، ئـەرکی پەروەردەش هەر ئەوەیە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکانی ئێمە یا گۆڕەپانی یارییان نییە، یا ئەگەر هەشیان بێت، هیچ مەرجێکی یاریگەی تیا نییە، یا خۆڵ و گڵە یا کۆنکریتە، ئەمەش لە گـەڵێ کاتـدا لـە جیـاتی ئـەوەی سـودی هەبێت، بە زیان دەشکێتەوە. گرنگیدان بەوانەکە بەشێوەیەکی ڕۆتینیە. لەلایەکی ترەوە لە وەرزشکردندا زیاتر بایەخ بە کوڕەکان دەدرێت و بەهۆی ناهۆشیارییەوە کچەکان وەرزشیان پێناکرێت، پەروەردە و سەرپەرشتیارانیش بێـدەنگن و بەدواداچوونی بۆناکەن، هەندێك مامۆستا بە میزاجی خۆی پێیوایە نابێت جلی وەرزشی لەبەربکەن و عەیبەیە کچـان وەرزش بکەن، بەتایبەت لە هەندێك لە قەزاکاندا!

لەم خشتانەدا رەوشی قوتابخانەکان دەردەکەوێت کە ئاخۆ وەرزش و گۆڕەپانەکانیان لە چ ئاستێکدایە:

**بینای قوتابخانە گۆڕەپان**

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە گۆڕەپانی هەیە | قوتابخانە گۆڕەپانی نیە | رێژەی قوتابخانەی بێ گۆڕەپان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٣٧٧٩ | ١٤٦٧ | ٪٣٠ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٣٣٣٥ | ١٨٩٩ | ٪٣٦.٢ |

## گۆڕەپانی وەرزشی قوتابخانە

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە یاریگەی هەیە | قوتابخانە یاریگەی نیە | ڕێژەی قوتابخانەی بێ گۆڕەپانی وەرزشی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٢٥٤٨ | ٢٦٩٨ | ٪٥١.٤ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٢٦٥٥ | ٢٥٧٩ | ٪٤٩.٢ |

## جۆری یاریگەی قوتابخانە

| ژ | ساڵی خوێندن | تۆپی پێ | باڵە | سەبەتە | تۆپی دەست |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ١٠٧٠ | ١٤٢٨ | ١٢٢٩ | ٥٠١ |
| ٢ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ١١٢٧ | ١٤٥٣ | ١٢٨٠ | ٣٨٧ |

ئەو گۆڕەپانانەش کە منداڵ وەرزشی تیادا دەکات بەهیچ جۆرێك بۆ وەرزش شیاو نیە، چونکە زەوییەکەی کۆنکرێتە و کاتێك منداڵ دەکەوێتە سەر زەوی دەست و قاچی دەشکێت. هەروەها مامۆستای وەرزش، وا دەزانێ تەنیا دوو گۆڵی و تۆپتۆپێن وەرزشە، بۆیە تۆپێك دەداتە دەست قوتابییەکان و زۆربەی جاریش خۆی لە ئیدارە دادەنیشێت، منداڵەکانیش هەم بە هاوێشتنی تۆپەکانیان بە قیژە و هاواریان نایەڵن مامۆستایانی دیکە وانەکە بڵێنەوە.



**گۆڕەپانی قوتابخانەیەك**

## ٧٥. نەبوونی کتێبخانە:

کتێب سەرچاوەی زانستە و پێویستە هەر لەسەرەتای تەمەنەوە منالآن رابهێنرێن بەوەی هاورێی کتێب بن، بەلآم بەداخەوە قوتابخانەکانی ئێمە بێ کتێبخانەن، خۆ ئەگەر بەناو ژورێکیشیان بۆ کتێبخانە تەرخان کردبێت، ئەوا چۆڵ و هۆڵە و کتێبی تیا نییە. هەرچەندە لە سیستەمی تازەشدا هاتووە کە دەبێت لە قوتابخانەکاندا کتێبخانە هەبێت. مایەی سەرسوڕمانە کەوا سالآنە، لەسەر بودجەی پەروەردە، دەیان ملیۆن دینار بە کتێب دراوە، کەچی ئەو کتێبانەی کڕدراون، نە مامۆستایان و نە خوێندکاران، سودی لێدەبینن و نە بەسەر کتێبخانەی قوتابخانەکانیشدا دابەش کراون!!!

گەر کتێبخانەش هەبێت، بەڵام لەلایەن قوتابیان و خوێندکارانەوە بەکارنەهێنرێن و نەخوێنرێنەوە، یان لەلایەن ستافی مامۆستایانەوە، قوتابیان فێری خۆشەویستی کتێب و بە کەلتوورکردنی خوێندنەوە نەکرێن، دیسان هەر نامان گەیەنێت بەئەنجامی ئەوەی کە خوێندکار بخوێنێتەوەو خوێندنەوە ببێتە کلتور لەناو قوتابخانەکاندا. لەو قوتابخانانەشدا کە کتێبخانە هەیە، گرفتی تر هەیە، لەوانە کارمەندی تایبەتی نییە، بەمانگیش ژوورەکە ناکرێتەوە، پەرپووتە. لەکاتێکدا ئەگەر کارمەندی خۆی هەبێت، رۆژانە دەوام دەکات و گرنگی بەرێکخستن و دەوڵەمەندکردنی کتێب و کتێبخانە دەدات. لەم خشتەیەدا رێژەی بوونی کتێبخانە لە قوتابخانەکاندا دەخاتە بەرچاو:

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم بینای قوتابخانە | قوتابخانە کتێبخانەی هەیە | قوتابخانە کتێبخانەی نیە | رێژەی قوتابخانەی بێ کتێبخانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ٥٤٥٨ | ٢١٥٤ | ٣٣٠٤ | ٪٦٠.٥ |
| ٢ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ٦٤٠٦ | ٢٤٦٠ | ٣٩٤٦ | ٪٦١.٦ |
| ٣ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ١٩٢٦ | ٣٣٢٠ | ٪٦٣.٢ |
| ٤ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ١٩٥٦ | ٣٢٧٨ | ٪٦٢.٦ |

## ٧٦. نەبوونی هۆکارەکانی فێربوون:

یەکێك لە رێگە سەرکەوتووەکان بۆ فێربوونی زیاتر و تێگەیاندنی خوێندکار و خۆشەویست کردنی وانەکە لەلای، بەکار هێنانی هۆکارەکانی فێربوونە، وەك: داتاشۆ، نەخشە، وێنەو... هتد. بەلآم ئەوەی بەکارنەیەت لە قوتابخانەکاندا ئەو هۆکارانەن. بینینی وێنەیەك لەبری هەزار وشەیە، ئەوان کاتێك هۆی فێرکارییان بۆ بەکار ناهێنرێت، وەك ئەوەیە شتێکی خەیاڵی باس بکرێت. لە پێنج ساڵی رابردوودا هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ دابینکردنی هۆکارەکانی فێربوون، جگە لە بۆرد و ماجیك، هیچ هۆکارێکی تر نەبووە، وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

| ژ | سالی خوێندن | ژ. بینای قوتابخانە | ژ. پۆل | ژ. پۆل داتاشۆی هەیە | ژ. پۆل داتاشۆی نیە | رێژەی پۆل داتاشۆی نیە | رێژەی پۆل داتاشۆی هەیە | باری کارکردنی داتاشۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | باشە | پێویستی بە چاکردن هەیە | خراپە |
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٥٢٤٦ | ٦٧٤٣٦ | ٧١٨٦ | ٦٠٢٥٠ | ٪٣ .٨٩ | ٪٧ .١٠ | ٦٨٢٧ | ٢٠٩ | ١٥٠ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٥٢٣٤ | ٦٨٠٩١ | ٨١٨٢ | ٥٩٩٠٩ | ٪٨٨ | ٪١٢ | ٧٧٤٧ | ٢٤٩ | ١٨٦ |

| ژ | سالی خوێندن | ژ. پۆل | ژمارەی پۆل تەختەی سپی هەیە | ژمارەی پۆل تەختەی سپی نیە | رێژەی پۆل تەختە سپی نیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٦٧٤٣٦ | ٥٥٧٢٣ | ١١٧١٣ | ٪١٧.٣ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٦٨٠٩١ | ٥٧٢٥١ | ١٠٨٤٠ | ٪١٥.٧ |

### ٧٧. نەبوونی شانۆ:

لە هیچ کام لە قوتابخانەکاندا هۆڵێکی شانۆ نیە، کە خولیایەکی خوێندکارانەو زیاتر بەرەو قوتابخانە کێشیان دەکات و خوێندکاران دەیانەوێت و دەخوازن بەهرەکانی خۆیانی تێدا دەر بخەن. پێویستە ئەم بابەتە گرنگە لەبەرچاو بگیرێت، هەوڵبدرێت هۆلی شانۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەم مەبەستە. لە پێنج ساڵی رابردوودا هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ دابینکردنی هۆڵی شانۆ و زەمینەسازی بۆ نەکراوە. بەپێی راپۆرتەکانی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە، هیچ ئاماژەیەك بە بوونی هۆڵی شانۆ نەکراوە کە لە قوتابخانەکاندا هەبێت.


چالاکیەکی منداڵان لە هۆڵی شانۆکەیاندا

### ٧٨. نەبوونی ئینتەرنێت لە قوتابخانەکان:

هێڵەکانی ئینتەرنێت هۆکاری گەیشتنە بە زانیاری تازەو دنیای پێشکەوتووی دەرەوە، بەداخەوە قوتابخانەکانی ئێمە لەم تەکنەلۆجیایە بێبەشن و هێلی ئینتەرنێت لە هیچ کام لە قوتابخانەکاندا نیە. وا باشە بەرنامەیەك دابنرێت بۆ ئەم مەبەستە. داتاو ئامارەکان کۆنن لەناو پرۆگرامەکاندا بۆیە گرنگە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە نوێیەکان پیشان بدرێت. جگە لەوەی بۆ گەیاندنی هەر بریارو رێنماییەك گرنگە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بگات بە قوتابخانەکان لەبەری ئەو هەمو هاتوچۆکردن و تێچونە کەلەسەر قوتابخانەکان دەکەوێت. بەپێی راپۆرتەکانی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە، هیچ ئاماژەیەك بە بوونی هێڵی ئینتەرنێت نەکراوە کە لە قوتابخانەکاندا هەبێت.

### ٧٩. نەبوونی ژووری تایبەتی وانە کۆمەڵایەتیەکان:

چەند گرنگە تاقیگە تایبەت بە وانە زانستییەکان هەبێت ئەوەندەش گرنگە ژوری تایبەت بە وانـە کۆمەڵایەتیـەکان هەبێت تا لەو ڕێگەیە وانەکان بە پاوەرپۆینت و وێنە و ڤیدیۆ پیشان بدرێت کە بەدڵنیاییەوە ئەوەش کاریگەری بـاش بەجێدەهێڵێت لەسەر خوێندکارە جگـە لەخۆشەویسـتکردنی وانەکـە زۆر کـات بـەهۆی کـەم و کـوری پرۆگرامەکـە لای خوێندکار ئەو وانانە بێزراون ، هاوکات وادەکات بابەتەکانیان لەبیر نەچێتەوە بیرو هزریشیان فراوانتر بێت.

### ٨٠. کەناڵی تەلەفزیۆنیی پەروەردەیی:

بوونی کەناڵێکی پەروەردەیی سەرتاسەری لـە هـەرێمی کوردسـتاندا زۆر پێویسـتە، هەرچـەندە کـەناڵێکی لۆکـاڵی بەناوی پەروەردەوە لە سلێمانی هەیەو ئێستا نوسینگەی لەهەولێریش هەیە، بەڵام بەهۆی خراپی باری داراییان، هیچ کاراییەکی نییە و وەك پێویست سودی لێنەبینراوەو کەناڵێکی لاوازە، چونکە نەیتوانیوە وەڵامگۆی پێداویسـتییەکانی سەردەم بێت. ئەم کەناڵە جیا لەدەستخۆشی، کەموکوڕی زۆری هەیە، بۆنموونە وەختێك ببووە کەناڵی وانە وتنەوەی مامۆستای تایبەت. لەکاتێکدا دەبێت، ئەو کەناڵە بەرنامەی پەروەردەیی هەمەلایەن و کۆمەڵایەتی و کلتوری و مرۆیـی و زانستی و بەڵگەنامەیی و مێژوویی و دەروونناسـی و زۆر بـواری دی پـەخش بکـات. بۆیـە پێویسـتە هاوکـاری زیـاتر بکرێن تا کاریگەرییان هەبێت. هەر بۆ وەبیر هێنانەوە کاتێ کەناڵی نـەورۆز داخـرا کـە سـەر بـە وەزارەتـی رۆشـنبیری بوو، حکومەت بڕیاریدا ئەم کەناڵە ئاسمانیە ببێت بە موڵکی وەزارەتی پەروەردەو بکرێت بە کـەناڵێکی پـەروەردەیی. بەڵام بەداخەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە زۆر بە نایاسایی دەستی بەسەرداگیراو وەزارەتی پـەروەردەش نـەك داوای نەکردەوە بەڵکو بێدەنگیی هەڵبژارد.

# تەوەرەی نۆیەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە چاپی کتێب

## ٨١. چاپی کتێب:

یەکێ لە گیرو گرفتەکانی پەروەردە چاپکردنی کتێبەکانی خوێندنە، کە بە پێی ئەو گرێبەستانەی وەزارەت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانیدا کردوویەتی ساڵانێکە لە دەرەوە چاپ دەکرێن، پێشتر زۆرینەیان لە لوبنان و لەم دواییانەشدا لە تورکیا چاپ دەکرێن. کە ئەمەش چەند کاریگەرییەکی خراپی هەیە، لەوانە:

یەك: ساڵانە بڕێکی زۆر بودجەی هەرێم دەچێتە دەرەوە و باشتر وایە لەناوخۆدا بەکار بێت و چاپخانەی خۆماڵی هەیە و ئەوان چاپی بکەن.

دوو: بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەیە ساڵانە کتێب درەنگ دەگاتە دەست خوێندکاران.

سێ: بەهۆی ئەوەی لە دەرەوەیە و دوورە وەك پێویست سەرپەرشتی چاپ نەکراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەڵەی زۆر روو بدات.

چوار: بەناوی سەرپەرشتی کردنی چاپەوە بودجەیەکی زۆر بەهەدەر دراوە.

جیا لەهەموو ئەوانە تا ئێستاش پەڕەی کتێبەکان سپییە، ئەمەش لەرووی زانستی زیانێکی زۆر بەچاو دەگەیەنێت و کێشەی تەندروستی زۆرە باشترە پەڕەکان بۆرو مەیلەو زەردباو بن، کتێبی دەرەوەی قوتابخانە ئێستا زۆربەی ئەو کاغەزە بەکاردەهێنرێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت هەموو ساڵێك کتێب درەنگ بەدەست خوێندکاران گەیشتووە، جگە لەمساڵی خوێندن ٢٠١٨–٢٠١٩ لەکاتی خۆیدا گەیشت.

## ٨٢. گرێبەستەکانی کتێب:

بەپێی ئەو گرێبەستانەی وەزارەت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانی کردبووی بۆ چاپکردنی کتێب، بە پێی دۆکیمێنتەکان، گەندەڵی تیادا کراوەو بودجەی گشتی تیادا بەهەدەر دراوە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم گرێبەستانە بەدواداچوونیان بۆ نەکراوەو کەس لەسەری سزا نەدراوە. سەرباری ئەوەی مەسەلەکە گەیەنراوەتە ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری بۆ دەرچووە و لای داواکاری گشتیش ئەم دۆسیەیە جوڵێنراوە. بەڵام تا ئێستاش هیچ ئیجرائاتێك نەکراوە. ئەمە نەنگیەکی گەورەیە بۆ پەروەردە. تاوانە لە چاپی کتێبی منداڵاندا بە ملیۆنان دۆلار بەهەدەر بدرێت، کەچی منداڵانیش وەك پێویست کتێبیان نەبێت و کەسیش لە تۆمەتباران ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکرێت.

بەپێی زانیارییەکان لە ئێستادا وەزارەت پێداچوونەوە بەهەندێك لە گرێبەستەکاندا کردووە کە جێگەی دەستخۆشیە، لەمساڵی رابردوودا نزیکەی (١٧) ملیۆن کتێب بە بەهای نزیکەی (١٤) ملیار دینار لە دەرەوە چاپکراوەو لەکاتی خۆشیدا کتێبەکان گەیشتوون.

### ٨٣. چاپ نەکردنی کتێب لە ناوەوەی هەرێم:

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەکی زۆر چاپخانەی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و ساڵانەش داوایانکردووە چاپی کتێبەکان نەنێردرێتە دەرەوەو لەناوخۆ چاپ بکرێن، ئەم هەنگاوە سودی زۆری دەبێت، لەوانە هەم دراوی گرانبەها ناچێتە دەرەوە، هەم لە نزیکەوە سەرپەرشتی دەکرێت و هەم زوو دەگاتە دەست خوێندکاران و هەم دەبێتەمایەی رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك. بەپێی بەدواداچوونی ئێمە چاپخانە ناوخۆییەکان دەتوانن بەتێچووی کەمترو هەمان کوالێتی کتێبەکان چاپ بکەن، هۆکارەکەی روونەو بواری بەهەدەردان و تەخشانی پارەکە کەمتر دەبێتەوە. بەڵام وەزارەتی پەروەردە رەزامەند نەبووە ئەم کارە بکات. خۆ ئەگەر وەزارەت بە چاپخانەکانی ناوخۆشی نەدات، ئەوا هیچنا پێویستە بیر لە چاپخانەیەکی تایبەتی خۆی بکاتەوە و بە بودجەی تەرخانکراوی یەك ساڵی چاپکردنی کتێب ئەتوانێت باشترین چاپخانە بکرێت و ساڵانە ئەم بودجەیە بۆ وەزارەت بگێڕێتەوە و لە بوارێکی تردا سەرفی بکات. بەرلە راپەرینی ١٩٩١ لەهەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەبوو، نیوەی کتێبی قوتابخانەکانی کوردستانی چاپ دەکرد، باشە بۆچی نەیانتوانی فراوانی بکەن؟ دانانی چاپخانەیەکی نیشتمانی تایبەت بەچاپکردنی کتێبی قوتابخانەکان لەهەرێم هێندە قورسە نەتوانرێت؟ بەپێی زانیاری لەمساڵی رابردوودا تەنها بڕی (٥٠٠) هەزار کتێب لە ناوخۆ چاپکراوە.

شایانی باسە جگە لە چاپخانەکانی کەرتی تایبەت، خودی حکومەتی هەرێم بۆخۆی (١٠) چاپخانەی هەیە، دوو چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دوو چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، دوو چاپخانەی وەزارەتی دارایی، چاپخانەیەکی وەزارەتی رۆشنبیری و چاپخانەیەکی وەزارەتی کشتوکاڵ، چاپخانەیەکی پارێزگای دهۆك، چاپخانەیەکی حکومەت لە کەلاریش هەیە. بەڵام هیچ کام لەو چاپخانانە سودیان لێنەبینراوە!

### ٨٤. چاپخانەکانی وەزارەتی پەروەردە:

وەزارەتی پەروەردە دوو چاپخانەی هەیە، یەکێکیان لە هەولێر کە (١٥٠) فەرمانبەری هەیە و ئەوەی تریان لە سلێمانی کە (٦٨) فەرمانبەری هەیە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەم چاپخانانەدا نزیکەی (٢٢٠) فەرمانبەر دەوام دەکەن، کەچی لەهیچ کام لەو چاپخانانەدا پرۆگرامەکانی خوێندن چاپ ناکرێن و سودیان لێ نابینرێت، ئامێرەکانیان کۆن و بەسەر چوو و شکاون و پارچەیان دەست ناکەوێت.

# تەوەرەی دەیەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە هەندێك وانە

### ٨٥. وانەی وەرزش:

وانەی وەرزش یەکێ لەو وانانەیە کە وێڕای سودی بۆ تەندروستی خوێندکاران، وا لە منالآن دەکات خۆشەویستی زیاتریان بۆ قوتابخانە هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەم وانەیە وەك پێویست نیە و پشتگوێ خراوە، سەرباری نەبوونی یاریگەی تایبەت و گونجاو بە خوێندکاران لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، لە زۆربەی کاتدا ئەم وانەیە بەچاوێکی بێ بایەخ سەیر دەکرێت و کاتەکەی بە وانەی تر پڕ دەکرێتەوە. هەتا مامۆستایانیش گرنگی پێنادەن. جگە لەوە وانەیەکی وەك وەرزش، چ پێویستی بە تاقیکردنەوەیە، ئەو وانەیە ئەوەندەی گرنگە کرداری بێت، هیچ پێویست بە نەزەری ناکات، تەنانەت مامۆستا هەیە هێندەی جەختی لەسەر تاقیکردنەوەیە، ئەوەندە گرنگی بەلایەنی کرداری نادات، ئەوەش خوێندکاری بێزارکردوەو دەیانەوێت وانەکە نەخوێنن.

### ٨٦. وانەی هونەر:

وانەی هونەر یەکێکە لەو وانانەی کە وێڕای ئەوەی گرنگە و منالْ لەم تەمەنەیدا، ئارەزوو و خولیاکانی دەردەکەون و خۆی دەبینێتەوە، وا لە منالآن دەکات خۆشەویستی زیاتریان بۆ قوتابخانە هەبێت. بەڵام ئەم وانەیە وەك پێویست نیە و پشتگوێ خراوە، زۆرێك لەمامۆستاکانش بەدەست نەبونی پرۆگرام و هۆی فێرکاری و نەبونی پێداویستیەکانەوە دەناڵینن. هەروەها بەهۆی ئەوەی چاودێری نییە، بەشێك لە مامۆستایان بەتایبەت لە قەزاو ناحیەو لادێکان، وانەی هونەر ناڵێنەوەو لایدەبەن لە خشتەی وانەکان، یان ئەگەر هەشبێت ڕۆتینیە. هەندێك لە مامۆستاکان بەهۆی ئایدۆلۆجیای دینیانەوە، پێیانوایە حەرامەو گوناهە! جگە لەمە لەزۆر قوتابخانەدا هونەر لەخشتەی وانەکاندا نییە، هەشبێت بەوانەی دی دەگۆڕدرێتەوە! لەزەین و هزری قوتابیاندا بەوانەیەکی لاوەکی و بێبایەخ وێناکراوە، لەتاقیکردنەوەکانیش هەموو وانەی هونەر تەنها لەوێنەکێشان کورتکراوەتەوە! لەکاتێکدا هونەر بوارێکی گشتگیرو فراوانەو چەندین بابەت لەخۆدەگرێت. سەرباری نەبوونی گەلەری (مرسم)ی تایبەت لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، لە زۆربەی کاتدا ئەم وانەیە بەچاوێکی بێ بایەخ سەیر دەکرێت و کاتەکەی بە وانەی تر پڕ دەکرێتەوە. لە ئاماری وەزارەتی پەروەردەدا، هیچ ئاماژەیەك بۆ بوونی ژووری وێنە (مرسم) نەکراوە کە لە قوتابخانەکاندا هەبێت.

هونەر لە ناوەندەکانی خوێندندا، دەچێتە ڕیزی ئەو وانانەی کە بەوانە لاوەکییەکان هەژماردەکرێت، وانەی لاوەکی لە تێڕوانینی ناوەندەکانی خوێندندا، بە مانای ئەوەی کەس ناکەوێت و ئەو وانانە گرنگی و بەبایەخی نییە! لە ڕاستیدا ئەوەی بەرپرسانی پەروەردە، لەتیڤییەکانو ڕوبەڕوبونەکان، دەربارەی گرنگیو بایەخی وانەی هونەر دەیڵێن، لە واقیعدا نایبینیتو خۆشیان بڕوایان بەقسەکانی خۆیان نییە!

ئەوەی وای کردووە وانەی هونەر بکرێت بە نوکتەو لەگرنگییەکەی بکەوێت، بەشێکی گرنگی بۆ وەزارەتی پەروەردەو بەرپرسانی پەروەردەیی دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری خوێندنگا ئامادەییەکان وانەی هونەریان هەیەو دەبێت بخوێنرێت، کەچی بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە ناخوێنرێت و لە دەرئەنجامدا یان لەخۆوە نمرە دادەنرێت یان

هەر دانانرێت! یان بەشێکی گرنگی ئەوانەشی وانەی هونەر لە قۆناغی بنەڕەتی دەڵێنەوە، لە پسپۆڕی خۆیان نییەو هیچ هاندەرێکیان نییە بۆ وانەوتنەوەو زۆرجاریش پاڵنەرن بۆ کەمکردنەوەی بەهاو گرنکی وانەی هونەر. هەندێکیان پێیان وایە لە بنەمادا وانەی هونەر کوفرە! بۆیە لێرەدا تاوان دەکەوێتە سەر بەرپرسانی پەروەردەیی و لەناویشاندا هەندێك لە مامۆستایان، لە دەرئەنجامدا خوێندنگا دەکەوێتە بەر ڕەخنە، لێرەدا حەق بە فێرخوازو کەسوکاری فێرخوازە.

لەم هەرێمەی ئێمەدا وانەی هونەر ئەوەندە بە کەم بایەخ سەیرکراوە، قبوڵ و ڕێگەپێدراو نییە فێرخواز نمرەی کەم بهێنێت، دەبێت لەوانەی هونەر هەمووی نمرەی بەرزبێت، وەك ئەوەی خوێندنگاکانی ئێمە بەردەوام شێوەکارو مۆسیقارو هونەرمەند و وێنەکێشی بەناوبانگی بۆ دۆزیبێتینەوەو بەهرەکانییانی دەرخستبێت! بە چ پێوەرێکی زانستی و پەروەردەیی، فێرخوازێك گەر لەوانەی ئینگلیزی و زانست نمرەی سەرو نەوەتی هەبو،و پێت خۆشبێت یانا نا، دەبێت لە هونەرییش سەرو نمرەی نەوەتی بۆ دابنرێت؟ واتە دەبێت هونەر بەپێی پێوەری زانست و ئینگلیزی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت! بە داخەوە ئەمە ئێستا بووە بە عورف و لادان لێی بووە بە ئاستەم و گەر مامۆستایەکی هونەر بتوانێت وەکو خۆی هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازێك بکات، پێی دەوترێت هونەر چییە ئەو لە عەرەبی و بیرکاری نەوەت و پێنجی هێناوە! جگە لەوەیی وانەکانی هونەرو وەرزش بون بەچەکێك بەدەستی مامۆستاوە بۆ بەیەکەمکردن یان نمرە بەرزکردنەوەی منداڵی مامۆستا لە قوتابخانە بنەرەتییەکاندا.

### ٨٧. وانەی مۆسیقا:

وانەی سرود و مۆسیقا یەکێ لەو وانانەیە کە وا لە منداڵان دەکات خۆشەویستی زیاتریان بۆ قوتابخانە هەبێت، بەلام ئەم وانەیە نیە و پشتگوێ خراوە، سەرباری نەبوونی ژوری ستۆدیۆ و ئامێری مۆسیقا لە قوتابخانەکاندا، ئەم بابەتە بەچاوێکی بێ بایەخ سەیر دەکرێت و کەم و کورییەکی گەورەیە کە ئەم وانەیە نیە. کەمترین دیسانەوە لێرەشدا کەم نین ژمارەی ئەو مامۆستایانەی بە میزاجی خۆیان مۆسیقایان حەرامکردوەو وانەی سرود ناخوێنن و پەروەردەش هیچ ناڵێت و روئیای نییە! وەزارەتی پەروەردە وانەی هونەر تەنیا بە وێنەکێشان تێگەیشتووە، بۆنموونە: مامۆستایانی هونەر ئەگەر پسپۆڕییەکەشیان وێنەکێشان نەبێ، دەبێ هەر وێنە بڵێنەوە. هونەرەکانی دیکەی وەك مۆزیك و شانۆ فەرامۆش کراون. لە ئاماری وەزارەتدا هیچ ئاماژەیەك بۆ بوونی ژووری مۆسیقا نەکراوە کە لە قوتابخانەکاندا هەبێت.


چالاکیی مۆسیقای خوێندکاران لە قوتابخانەیەکدا

### ٨٨. وانەی ئایین:

یەکێك لەو وانانەی دەخوێنرێت وانەی ئایینە، ئەم وانەیەش لە شێوازی دارشتن و وتنەوەیدا، گرفتی هەیە. هەروەها لە کتێبەکاندا (چاپی ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣) هەندێك بابەت وروژێنرابوون کە خزمەتیان نە بە ئایین و نە بە کۆمەڵگەش نەدەکرد. لە جیاتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان، جۆرێك لە رقی لە نێوان پێکهاتە ئایینیەکان دروست دەکرد. هەرچەند ئێستا چەند گۆڕانکارییەکی بچوکی بەسەردا هاتووە، بەڵام پێویستە ئەم وانەیە شێوازی وتنەوەی و کتێبەکانی زۆر ئاسانتر بکرێن، نەبادا لە جیاتی چاکسازی بە لایەنی خراپەدا بشکێتەوە. لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، هیچ کارێك لەسەر ئەم گرفتە نەکراوە.


نوێژکردن بە منداڵان لە قوتابخانەیەکدا

جگە لەمە مامۆستای ئایینیش پسپۆری خۆی نییەو هەر مامۆستایەك بەشە وانەکەی کەمبێت، دەدرێت بەو. زۆرجاریش بەشێوەیەکی پەروەردەیی و ئەکادیمی ناوترێتەوەو مامۆستا بە ئایدۆلۆجیاو ئارەزووی خۆی دەیڵێتەوە، وانەیەك دەبێت بۆ زیاتر رق بوون لە ئاین و نەتەوەو رەگەزەکانیتر، بۆیە دەبێت زۆر بەجدی رێکبخرێت!

وابڕیارە ساڵی داهاتوو گۆڕانکاری بەسەر پرۆگرامی خوێندنی ئایینیی پۆلەکانی (١٠-١١-١٢)دا بکرێت بە مێژووی ئایینەکان، کە ئەمەش هەنگاوێکی باشە ئەگەر رێگەی پێنەگیرێت.

### ٨٩. پشتگوێخستنی زمانی کوردی:

لە بری ئەوەی گرنگی و بایەخی زیاتر بە زمانی کوردی بدرێت، بەپێچەوانەوە پشتگوێخراوەو وەك وانەیەکی لاوەکی لێی دەڕوانرێت. کەس لاری لەوە نیە کە گرنگی بە زمانە زیندووەکانی تر بدرێت، بەڵام ناکرێت لەسەر حیسابی زمانی دایك بێت، بۆ نمونە ئەوەندی لە وەزارەتی پەروەردە جەخت لەسەر بە ئینگلیزی کردنی زمانی خوێندن دەکرێتەوە، ئەوەندە هەوڵ نادرێت زمانی کوردی پێش بخرێت. جگە لە قوتابخانە ناحکومیەکان کە زمانی خوێندنیان کوردی نییە، ژمارەیەکی زۆری تری قوتابخانە حکومیەکانیش زمانی خوێندنی وانەکانی زانست و بیرکارییان کراوە بە ئینگلیزی. ئاخر منداڵێکی تەمەن چوار یان شەش ساڵ کە دەخرێتە بەر خوێندن، یەکسەر فێری زمانێکی بێگانە و بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی دەکرێت. ئەم منداڵە لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە دووچاری کێشەیەکی گەورە دەبێت، چونکە رۆژانە لە خوێندنگە بە زمانی ئینگلیزی قسەی لەگەڵ دەکرێت. لە ماڵەوەش هەر لەسەر

بەکارهێنانی ئەم زمانە بەردەوام دەبێت. لەو بارەدا دایك و باوکی منداڵەکە بە کوردی وەڵامی بدەنەوە، یان بە زمانێکی ئینگلیزی شکاو لەگەڵیدا بدوێن، ئەوا منداڵەکە لە هەردوو باردا دووچاری دۆخێکی دەروونی سەخت دەبێت. بۆیە پێویستە دامودەزگەی پەیوەندیدار بە زمانی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بچێتەوە. هەوڵ بدرێت لە خوێندندا زمانی کوردی نەکرێتە زمانی لاوەکی، چونکە پشتگوێخستنی زمانی کوردی و بایەخپێنەدانی وەك زمانێکی سەرەکی، کوشندەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.

هەروەها ساڵانە پرۆگرامی زمانی کوردی پێویستە گۆڕانی بەسەردابێت لەو بابەتانەی کە پێویستن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە!

ئەمەو جگە لەو بڕیارەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە ٢٠١٧/٣/٨ لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراو و ناواقیعیدا، نوسراوێکی بڵاوکردەوە بە مەبەستی سەرپشککردنی خوێنکاران/قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بۆ ئەژمارکردنی نمرەی هەردوو زمانی کوردی و زمانی عەرەبی. کە لە کاتی وەرگرتن لە کۆلیژەکانی (پزیشکی، ئەندازیاری و زانست)، ئارەزوومەندانە بێت. پێمان وایە ئەم بڕیارە سەرەتایەکی خراپە لە پەراوێزخستن و بێ بایەخکردنی زمانی کوردی، چونکە:

یەکەم: ئەم بڕیارە نایاساییە، چونکە پێچەوانە و دژی چەند یاسا و بڕیارێکە، لەوانە:

١- پێچەوانەی مادەی (٤)ی دەستوری کۆماری عێراقە، کە تیایدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی وەك دوو زمانی فەرمی ناسێنراون.

٢- پێچەوانەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانە.

٣- پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ ی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

٤- پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤٤ی زمانە فەرمییەکان، کە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسند کراوە.

٥- پێچەوانەی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧٧ ئەکادیمیای کوردییە، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

دووەم: بڕیارێکی ناپەروەردەییە، چونکە لە کاتێکدا دەرکرا، کە کۆتایی ساڵ بوو سەری لە خوێندکاران و قوتابیان شێواندووە.

سێیەم: بڕیارێکی نائیدارییە بوو، چونکە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پەروەردەشەوە، بەڵام تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵا دەری کردووە.

چوارەم: بڕیارێکی نانەتەوەییە، چونکە بەرژەوەندی باڵای زمانی نەتەوەیەك دەکاتە قوربانیی بەرژەوەندی تایبەتی چەند کەسێك و زمانی کوردی بێ بایەخ کردووە. زمانی کوردی وەك زمانی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان لە خەم نەڕەخسیوە و تا ئێستاش لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدایە، چونکە زمانێکی یەکگرتوومان نییە و پێویستی بە گرنگیدانی زیاترە.

پێنجەم: ئەم بڕیارە وێکدێتەوە لەگەڵ ئەو بڕیارانەی رژێمی بەعسی ڕووخاو، کە سەبارەت بە زمانی کوردی لە ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٨٩ دەری کرد و هەمان ناوەڕۆکی هەیە.

شەشەم: ئەم بڕیارە دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی زمانی کوردی لەم چەند خاڵەدا:


١–بێبەهاکردنی زمانی کوردییە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن هەر لە قۆناغی باخچەی منداڵان و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تا دەگاتە زانکۆ و پەیمانگاکان، چونکە ئیتر زمان وئەدەبی کوردی لای خوێندکاران و قوتابییانی کورد هیچ ڕۆڵ و گرنگییەکی خۆی نابێت لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا، تەنها بۆ دەرچوونە و بەهای زانستی نامێنێت.

٢–دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی دەرچووان و فێرخوازانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا.

٣–دەبێتە مایەی پەراوێزخستنی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆکاندا کە لەمەودوا و لە قوتابییان و خوێندکاران دەکات وەك پێویست ڕووی تێنەکەن. ٤ـ دەبێتە مایەی ئەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیش وەك وانەکانی (هونەر و وەرزش) پەراوێز بخرێت، هەروەك پەراوێز خراون.

ئەمەو لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردەی عێراق، زمانی کوردی خستۆتە پرۆگرامی خوێندنەوە لە سەرانسەری پارێزگاکانی عێراق و لەم ساڵەوە کاری پێدەکرێت.

بەپێی گشتاندنێکی بەشی خوێندنی کوردی، وەزارەتی پەروەردەی عێراق کە ئاڕستەی سەرجەم پەروەردەی پارێزگاکانی عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) کراوە و ژمارە (ك٢٣٨)ی (٢٠١٨/١٢/٢٦)ی لەسەرە، لە ساڵی داهاتووەوە زمانی کوردی کە زمانی دووەمی فەرمی عێراقە، دەچێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە وەك ماددەیەکی سەرەکی.



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق
وزارة التربية

المديرية العامة للدراسات الكردية

العدد / ك ٢٣٨
التاريخ / ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٨

الى / المديريات العامة للتربية في المحافظات كافة / عدا اقليم كردستان
م / اعمام

تحية طيبة ..
الحاقاً بأعمامنا ذي العدد ك ٢١٨٠ في ٢٠١٨/٩/٢٤ .
ان الغرض من اعمامنا اعلاه هو تعليم ابنائنا الطلبة اللغة الكردية وزرع روح الاخوة والمحبة بين فسيفساء الشعب العراقي على ان تعامل مادة اللغة الكردية كغيرها من المواد من حيث الرسوب والنجاح وايلاء تدريس هذه اللغة الاهمية كونها اللغة الرسمية الثانية في البلاد حسب ما جاء في الدستور العراقي .
للتفضل بالعلم والعمل به .. مع التقدير

سناء كرمياني
المدير العام
٢٠١٨/١٢/٢٦

نوسراوی عێراق سەبارەت بەگرنگیدان بە زمانی کوردی



هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

ژمارەی نهێنی: ٤٦٠
ڕێکەوت: ٢٩ / ٣ / ٢٠١٧ ی زایینی
/ / ٢٧١٧ ی کوردی

No:
Date:

نهێنی دەرکردە

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە

**بڕیارماندا:**

١- لەمەودوا دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی ( **کۆمەڵەی پزیشکی، ئەندازیاری، زانست**) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان ( **فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زیندەوەر زانی، زمانی ئینگلیزی**) ئەژمار بکەن، ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزمەندانە دەبێت بە مەرجێک پێشکەشکار لەسەرجەم وانەکان دەرچوو بێت.

٢- ئەم بڕیارە لە پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی ئەم ساڵی خوێندن **(٢٠١٧ - ٢٠١٨)** جێبەجێ دەکرێت.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆ زانین و کاری پێوست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێوست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران/ بۆ زانین و کاری پێوست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2296768

www.mhe-krg.org
E-mail: minister.office@mhe-krg.org

هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨

نوسراوی وەزارەتی خوێندنی بالا ی کوردستان سەبارەت بۆ پشتگوێخستنی زمانی کوردی

### ٩٠. پەروەردەی ژینگەیی:

لە دنیادا ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگیی پاراستنی ژینگە زیاتر دەبێت و وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر گرنگیی پێدەدەن و بەتایبەتیش ئەمە لە ڕێگەی پەروەردەوە جێبەجێ دەکەن. بەڵام لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و پرۆگرامەکانی خوێندندا وەك پێویست گرنگی پێ نەدراوەو جێی نەکراوەتەوە، کە پێویستە ئەم مەسەلەیە بە جدی وەربگیرێت. ئەمساڵ پرۆگرامێك ڕاگەیاندراوە کە گوایە بابەتی ژینگە ئەخوینریت، لەهەندێ بابەتیش باسی ژینگەی تیایە بەڵام زیاتر لایەنێکی تیۆرییە نەك کرداری بابەتی فێرکردن و پەروەردەکردن. هەرچەندە هەوڵی تاکەکەسی هەبووە بۆ پرۆگرامێکی لەو جۆرە، بەڵام وەك پێویست کاری لەسەر نەکراوەو ڕێکنەخراوە.



# تەوەرەی یانزەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەکان

### ٩١. کۆنترۆڵی سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکان:

ئەزموونەکان و ئەزموونی کۆتایی ساڵ، بەتایبەتی کۆتایی قۆناغەکانی (٩)ی بنەڕەتی و (١٢) ئامادەیی ساڵانە گرفتی تێدەکەوێت، دیارە هۆکاریش زۆرن، هەر لە کەمی مامۆستایان کە راستکردنەوەو وردبینی بۆ دەفتەری تاقیکردنەوەکان دەکەن وەك پێویست نەبوونی شوێنی کۆنترۆڵ، دابین نەکردنی شوێنی مانەوە بۆ مامۆستاکان، بەتایبەت ئەوانەی لە شارەکانی ترەوە دێن، کەمی ئەو برە پارەیەی بۆیان سەرف دەکرێت و هیتر. وا باشترە وردتر کار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت چونکە داهاتووی ئەو خوێندکارانەی پێوە بەندە و بەرهەمی (١٢) ساڵ خوێندنیانە کە رەنگە بە تاکە یەك پۆینتە نمرە رێرەوی ژیانیان بگۆرێت.

لەبەر ئەوەی کۆی ژینگەی تاقیکردنەوەکان گونجاو نیە، بۆیە گرفت زۆرە، زۆر قوتابخانە هۆڵی تاقیکردنەوەی شیاوی نییە، بەسەرماو گەرما لەراڕەوەکاندا رەحلە دادەنێن، لەتاقیکردنەوەی وەزاری ١٢ ی ئامادەیی تا دوو ساڵ بەر لەئێستا هەفتەی دوو تاقیکردنەوە بوو، گرنگە ئەو شێوازە بگەرێتەوە. چونکە رۆژنارۆژێك خراپترین کاتی تاقیکردنەوەکانە چونکە خوێندکار فریای پێداچونەوە ناکەوێت، هەر لەقۆناغی ١٢ ی ئامادەیی دیارە پرسیاری وەزاری هەمووی هەڵبژاردنە، کەچی لەرێنماییدا هاتووە پرسیاری نیوەی ساڵ نیوەی هەڵبژاردن و نیوەی نووسینەکی بێت، ئەوەش سەر لێشێواندنی قوتابییە، رەواو لۆژیك نییە پرسیاری تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی مانگی چوارو وەزاریش هەمووی هەڵبژاردن بێت، کەچی نیوەی ساڵ وا نەبێت. کێشەیەکی دیکە سەبارەت بەهاتنەوەی ناوی مامۆستایانی چاودێر بۆتاقیکردنەوەکانی وەزاری، ساڵانە مامۆستا بۆهەردوو قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی و ١٢ ی ئامادەیی ناوی وەك چاودێر دەگەڕێتەوە، ئەگەر هەفتەی دوو تاقیکردنەوە بێت مانگێك لەپشووی خۆی کاتی دەڕوات، باشتر ئەوەیە مامۆستایانی ئامادەیی تەنها بۆچاودێری ١٢ ی ئامادەیی و مامۆستایانی بنەڕەتیش تەنها بۆ قۆناغی ٩ ی بنەڕەتی ناویان وەك چاودێر دابنرێن، بەمەش بێتاقەت نابن و کەمتریش خۆیان لەچاودێریکردن دەبوێرن. گرفتی دیکە پرسی دواخستنی پارەی مامۆستایانی چاودێرە، ئەمساڵ پارەی ساڵی پێشوو وەردەگرن، ئەمەش یەك لەهۆکارەکانی نەچوونیانە بۆچاودێریکردن. هەموو ساڵێك خوێندکار دەخرێتە دڵەڕاوکێوە لەوەی کە ئایا نمرەی پۆلی ١٠-١١ هەژمار ئەکرێت یان نا؟ لەوەی وانەکانی کوردی و عەرەبی هەژمار ئەکرێت یان نا؟ پرسیار ١٠٠٪هەڵبژاردن ئەبێت یان نیوە؟ جگە لەمانە پێوتنەوەی مامۆستا بەخوێندکارو خوێندکار بەخوێندکارێکی تر یەکێکە لەدیاردە هەرە ناشرینەکانی تاقیکردنەوەکان کە ئەمساڵ زۆر بەبەرفروانی لە هۆڵەکاندا هەبوەو تەنانەت بەڕیوەبەرایەتیشمان لێ ئاگادارکردۆتەوە کە هۆکاری ئەو کارە زۆر، بەڵام جگەلە گۆڕینی ئەو بەریوەبەرە یان مامۆستایە چی تر کراوە بۆ نەمانی ئەو حاڵەتە؟

## ٩٢. هەڵە لە پرسیاری تاقیکردنەوەکان:

هەڵەی پرسیارو چاك نەکردنی دەبێتەهۆی نەمانی متمانە بە پرۆسەکەو سەرەڕای چەندین کاریگەری نەرێنی تر. کە ئەم دیاردە نەشیاوە ساڵانە لەچەندین تاقیکردنەوەدا دووبارە بۆتەوە. باشە بۆ دەبێت چەندین ساڵ لەسەر یەکتر هەڵە لەپرسیاردا هەبێت ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧هەڵە هەبوو، چەندین سەرپەرشتیار هاتنە دەنگ وە لە راگەیاندنەکانیش بڵاوکرایەوە بەڵام هیچ نەکرا، ئەمساڵی خوێندیش (٢٠١٧-٢٠١٨) لە چەندین وانەدا هەڵە هەبوو بەڵام دوای فشارێکی زۆر تەنها وانەی بایۆلۆجی چوار نمرە گەڕێنرایەوە بۆ خوێندکاران.



بۆ / کۆنترۆلی ئامادەیی زانستی


بابەت / ڕوونکردنەوەی وەڵامی نموونەیی

لەبەر بەرژەوەندی گشتی قوتابیان بەمەبەستی زیاتر دڵنیابوون لە وەڵامی نموونەیی زیندەزانی تکایە خاڵی یەکەم و دووەم لە خوارەوە جێ بەجێ بکرێت

| ز | گروپی A | گروپی B | گروپی C | گروپی D | چارەسەرکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| -١ | پرسیاری ١٣ | پرسیاری ١٦ | پرسیاری ١٩ | پرسیاری ٢٢ | C + B بەڕاست دابنرێت |
| -٢ | پرسیاری ١٠ | پرسیاری ١٣ | پرسیاری ١٦ | پرسیاری ١٩ | D + B بەڕاست دابنرێت |

ڕونکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە هەڵەی وانەی زیندەوەرزانی

لەکاتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەی کۆتایی وانەی زیندەزانی پۆلی ١٢ی زانستیدا چەند هەڵەیەك لەپرسیارەکاندا ئاشکرا بوو، کە دوڵی و نیگەرانی لای خوێندکاران دروستکرد لەچۆنێتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ بڕیاردان لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەتاقیکردنەوەی زیندەزانیدا هەڵەی تێدا بوو. ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٣ لیژنەکەی وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا لەبارەی وەڵامدانەوەی پرسیارە هەڵەکانی تاقیکردنەوەی وانەی زیندەزانی پۆلی ١٢ی زانستی، و بڕیاریدا لەهەر گروپێك دوو لە وەڵامەکان بەڕاست دابنرێت.



نموونەیەکی پرسیاری تاقیکردنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی

بۆنموونە لە تاقیکردنەوەی زمانی کوردیدا نەنگیە نەتوانرێت ڕستەیەکی ڕێك و پێك دروست بکرێت! ڕستەیەکی شێواوی

ئـاوا بێنیتــەوە؟ "ســروود کــەبۆ جــەژنی نــەورۆز دەوتران لەشیعری کێ دەردەکەوێت؟"


ئەمە یەکێك بو لەپرسیارەکانی زمان و ئـەدەبی کـوردی پـۆلی دوانزەهــەمی ئامـادەیی! جگــە لــە هەڵــەی تایــپ، کەدەگمەنــە پرســیار هــەبێت و بەسەلامەتی لێی دەرچێت...


لـــە زۆربـــەی تاقیکردنـــەوەکانی پـــۆلی ١٢ی ئامادەیی، تاقیکردنەوەکان کێشـەو هەڵـەیان تیـادا هەبووە:

١–حاســـیبەیان هێنـــاوە بـــەبێ ئـــەوەی تاقیانکردبێتــەوە، کرپیوانــە و لەهەنــدێك لــە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە کارتۆنی واهـەبووە زیـاد لە نیـوەی کـاری نـەکردووە، مامۆسـتاش جگـە لـە ئیحراج بوون هیچی بۆ نەماوەتەوە.

٢–وەزارەت دەڵێـت کاتێـك مامۆسـتا پرسـیار دادەنێت با پرسیارەکان روون بن بۆ خوێندکار، کەچــــی وەزارەت و لیژنـــــەی پەیوەندیـــــدار لەتاقیکردنــەوەی زمــانی کــوردی ئــەوەی بــیری لێنەکردبێتــەوە پرســیاری روونــە، کــە دەزانێــت پرۆگرامی خوێنـدن بەکـەڵکی پرسیاری هەڵبـژاردن نایەت بۆ نایگۆڕێت؟!

٣–لەبابەتی بیرکاری هەڵبژاردن هاتۆتـەوە، لـە پرسیارێکدا دوو وەڵامی وەك یەکی تیادابوو، دیارە لـەکاتی سـەرقاڵیدا پرسیارەکان دانـراون، ئـەگینا هەڵەی وا ناکرێت!





نمونەیەکی پرسیاری تاقیکردنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی

### ٩٣. زۆربوونی حاڵەتی گزی (قۆپیە)کردن:

هەرچەندە بۆ ڕێگریکردن لە دیاردەی قۆپیەو گزیکردنی خوێندکاران یاساو ڕێنمایی هەیە، بەڵام وەك پێویست کاری لەسەر نەکراوە، هەرچەندە وەزارەتی پەروەردە، داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پێشگرتن لە گزیی قوتابییانی پۆلەکانی ٩ و ١٢ کردووە. یەك لەو ڕێوشوێنانە، نەمانی هێڵەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل و قەدەغەبوونی بلوتوسە، بەڵام دووکانداران ئاشکرای دەکەن کە جۆرە بلوتوسێکیان داناوە، تەنانەت پچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێت و مۆبایلیش کاریگەری لەسەریان نابێت.

بۆ ئەم مەبەستە بەشێك لە قوتابییان بلوتوسی بچووك دەبەنە ناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوە و بە هۆیەوە دەتوانن "گزی" بکەن و "ئەنجامی باش" بەدەست بێنن. تەنانەت جۆرێك بلوتوس هەبوو کە ئامێرێکی بچوك بوو هەندێك خوێندکار بەمەبەستی گزیکردن لەنێو گوێچکەیانجێگیریان دەکرد، کار گەیشتە ئەوەی ساڵی ٢٠١٦ وەزیری تەندروستی لە نووسراوێکدا کە ئاراستەی هەرسێ بەڕێوبەرایەتییەکەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)ی کردبوو، دووپاتی کردبووەوە بەهێچ شێوەیەك نابێت پزیشکانی (قوڕگ و لووت و گوێ) بە بێ ڕەزامەندی قوتابخانە و پۆلیس، هیچ گوێبیستێکی تایبەت بۆ قوتابییان دەربهێنن.

هەرچەندە وەزارەت چەند هەنگاوێکی گرتە بەر بۆ ڕێگریکردن لەو دیاردەیە، وەك پچڕانی هیڵەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل، ڕۆژانە ئاڵوگۆڕپێکردنی سەرپەرشتیارانی هۆڵەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی هیچ هۆڵێك بەهۆی پارەوە کۆنترۆڵ نەکرێت. جگە لەمە وەزارەتی پەروەردە لە ڕاگەیەنراوێکدا کە بڵاوی کردەوە، قوتابییان و مامۆستایانی ئاگەدار کردەوە لەوەی ئەوانەی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا گزی دەکەن یان یارمەتیدەریان بن، کار بە یاسای ساڵی ١٩٩٦ی عێراق دەکرێت و هەر کەس دزە بە پرسیارەکان بکات، زیندانی دەکرێت.

### ٩٤. ئاشکرابوونی پرسیاری تاقیکردنەوەکان:

کڕین و فرۆشتنی پرسیارەکان، یەکێکە لەدیاردە قێزەونەکانی تاقیکردنەوەکان و لەم ساڵانەی دواییدا سەریهەڵداوە، هەم بۆتە مایەی لەکەدار کردنی پەروەردەی هەرێم و هەم دروستبوونی دڵەڕاوکێ لەنێو خوێندکاراندا و هەم هێنانەکایەی جیاوازی لەنێوانیاندا، هەرچەندە وەزارەتی بەردەوام هەوڵی داوە بیشارێتەوەو دانی پێدانەنێت. بەڵام دیاردەکە ئەوەندە زەق بوو نەیتوانی بیشارێتەوە، ئەوەبوو لەکاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا ناچار بوو دانی پێدا بنێت و هەر لەم بارەیەوە ڕاگەیەنراوێکیشی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتبوو ٢٤ کەس بە تۆمەتی دزەکردنی پرسیارەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە هەولێر و سلێمان و ڕانییە و دەستگیر کراون. هەر لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتبوو:

١. گیرانی دوو بەڕێوەبەری هۆڵ و یاریدەدەرەکانیان لە سنووری گەرمیان (کفری).

٢. گیرانی بەڕێوەبەرێك و یاریدەدەرەکەی و (٩) کەسی تر لە سنووری ڕانیە و ئێستاش لە ئاسایشی ڕانیە دەستبەسەرن.

٣. گیرانی بەڕێوەبەرێکی هۆڵ و دوو چاودێر لە سەنتەری شاری هەولێر، بە هۆی ئەوەی سەعات (٠٠:٩) بە مۆبایل وێنەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانیان گرتووە بۆ ئەوەی بیاننێرنە دەرەوە، لە کاتێکدا بە پێی ڕێنمایی نابێت مۆبایل بچێتە هۆڵەکانەوە.

٤. گیرانی (١٥) کەس لەوانەی پڕوپاگندەیان کردووە بۆ دەستکەوتن و فرۆشتنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان و بازرگانیکردن بەم ناوەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر.

٥. لادانی (١٦) بەڕێوەبەری هۆڵ لە ئەرکەکانیان و دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و لادانی (٥) بەڕێوەبەری هۆڵ و یاریدەدەرەکانیان لە هەولێر.

٦. دەستگیرکردنی ژمارەیەك کەرەستە و ئامرازی وەك بلوتوس و مۆبایل و ئامێری دیکەی گزیکردن کە بەم هۆیەشەوە زیاتر لە (٢٥) قوتابی و خوێندکار دەردەکرێن و لە سەرجەم تاقیکردنەوەکانیش بێبەش دەکرێن و بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو کەسانەش دەکرێت کە بازرگانییان بەم ئامێرانەوە کردووە و سزای توند دەدرێن.

٧. چەند پەیجێکی کۆمەڵایەتی، زۆر نابەرپرسانە پڕوپاگندەی فرۆشتن و ئاشکرابوونی پرسیارەکانیان بڵاو کردەوە، بۆیە وەزارەتی پەروەردە داوای یاسایی لەسەر تۆمار کردوون و دڵنیاین چ ئەوانەی لە هەرێمن و چ ئەوانەیش کە لە دەرەوەی هەرێمن، لە ڕێگەی یاساوە بەدواداچوونی تەواویان بۆ دەکرێت و بە تێوەگلانیان سزای قورس دەدرێن و هەر کەسێکیش لەمەولا و بە هەر مەبەستێك بچێتە ئەم چوارچێوەیەوە وەزارەت بە پێی یاسا داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکات.

هەرچەند ساڵی ٢٠١٦ بەهۆی تێوەگلانیانەوە وەزارەتی پەروەردە ٧٧ کەسی لەبەڕێوەبەرو جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاو خوێندکار بەتۆمەتی ئاشکرابوونو دزەپێکردنی پرسیار لەپارێزگای هەولێرو هەردوو ئیدارەی گەرمیانو ڕاپەڕینی سنوری پارێزگای سلێمانی لەکارەکانیان دورخستەوەو دەستگیرکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی تاقیکردەوەکان دووبارە بکرێنەوە.

بەلام ئەم دیاردەیە بنەبڕ نەکرا، ساڵانی خوێندنی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ش بەردەوام بوو، بەپێی ئەو بەڵگانەی هەندێك لە میدیاکان بڵاویانکردەوە تەنانەت لەهەندێك لە بابەتەکاندا پێش هۆڵی تاقیکردنەوەکان پرسیارەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون و ڕێشوێنەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی بە نهێنی مانەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بپارێزێت لەوەی بەر لەتاقیکردنەوەکان نەچێتە دەست خوێندکاران.

بۆ نمونە: ساڵی خوێندنی ٢٠١٧–٢٠١٨ یەکێك لەو وانانەی کە چەندین بەڵگە خراونەتەرو کە فرۆشراوە کیمیای پۆلی ١٢ زانستی بوو، هەروەها وانەکانی ئینگلیزی و بیرکاری، ئەوەی گومانەکە دەکات بەراستی، ئەوەیە کە خوێندکار هەیە کۆی نمرەکانی هاتۆتەوە، بەڵام لە وانەی کیمیادا نوسراوە ڕاگیراوە، ئەمە یەکەم جارە ئەوە لە کارتی خوێندکاردا ببینرێت، ئایا ئەمە مانای چییە؟ دواخستنی زیاتری ئەنجامەکان دیسان پرسیار دروست دەکات؟

هەرچەندە وەزارەتی پەروەردە ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو پرسیارانە دزەیا پێکرابێت. بەڵام ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان وتی "بێ ئاگا نەبوین لەئاشکرا بوونو دەزەکردنی بەشێك لە

پرسیارەکان، هەموو بەڵگەکانی ئاشکرابوونی پرسیارەکانمان رادەستی وەزارەت کردووەو بەزوترین کات لەگەڵ وەزیری پەروەردەو ستاڤی ئەزمونەکان لەسەر ئەو پرسە کۆدەبینەوە". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامێکی نەبوو.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو بەڕێوەبەر و مامۆستایانەی بەم تۆمەتە دەسگیرکرابوون، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و تۆڕبەندی، پرسیاری تاقیکردنەوەکانی دوانزەی ئامادەییان بە نرخێکی خەیاڵی بە قوتابیان فرۆشتبوو، لەڕێگەی بلوتسەوە وەڵامی پرسیارەکانیان بۆ قوتابیان نارد بوو، کەچی کە ئاشکرا بوون و دەستگیر کران هەندێکیان، دوای لێکۆڵینەوە وەزارەت گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو بە ناو مامۆستایانە ئازاد بکات و هەمان ستاف بۆ سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بەردەوامبن.

یەکێك لە گرفتەکانی ئەم بوارە ئیستیغلال کردنی کەسانێك بوو کە هەندێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەروبەندی ئەزموونە گشتییەکاندا پەیج و ئەکاونتی نەناسراو دەکرێنەوە و ڕۆژانە هەواڵی نادروست و هەڵبەستراویان دەدا بەگوێی خوێندکاراندا، ئەم حاڵەتەش دەبووە هۆی توشبوونی خوێندکاران بەدڵەڕاوکێ و نائومێدکردنیان، بەداخەوە بەشێك لە خوێندکارانیش دەکەوتنە ژێر کاریگەری و چاوەڕوانی پرسیارو وەڵامەکانی ئەزموونە گشتییەکان بوون، هەندێك لە خوێندکاران هەتا بەرەبەیان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت دەمانەوەو نەدەخەوتن لەچاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی پرسیار و وەڵامی ئەزموونەکاندا، کەسانێك هەبوون لەناو ئەو گروپانەدا یارییان بەهەستی خوێندکاران دەکرد کە گوایە پاش چەند خولەکێکی تر وەڵامەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵام تەنها قسەی بێ بنەمابوون و هیچی تر، هەندێکی تر دەیانگوت کێ وەڵامەکانی دەوێت بەرامبەر بڕێك پارە، با نامە بنێرێت، کە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کەسانێك هەن لەو کاتانەدا دەستی خوێندکاران دەبڕن و پارەیان لێوەردەگرن و خۆیان کۆمەڵێك پرسیار ئامادەدەکەن و کلێشەی پرسیارەکان ساختە دەکەن و دەیفرۆشنەوە، کە دواتر دەردەکەوێت هیچی ڕاست نییە، هەندێکی تر دەچن پرسیارەکانی ساڵانی ڕابردوو کۆپی دەکەنەوەو ڕێکەوتەکەی دەگۆڕن بەپرسیاری نوێ دەیفرۆشنەوە، ئەمانە هەمووی دەستخەڕۆکردنی خوێندکاران و شەڕێکی دەروونییە بەرامبەریان دەکرێت.

# تەوەرەی دووانزەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە لایەنی کارگێڕی

### ٩٥. بێ پلانی وەزارەتی پەروەردە:

وەزارەتی پەروەردە بێ پلانە، زیاتر کار رایی کردنی رۆژانەو تێپەڕاندن و بە میزاج ئیشکردنە، بۆ نمونە پلانی نیە کە سالنامەی خوێندن چۆن جێبەجێبکات، پلانی نیە کە سالانە لەچ وادەیەکدا زەنگی خوێندن لێبدرێت، پلانی نیە سالانە پێوەرەکانی داخل کردنی خوێندکاران بۆ قۆناغە کۆتاکان چۆن بێت، پلانی نیە کە کەی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پۆلی ١٢ رابگەیەنێت، پلانی نیە کە هەژمارکردنی نمرەکانی پۆلیکانی ١٠ و ١١ چۆن بێت، وەزارەتی پەروەردە هەر رۆژ و مانگ و سالێك بریارێك دەر دەکات، زۆربەی کات لە بریارەکان مەزاجین و مامۆستاو سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرەکان تووشی شۆك دەکەن، ئەمانە هەمووی بێ پلانی وەزارەتەو رەنگدانەوەی خراپی لەسەر پرۆسەی پەروەردە دەبێت.

### ٩٦. نەگونجاویی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان:

پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان بەشێوازێکی کلاسیکەو لەگەل سەردەمدا ناگونجێت و رۆتینیات و کۆسپی زۆر دروستدەکات و پێویستی بە گۆڕین و پێداچوونەوە هەیە، لەماوەی ئەم چوار سالەی رابردوودا نەك هەر چارە نەکرا بەلکو ئالۆزتر بووە.

### ٩٧. نەبوونی ئاماری پێویست لەبەر دەستی وەزارەت:

پێویستە وەزارەت ئاماری پێویستی لەسەرجەم بوارەکاندا لەبەر دەستدا بێت بۆ دارشتنی پلانی ستراتیژی خۆی دروستکردنی قوتابخانە لە ناوچە جیاجیاکان و دامەزراندنی مامۆستا و ژمارەی مندالی لەدایکبووی سالانە و ژمارەی ئەو مندالانەی سالانە تەمەنیان دەگاتە ئاستی ئەوەی بچن بۆ بۆ قوتابخانە. بێگومان ئەمەش لەگەل بەڕێوەبەرێتی ئامار و وەزارەتی پلاندانان دەبێت. بەلام لەوە دەچێت نەیبێت. بۆ نمونە ئێستا پێمان وانیە وەزارەت ژمارەو رێژەی ئەو مندالانەی لەبەردەستدا بێت کە سالانە پێویستە پەیوەندی بە خوێندنەوە بکەن بەلام نەیانکردووە.

نەك هەر ئەمە بەلکو وەزارەت لە داتاو ئاماری پەیوەندیدار بەخۆشیەوە کێشەی هەیەو وەك پێویست نیە، بۆ نمونە زۆربەی کات لەوەرزی دووەمی خوێندندا داوای داتای سالی ڕابردوو دەکرێت بەلام ئەلێن ئامادە نیە.

### ٩٨. نەبوونی چاودێریی پێویست:

بەشێك لە مامۆستایان زۆرجار بەهۆی ئەوەی چاودێری پەروەردەیان لەسەرنییە، خەریکی بانگەوازی ئایینین لە وانەکانیاندا، بۆنمونە تەداخولی جلی کچان دەکەن و وەعزی دینی دەدەن ودەیانشکێننەوەو تانەو تەشەریان لێدەدەن و مەهام و گرنگی پیشەی مامۆستایی جێبەجێ ناکەن، بەتایبەتی لە قەزاو ناحییەکان!

### ٩٩. راوێژکارانی وەزارەت:

کاتێك وەزارەت راوێژکار دادەنێت، بەپێی یاسای وەزارەت نابێ لە چوار راوێژکار زیاتر بێت. ئەوانەش کە بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان دەکرێن پێویستە چەند مەرجێکیان تێدا بێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت وەزارەتی پەروەردە ژمارەی راوێژکارەکانی بەپێی ئەوەی لەسەر ماڵپەڕە فەرمیەکەیدا هاتووە زۆر لەوە زیاترە، کەچی لەمەیدانی پراکتیکدا پێچەوانەیە.

### ١٠٠. بەڕێوەبەرە گشتیەکان:

بەڕێوەبەرە گشتیەکان پێویستە لە دانانیاندا پسپۆری رەچاو بکرێت و کەسانێکی لێهاتو و لێوەشاوەو شارەزا بن، نەوەکا تەنها لایەنی حزبی لەبەرچاو بگیرێت. خۆ ئەگەر مەرجە ئەو بەڕێوەبەرە گشتیە لە حزبی (أ) بێت ئەوا باشتر وایە باشترین کادری شارەزای ئەم بوارە لە حزبی (أ)دا دەستنیشان بکرێت. دیارە بۆ حزبی (ب) و (ج)یش بە هەمان شێوە. هەق نیە وەزیر قبول بکات کەسانی ناشایستە دابنرێن. چونکە بەداخەوە هەندێك لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان وەك پێویست نین. کە کێشەی زۆرینەی وەزارەتەکان نەبوونی پسپۆری و شارەزایی زۆرینەی بەڕێوەبەرەگشتیەکانە.

### ١٠١. بەڕێوەبەری پەروەردەکان:

بەڕێوەبەری پەروەردە پۆستێکی گرنگە، هەمان ئەوەی سەبارەت بە بەڕێوەبەرە گشتیەکان بەسەر بەڕێوەبەری پەروەردەکانیشدا جێبەجێ دەبێت. بەڕێوەبەری پەروەردە جگە لەوەی پێویستە شارەزابێت، دەبێت مەیدانی و گورج و گۆڵیش بێت. هەندێك لە بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە لە ئاستی پێویستدا نین و پێویستە چاوپێداخشاندنەوەیان بۆ بکرێت.

گرفتی گەورەی پەروەردە دانانی بەڕێوەبەری گشتی و پەروەردەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەو هەتا یاریدەدەرکانیشە لەسەر بنەمای حزبی و بەش بەشێنەی حزبی، لەجیاتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان و ئیدارەی قوتابخانەکان، ناوچەو کۆمیتەو لق و مەڵبەند مامۆستا دەکەنە بەڕێوەبەرو یاریدەدەر! راستییەکەی دەبوو لەئاستی پێکهێنانی حکومەتدا وەزارەتی پەروەردە دووربخرێتەوە لەبەش بەشێنەی حزبی و ئەو ئەرکە لەهەموو پەیکەرەکانی وەزارەتدا بەکەسانی شارەزا سپێردرابا، زۆر گرفتی پەروەردەی زادەی ئەو لایەنەیە.

### ١٠٢. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان:

بەشێکی شکستی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمدا بەر بەڕێوبەرەکان دەکەوێت، چونکە هەموو تیۆرە پەروەردەییەکان کۆکن لەسەر گرنگی رۆڵ و کارو بەرپرسیارێتی بەڕێوبەری خوێندنگا وەکو پێشەنگ و رابەرێکی پەروەردەیی لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و گەورەترین بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی، پێویستە بەڕێوبەری خوێندنگا لە هەموو مامۆستاکانی خۆی خوێنەوارترو موتابیعتربێت، چونکە سەرکردایەتیان دەکات و کۆبوونەوە بە فێرخوازو مامۆستاو دایك و باوکی خوێندکارو کەس و کاریانەوە دەکات، لەکاتێکدا زۆربەی کات بەم شێوەیە نیە،

بەڕێوبەری خوێندنگا ڕۆڵەکەی ڕابەری پەروەردەییەو دەبێت چاوی لێبکرێت و سوودی لێببینرێت و سەرمەشق بێت بۆ مامۆستاکانی خۆی.

بەپێی بڕیاری وەزارەت ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەبێت بە تاقیکردنەوە دابنرێن، بەلاّم هێشتا وەك پێویست ئەم بڕیارە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت مەسەلەی حزبایەتی و مەحسوبیەت زاڵە. ئەوەی تا ئێستاش زاڵە لەدانانی بەڕێوەبەری گشتی و پەروەردەکان و هەتا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان حزبەکانن، هەرچەندە ئێستا دەوترێت سیڤی وەردەگیرێت، بەلاّم کار لەسەر ئەو سیڤیانە ناکرێت، کەسانێك دائەنرێن کە حزبی بن، جگەلەوە زۆر گرنگە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بگۆڕێن، بەرێوەبەر هەیە سی ساڵە بەڕێوەبەرە لەکاتێکدا هەر میکانیزمی کۆن دائەنێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی لەبەرامبەریشدا کەسانی دڵسۆز و لێهاتو شارەزا هەن دەتوانن رۆڵی باش بگێڕن بۆ بەرەو پێش بردنی قوتابخانەکەی و دواتر پرۆسەکە.

### ١٠٣. سەرپەرشتیاری:

سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی گرفتی جیاوازی دەرماڵەیان هەیە، جیاوازی لە نێوان پارێزگایەك و پارێزگایەکی تردا هەیە، جیاوازی لە نێوان دەرەوەی شار و ناوەوەی شاردا هەیە، جیاوازی لە دەرماڵەی هاتو چۆیاندا هەیە. کە هەموویان لە چوارچێوەی یەك وەزارەتدا بن و یەك کار بکەن ناکرێت ئەم هەموو جیاوازییە هەبێت و پێویستە ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت.

وەزارەتی پەروەردە پێویستە بەدواداچونی وردی هەبێت لەسەر سەرپەرشتیاری چونکە بەداخەوە وەك پێویست نیە یان ئەوەیە رۆڵ و ئەرکیان بگۆڕێت، ڕاستە چەند گۆڕانکارییەك کراوە بەلاّم ئەوانە نەبوونەتە نەریت و خوی سەرپەرشتیاران و هیچیان بۆ پرۆسەکە زیاد نەکردووە یان نەگۆڕیوە، بگرە زۆرجار بارێکی گران بون بەسەر پەروەردەوە.

### ١٠٤. ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز:

لەهەموو دونیادا ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە واتە پسپۆڕ و تایبەتمەندن لە قوتابخانە بنەرەتییەکان دائەنرێن، بەلاّم لێرە بەپێچەوانەوەو هاوکاتیش وەزارەت ڕێگە نادات یان کار ئاسانی ناکات بۆ مامۆستایان تا بتوانن گەر زەماڵەش نەبێت لەسەر حسابی خۆیان بخوێنن.

### ١٠٥. ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە:

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە گرفتی زۆرە، زۆرینەی ئایکۆنەکان کە دەکرێنەوە یا بەتاڵن و هیچیان تیا دانەنراوە، یا دەڵێت لەژێر کارکردندایە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە مامۆستایان و خەڵکی کوردستان وەك پێویست ئاگاداری بڕیار و ڕێنماییەکان و بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردە نەبن.

### ١٠٦. بینا داگیر کراوەکانی پەروەردە:

بە پێی ئامارێك لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی (١٥٠) بینای وەزارەتی پەروەردە، لە لایەن حزبە سیاسیەکان و بەرپرسان و رێکخراوەکان و دامودەزگەی غەیرە پەروەردەیی و هاوڵاتیانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. کە ئەمە لە کاتێکدایە کە پەروەردە خۆی بینای کەمە کەچی ناتوانێت بەکاریان بهێنێت و رادەستی ناکرێتەوە. هەر بۆ زانیاری نزیکەی (٢٠) بینای قوتابخانە لەلایەن قوتابخانە ئەهلیەکانەوە بەکار دەهێنرێن، لە کاتێکدا بەپێی یاسا دەبێت ئەم قوتابخانە ناحکومیانە خۆیان بینا بۆ خۆیان دروست و دابین بکەن، چونکە کەرتی تایبەتن و کرێی خوێندن لە خوێندکاران وەردەگرن. بەڵام نازانرێت ئاخۆ بۆچی وەزارەتی پەروەردە کە خۆی گرفتی بینای هەیە کەچی ئەم بینایانەی بە کەرتی تایبەت بەخشیوە. هەرچەندە وەزیری پەروەردە ماوەی دوو ساڵە باسی ئەوە دەکات گوایە لە دادگا سکاڵایان لەسەر ئەو لایەنانە تۆمار کردووە کە بیناکانیان داگیر کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.




**نارەزایی منداڵان لە داگیرکردن و زەوتکردنی قوتابخانەکەیان**

# تەوەرەی سیانزەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە پەروەردەی تایبەت و خاوەن پێداویستەکان

## ١٠٧. پەروەردەی تایبەت:

لە وڵاتـانی پێشـکەوتوو دا پـەروەردەی تایبـەت (بـۆ خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتـەکان) گرنگیـی خـۆی هەیـە، لـە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمدا هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بەم بوارە هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەکـە کـارا نیە، ولە مەیدانی پراکتیکی دا بەتەواوی پشتگوێ خراوەو کاری بۆ ناکرێت و پرۆگرامی تایبەتیشی نیە، کە ئەم بـوارە پێویستی بە هۆکاری فێربوونی تایبەت و راهێنانی مامۆستایان لەم بوارەدا و بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری گشـتی هەیـە. بەتایبەت ئەم چەند ساڵەی دوایی زۆر خراپتر بووە بەتایبەت بەهۆی دابینەکردنی پارە بۆ مامۆسـتاکانیان و هـەروەها دابیننەکردنی پێداویستیەکانیان و نەبونی مامۆستاش بەتایبەت کەسانی تر رانەهێنراون بۆ ئەو بوارە. هەتا لەهەنـدێك قوتابخانە کە ژووری تایبـەتیان هـەبووە ئێسـتا داخـراوە. تاکـە شـتێك کرابێـت دامەزرانـدنی چـەند مامۆسـتایەك بـوو کەدەرچووی بەشی پەروەردەی تایبەتی زانکۆی سەلاحەدین بوون، بەڵام رێژەکەیان کەم بوو. لەم خشتانەدا ژمـارەی ئەو خوێدکارانەمان بۆ دەردەکەوێت کە خاوەن پێداویستی تایبەتن:

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ٣٧٥٠ |
| ٢ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ٢٨٤٣ |
| ٣ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٨٤٥٥ |
| ٤ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٨٩٠٦ |

| ژ | ساڵی خوێندن | قوتابخانە | خوێندکارانی پەروەردەی تایبەت | | | مامۆستای پەروەردەی تایبەت | | | هۆبە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کور | کچ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | کور | کچ | تێکەلاو | کۆ |
| | ٢٠١٥–٢٠١٦ | | ٩٨٣ | ٥١٢ | ١٤٩٥ | | | | ٩٠ | ٢٤ | ٢٤٧ | ٣٨٨ |
| | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٢١٦ | ٧٥ | ٤٠٤ | ١١٥٦ | ١٠٣ | ١٢٩ | ٢٣٢ | ٥١ | ٢٠ | ٢٠٧ | ٢٧٨ |
| | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٢٣٢ | ٨٨٣ | ٥٠٥ | ١٣٨٨ | ١٠٣ | ١٢٠ | ٢٢٣ | ١١٠ | ٤١ | ٢٦١ | ٤١٢ |

## ١٠٨. خوێندنی نابینایان:

لە هـەرێمی کوردسـتاندا (لـە هەرسـێ پارێزگـەی هـەولێر و دهـۆك و سـلێمانی) چـەند قوتابخانەیـەکی تایبـەت بـە خوێندنی نابینایان هەیە، لەوانە (پەیمانگەی روونـاکی بـۆ نابینایـان)، بـەڵام ئـەم پەیمانگەیـەش کـەم و کـوڕی زۆرە، پێداویستییان نیە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت کتێبی پرۆگرامیان نیە کە بە رێنوسی (برایـل) نوسـرابێت، چـاپخانەیەکی (برایل) کە تایبەتە بە نابینایان لە هەرێمی کوردسـتاندا نیـە بـۆ چـاپکردنی کتێبـەکانیان، (کۆمپیوتـەری زیـرەك) کـە یەکێ لە پێداویستیە گرنگەکانیانە نیانە، تاقیگەی دەنگی و سـتۆدیۆی پێویسـتیان نیـە، زۆربـەی وانـەکانیان لەسـەر

سیدی تۆمار دەکرێت بەڵام نە کادیرێکی ئەوتۆیان هەیە نە بودجەی پێویست و لە گەورەترین تەنگوچەڵەمەدا دەژین. هۆکارەکانی گواستنەوەیان وەك پێویست بۆ دابین نەکراوە، کارمەند و مامۆستاکانیان پێویستە حیسابی تایبەتیان لە موچەو دەرماڵە بۆ بکرێت بۆیان نەکراوە. ئەمانەو چەندین گرفتی تر کە لەم پەیمانگانەدا هەیە. جگە لەمانە لە هەموو وڵاتێکدا وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لە پرۆسەی پەروەردەی وڵات، بەڵام ئەم قوتابخانانە لە هەرێمی کوردستان سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین نەك پەروەردە کە ئەمەش یەکێك لە گرفتەکانیان.

### ١٠٩. پەیمانگەی بیر کۆڵان:

لە هەرێمی کوردستاندا (لە هەرسێ پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی) چەند قوتابخانەیەکی تایبەت بە خوێندنی بیرکۆڵان (ئەوانەی ئاستی ژیریان وەك پێویست نیە و درەنگ تێدەگەن) هەیە، لەوانە (پەیمانگەی بیر کۆڵان)، بەڵام ئەم پەیمانگەیەش کەم و کوڕی زۆرە، پێداویستییان نیە، هۆکارەکانی فێربوونیان نیە. هۆکارەکانی گواستنەوەیان وەك پێویست بۆ دابین نەکراوە، کارمەند و مامۆستاکانیان پێویستە حیسابی تایبەتیان لە موچەو دەرماڵە بۆ بکرێت بۆیان نەکراوە. ئەمانەو چەندین گرفتی تر کە لەم پەیمانگانەدا هەیە. (هەرچەندە ئەمە ئێستا بە فەرمی لەسەر وەزارەتی پەروەردە نیە و لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و لە هەموو دنیادا سەنتەر و پەیمانگەکانی فێرکردن و پەروەردە لەسەر وەزارەتی پەروەردەن، هەرچەندە هەوڵی زۆر درا کە بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش رەزامەند بوون، بەڵام خودی وەزارەتی پەروەردە وەری نەگرتن).

### ١١٠. پەیمانگەی هیوا بۆ نابیستان:

لە هەرێمی کوردستاندا (لە هەرسێ پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی) چەند قوتابخانەیەکی تایبەت بە خوێندنی نابیستان هەیە، لەوانە (پەیمانگەی هیوا بۆ نابیستان)، بەڵام ئەم پەیمانگەیەش کەم و کوڕی زۆرە، پێداویستییان نیە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت وەك پێویست کتێبی مەنهەجیان نیە کە بە زمانی ئاماژە نوسرابێت، تەنها یەك کتێبیان هەیەو کتێبەکانی تریان ئامادەن بۆ چاپ بەڵام کەس نیە چاپی بکات و هیچ کەس و لایەنێك بودجەی بۆ دابین ناکات، هۆکارەکانی فێربوونیان نیە. هۆکارەکانی گواستنەوەیان وەك پێویست بۆ دابین نەکراوە، کارمەند و مامۆستاکانیان پێویستە حیسابی تایبەتیان لە موچەو دەرماڵە بۆ بکرێت بۆیان نەکراوە. ئەمانەو چەندین گرفتی تر کە لەم پەیمانگانەدا هەیە. (هەرچەندە ئەمە ئێستا بە فەرمی لەسەر وەزارەتی پەروەردە نیە و لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و لە هەموو دنیادا سەنتەر و پەیمانگەکانی فێرکردن و پەروەردە لەسەر وەزارەتی پەروەردەن، هەرچەندە هەوڵی زۆر درا کە بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش رەزامەند بوون، بەڵام خودی وەزارەتی پەروەردە وەری نەگرتن).

### ١١١. سەنتەرەکانی راهێنانی ئۆتیزم:

لە هەرێمی کوردستاندا چەند سەنتەرێك هەیە بۆ راهێنـانی ئـەو منالانـەی نەخۆشـی ئۆتیزمیـان هەیـە، بـەڵام ئـەم سـەنتەرانەش بـە هـەمان شـێوە گرفتیـان هەیـە، راهێنـەری وەك پێویسـت و شـوێنی راهێنـانی گونجـاو و هۆکـار و پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە. (هەرچەندە ئەمە ئێستا بە فـەرمی لەسـەر وەزارەتـی پـەروەردە نیـە و لەسـەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و لە هەموو دنیادا سەنتەر و پەیمانگەکانی فێرکردن و پـەروەردە لەسـەر وەزارەتـی پـەروەردەن، هەرچـەندە هـەوڵی زۆر درا کـە بخرێنـە سـەر وەزارەتـی پـەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش رەزامەند بوون، بەڵام خودی وەزارەتی پەروەردە وەری نەگرتن).



# تەوەرەی چواردەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە هەندێك قوتابخانە

### ١١٢. قوتابخانەی نمونەیی:

کار کردن بە دوو شێوازی (قوتابخانەی نمونەیی) و (قوتابخانەی نا نمونەیی) یەکێکی ترە لە گرفتەکان، ئەمە خۆی لەخۆیدا جیاوازی کردنە لە نێوان منداڵاندا کە هیچ جیاوازییەکیان نیە و هەردووکیشیان بە هەمان ستاف و بەهەمان پرۆگرام و لە هەمان بینای حکومیدا لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەمە دروستکردنی جیاوازی و هەستکردنە بە لاوازی لەلایەن مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگا نانمونەییەکانەوە. هەرچەندە بەپێی بڕیارێکی وەزارەت ئێستا قوتابخانەکان ئەو ناوەیان لێکراوەتەوە نمونەیی و نانمونەیی نەماوە، بەڵام جیاوازیکردن هەرماوەو بەتایبەت لەقوتابخانەی گەرەکێك بۆ یەکێکی تر یان لەدەرەوە بۆ ناو شار، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەڕێوەبەری قوتابخانە نمونەییەکان تابلۆ کۆنەکانیان لانەداوە، لەڕووی پراکتیکیشەوە دیاردەکە هەر ماوە، پێویستی بە چارەسەرە و گرفتێکی گەورەیە و پێویستە بنەبڕ بکرێت و هەموو قوتابخانەکان بەیەك چاو سەیر بکرێن.

### ١١٣. باخچەی منداڵان:

باخچەی منداڵان یەکەم خوێندنگەی منداڵانە لە دەرەوەی خێزان کە رووی تێدەکات، وە گرنگیی تایبەتی خۆیشی هەیە و بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قوتابخانە دەچن جیاوازن لەوانەی نەچوونەتە باخچەی منداڵانەوە. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا باخچەی منداڵان وەك پێویست نیە، جگە لەوەی لە لادێکان هەر بوونی نیە و لە شارۆچکەکاندا بە دەگمەن و لە شارە گەورەکانیش زۆر بە کەمی. ئێستا لە هەموو هەرێمی کوردستاندا تەنها (٥٤٥) باخچەی ساوایان هەیە. جگە لەمە گرنگی پێنەدراوەو باخچە حکومیەکان دادە و مامۆستای وەك پێویستیان نیە و ڕاهێنراویش نین لەشێوازی وتنەوەی وانەکان و رەفتاریان لەگەڵ منداڵەکان وەك پێویست، ئەوانەی مامۆستان و حەزدەکەن ڕاژەکەیان بگوێزنەوە بچنە باخچە وەکو شوێنی ئاسانتر ئیسراحەتی لێدەڕوانن! زۆربەی بیناکانیان گونجاو نین بۆ باخچەی منداڵان و کەلوپەلی یاریی منداڵانیان وەك پێویست نیە. سەبارەت بە باخچە ئەهلیەکانیش ڕێنماییەکان نەوەك پێویستن و نەوەك پێویستیش جێبەجێ دەکرێن و جۆرەها گرفت رووی تێکردوون. ئاماری پێنج ساڵی رابردووی باخچەی ساوایان لە هەرێمی کوردستاندا:

| ژ | ساڵی خوێندن | باخچەی ساوایانی حکومی | | باخچەی ساوایانی ناحکومی | | سەرجەم باخچە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ژمارەی باخچە | | ژمارەی باخچە | ٤٨٧ | ٤٨٧ | حکومی و ناحکومی |
| | | ژمارەی منداڵ | | ژمارەی منداڵ | ٧١٨٤٧ | | حکومی و ناحکومی |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ژمارەی باخچە | | ژمارەی باخچە | ٥٠٨ | ٥٠٨ | حکومی و ناحکومی |
| | | ژمارەی منداڵ | | ژمارەی منداڵ | ٦٩٤٤٠ | | حکومی و ناحکومی |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ژمارەی باخچە | ٤١٨ | ژمارەی باخچە | ٩٩ | ٥١٧ | |
| | | ژمارەی منداڵ | ٧١٧٦٤ | ژمارەی منداڵ | ٧١١١ | | |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ژمارەی باخچە | ٤١٧ | ژمارەی باخچە | ١١٠ | ٥٢٧ | |
| | | ژمارەی منداڵ | ٥٩٦٧٥ | ژمارەی منداڵ | ٧٨٦٣ | | |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ژمارەی باخچە | ٤٢٦ | ژمارەی باخچە | ١٢٥ | ٥٤٥ | |
| | | ژمارەی منداڵ | ٦٧٧٧٥ | ژمارەی منداڵ | ١٠١٢٦ | | |

### ١١٤. خوێندنی خێرا:

خوێندنی خێرا دەرگایەکی گرنگە پەروەردە بەڕووی ئەوکەسانەدا کردوویەتیەوە کە بەتەمەنن و خوازیارن فێری خوێندەواری ببن. بەڵام ئەمەشیان بێ گیرو گرفت نیە. لە هەرێمی کوردستاندا ئێستا (٥١) قوتابخانەی خوێندنی خێرا هەیە، بەشی هەرە زۆریان کێشەی بینا و نەبوونی مامۆستا و پرۆگرامیان هەیە.

بە بێی توێژینەوەیەکی زانستی کە لەبەردەستماندایە رێژەی تەنها (٣١.٣٪) لەو پرۆگرامە رازین کە دەیخوێنن. رێژەی (٢٤.٦٪) لەو بینایە رازین کە وانەی تێدا دەخوێنن. گەلێ ناوچەش هەیە داوای کردنەوەی ئەم قوتابخانانەیان کردووە بەڵام بۆیان نەکراوەتەوە. بەپێی ئەم خشتەیە کە ئاماری پێنج ساڵی خوێندنی خێرا لە هەرێمی کوردستاندا دەردەخات، ساڵ بەساڵ ژمارەی قوتابخانەکان کەمتر بۆتەوە، ئەوەتا ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤ لە هەرێمدا (٩٣) قوتابخانە هەبووە کە (١٠١٦٧) خوێندکار تیایاندا خوێندوویانە، کەچی ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ کەمبۆتەوە بۆ (٥١) قوتابخانە و (٤٤٧٦) خوێندکار!

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی قوتابخانەو خوێندکاران | |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ژمارەی قوتابخانە | ٩٣ |
| | | ژمارەی خوێندکار | ١٠١٦٧ |
| ٢ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ژمارەی قوتابخانە | ٨٢ |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٨٢٦٨ |
| ٣ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ژمارەی قوتابخانە | ٧٦ |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٧٣٤٨ |
| ٤ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ژمارەی قوتابخانە | ٦٥ |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٥٥٢٣ |
| ٥ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ژمارەی قوتابخانە | ٥١ |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٤٤٧٦ |



پۆلێکی خوێندنی خێرا لە هەرێمی کوردستان

لە قوتابخانە خێراکان هەر قوتابییەك تەمەنی لە ٣٠ ساڵ تێپەڕی نەکردبێ، وەردەگیرێ و دەست بە خوێندن دەکاتەوە بە ساڵێك دوو قۆناغی خوێندنی بڕیوە و لە پۆلی یەك تا پێنجی بنەڕەتی هەبووە، بە سەرکەوتن لە هەر پێنج ساڵەکەی خوێندن، قوتابی بڕوانامەی پۆلی نۆی بنەڕەتی بە دەست هێناوە. بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت پەروەردە ساڵ بەساڵ ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کەمکردۆتەوەو دایخستوون.

بەرپرسای پەروەردە پێیانوایە بەهۆی کەمی چاپ کتێبی خوێندنیان بارگرانی زۆریان لەسەر پەروەردە دروست کردووە، بۆیە ئێستە گفتوگۆ زۆر لەسەر ئەو پرسە دەکرێ و زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن کە قوتابخانە خێراکان دابخرێن، و ڕەنگە لە داهاتوو بڕیارێکی لەو شێوەیە بدرێت.

### ١١٥. قوتابخانەی بەهرەداران:

لـە هـەر سـێ پارێزگـەی هـەولێر و دهـۆك و سـلێمانی سـێ قوتابخانـەی بـەهرەداران هەیـە، ئـەم قوتابخانانـە بـە هەرسێکیان ژمارەی خوێندکارەکانیان نزیکەی (١٥٠) خوێندکار دەبێت. هەرچەندە ئاستی زانستی لەم قوتابخانانـەدا زۆر بەرزەو ئەو منداڵانەی تیایدا دەخوێنن ئاسایی نین لە زیرەکیدا. بـەڵام گـیر و گرفتـی بینـا و نـەبوونی مامۆسـتا و رێنمـایی و سیسـتـەمیان هەیـە،. ئـەم قوتابخانانـە لـەنێوان وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیەکانـدا بونەتـە قوربـانی تاقیکردنەوەی وەرگرتن و ژمارەی خویندکاریش وەك پیویست نیە.




کۆلیجی ئەزمەڕی بەهرەداران لە سلێمانی لەکاتی چالاکیەکدا

### ١١٦. پەیمانگەکانی (هونەرە جوانەکان، کۆمپیوتەر، وەرزش):

لـە زۆربـەی سـەنتەری پارێزگـاو شـارە گـەورەکانی هەرێمـدا ئـەم پەیمانگایانـە هـەن، کـە ژمارەیـان دەگاتـە (٧٠)پەیمانگە، لەوانە (٢٩)یان حکومی و (٤١)ی ناحکومین، بوونی ئەم پەیمانگایانەش گرنگە بۆ پێگەیانـدنی کـادری هونەری. بەڵام ئەوانەش کەم کێشە نین، بۆ نمونە: پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بـەڵام هـۆڵی شـانۆی وەك پێویسـت نیە، ئامێری مۆسیقای نیە، تەنوری سورکردنەوەی نیە، پێداویستیەکانی رۆژانە بەکاری دەهێنن نیانە. بۆ پەیمانگـەی کۆمپیوتەریش هەروایەو سـەیر تـرە، چـونکە کۆمپیوتـەر تاکـە پسـپۆرییانە دەیخـوێنن بـەڵام تاقیگـەی کۆمپیوتـەر و کۆمپیوتـەریان وەك پێویسـت نیـە. بـۆ پەیمانگـەی وەرزشـیش هـەروا، چـونکە نـە گۆڕەپـان و نـە مەلەوانگـەو نـە پێداویستیەکانی گۆڕەپان و مەیدان و هتد یان نیە. ئەمانە گرفتن و پێویستیان بـە چارەسـەر کـردن هەیـە. یـەکێ لـە گرفتـەکانی تریشـیان ئەوەیـە کـە ژمارەیـەکی بەرچـاو لـە بەرێوەبـەرەکانیان پسـپۆری خۆیـان نیـە و بـەهۆکاری تـر دانراون!!

### ١١٧. ئامادەییە پیشەییەکان:

لە هەموو دنیادا پەروەردەکردنی کادری ناوەڕاست و بواری پیشەیی گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بە پێچەوانەوە بەتەواوی پشتگوێ خراون. لە هەرێمی کوردستاندا (٤١) قوتابخانەی پیشەیی هەیە، (١٥٨٠) مامۆستایان هەیە و نزیکەی (٨٣٩٥) خوێندکار لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئەم قوتابخانانە زۆر دواکەوتون، هەمان پرۆگرامە کۆنەکان دەخوێنن و هیچ تازەگەرییەکیان تیادا نییە. جگە لەوەی لە رووی خراپییەوە حاڵیان حاڵی قوتابخانەکانی ترە، تاقیگە و وەرشەکانیان زۆر کۆنن و ئەو ئامێرانەی بەکاریان دەهێنن رۆژگارێکە بەسەر چوون، بەشەکانیان کۆنن و کە دەریش دەچن سود لە بڕوانامەکانیان نابینن، مامۆستاکانیان هەمان بابەتی کۆنە دەڵێنەوە، پێویستیان بەوەیە لەسەر زانستی تازە خول ببینن و رەوانەی دەرەوە بکرێن. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی خوێندکاران سەروەختێك قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی دەبڕن، رووی تێنەکەن. رۆژ بە رۆژ ئەم قوتابخانانە هەم دەپوکێنەوە و هەم فشاری زیاتریش لەسەر ئامادەییەکان دروست دەبێت و هەم کادیری هونەریشمان لە کۆمەڵدا کەم دەبێتەوە.

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی پەسەند کردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٠ دا لە پەرلەمان، لەبەشی بودجەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتبوو کە سێ کۆمەڵگەی پیشەیی مۆدرێن لەهەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی دروستبکرێت، لە ساڵەکانی دواتریشدا واتە سالانی (٢٠١١، ٢٠١٢ و ٢٠١٣)دا بەهەمان شێوە ساڵانە بڕی بودجەی پێویست کە (٢٠) مليار دينار بوو تەرخانکرا، ئەگەر ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرابوایە تا ئاستێکی زۆر خوێندنی پیشەیی لەرووی کوالیتی و چەندایەتیەوە بەرەو پێشەوە دەچوو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە سەرباری تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆی، وەزارەتی پەروەردە نەیتوانی جێبەجێی بکات و هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراو بودجە تەرخانکراوەکەیشی تا ئێستاش بێ سەروشوێنە.

ئاماری ئامادە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیەیە:

| ژ | سالی خوێندن | سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێم | ئامادەیی پیشەیی | ڕێژەی پیشەیی لە قوتابخانەکاندا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | ٣١٤٠ | ٢١ | ٠.٦٦ |
| ٢ | ٢٠٠٤-٢٠٠٣ | ٣٢٨٠ | ٢٢ | ٠.٦٧ |
| ٣ | ٢٠٠٥-٢٠٠٤ | ٤٧٥٤ | ٢٦ | ٠.٥٦ |
| ٤ | ٢٠٠٦-٢٠٠٥ | ٤٩٩٦ | ٢٩ | ٠.٥٨ |
| ٥ | ٢٠٠٧-٢٠٠٦ | ٥٠٦٩ | ٣٠ | ٠.٥٩ |
| ٦ | ٢٠٠٨-٢٠٠٧ | ٥٣٢٧ | ٣٣ | ٠.٦١ |
| ٧ | ٢٠٠٩-٢٠٠٨ | ٥٤٨٢ | ٣٣ | ٦٠ .٠ |
| ٨ | ٢٠١٠-٢٠٠٩ | ٥٥٣٤ | ٣٢ | ٠.٥٧ |
| ٩ | ٢٠١١-٢٠١٠ | ٥٧٤٦ | ٣٠ | ٠.٥٢ |
| ١٠ | ٢٠١٢-٢٠١١ | ٥٩٢١ | ٣٢ | ٠.٥ |
| ١١ | ٢٠١٣-٢٠١٢ | ٦٧٣٨ | ٣٤ | ٠.٥ |
| ١٢ | ٢٠١٤-٢٠١٣ | ٦٧٣٤ | ٣٦ | ٠.٥٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ٦٤٧٤ | ٤٠ | ٠.٥٩ |
| ١٤ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ٦٧٩٩ | ٤٣ | ٠.٦٣ |
| ١٥ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ٦٧٨٨ | ٤٣ | ٠.٦٣ |
| ١٦ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ٦٦٢٩ | ٤١ | ٠.٦١ |

بەپێی ڕێژەی قوتابخانەکان بۆ کوڕان و کچانیش لەم پێنج ساڵەی دواییدا بەم شێوەیەیە:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم | ژمارەی ئامادەیی پیشەیی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | کوڕان | کچان | تێکەڵاو | کۆ |
| ١ | ٢٠١٤-٢٠١٣ | ٦٧٣٥ | ٩ | ٦ | ٢١ | ٣٦ |
| ٢ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ٦٤٧٤ | ٨ | ٧ | ٢٥ | ٤٠ |
| ٣ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ٦٧٩٩ | ١٠ | ٦ | ٢٧ | ٤٣ |
| ٤ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ٦٧٨٨ | ١٠ | ٦ | ٢٧ | ٤٣ |
| ٥ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ٦٦٢٩ | ١٠ | ٦ | ٢٥ | ٤١ |

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم خوێندکارانی هەرێم | خوێندکارانی پیشەیی | ڕێژەی خوێندکارانی پیشەیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٣-٢٠٠٢ | ٧٨٠٧١٤ | ٥٤٣٢ | ٪٠.٧ |
| ٢ | ٢٠٠٤-٢٠٠٣ | ٨٤٣٧٢٢ | ٧٧٤٤ | ٪٠.٩ |
| ٣ | ٢٠٠٥-٢٠٠٤ | ١٠٩٠٣٥٨ | ١٢١٩٢ | ٪١.١ |
| ٤ | ٢٠٠٦-٢٠٠٥ | ١١٤٥٦٠٨ | ١٣٤٥٨ | ٪١.٢ |
| ٥ | ٢٠٠٧-٢٠٠٦ | ١١٩٤١٣١ | ١٢١٦٢ | ٪١ |
| ٦ | ٢٠٠٨-٢٠٠٧ | ١٣٠٢٥٦٩ | ٧٩٧٦ | ٪٠.٦ |
| ٧ | ٢٠٠٩-٢٠٠٨ | ١٣٣٩٥٤٥ | ٧١٨٨ | ٪٠.٥ |
| ٨ | ٢٠١٠-٢٠٠٩ | ١٣٩٦١٢٩ | ٦٣٠٧ | ٪٠.٤٥ |
| ٩ | ٢٠١١-٢٠١٠ | ١٤٦٣٨٧٤ | ٧٩٥٨ | ٪٠.٥٤ |
| ١٠ | ٢٠١٢-٢٠١١ | ١٥١٢٥٩٠ | ٨٦٦٧ | ٪٠.٥٧ |
| ١١ | ٢٠١٣-٢٠١٢ | ١٦٥١٤٢٠ | ٩٨٤٠ | ٪٠.٦ |
| ١٢ | ٢٠١٤-٢٠١٣ | ١٦٧٢٧٦٠ | ٩٤٩٨ | ٪٠.٥٦ |
| ١٣ | ٢٠١٥-٢٠١٤ | ١٦٥٣٣٨٦ | ٨٣٦١ | ٪٠.٥ |
| ١٤ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ١٧٠٦٥٠٩ | ٧٤٢٠ | ٪٠.٤٣ |
| ١٥ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ١٧٣٨٥٢١ | ٧٦٠١ | ٪٠.٤٣ |
| ١٦ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ١٧٣٣٣٨٣ | ٨٣٩٥ | ٪٠.٤٨ |

### ١١٨. خوێندنی ئێواران:

خوێندنی ئێواران كه‌ خواست له‌سه‌ری زۆره‌، به‌ڵام گیر و گرفتی زیاتره‌. له‌م دواییانه‌دا كه‌ ژماره‌یه‌كی زیاتر قوتابخانه‌ی ئیواران كراوه‌ته‌وه‌، به‌ڵام وه‌ك پێویست نین، له‌وانه‌ مامۆستا و ستافی ئیدارییان وه‌ك پێویست نیه‌، بیناو شوێنی خوێندنیان وه‌ك پێویست نیه‌، هه‌ر بۆیه‌ زۆر به‌ زه‌حمه‌ت پرۆگرامی ساڵانه‌ی خوێندن به‌نیوه‌ ناچڵی ته‌واو ده‌كرێت و یاخود هه‌ر ناكرێت. جگه‌ له‌وه‌وی له‌روی زانستیشه‌وه‌ وه‌ك پێویست نین و بابه‌تی یارمه‌تیدان و پێوتنه‌وه‌ له‌ سیمادیاره‌كانی ئه‌م قوتابخانانه‌ن. له‌م خشته‌یه‌دا ئاماری قوتابخانه‌كانی ئێواران روون ده‌بێته‌وه‌:

| ژ | سالی خوێندن | بنه‌ره‌تی | | | دواناوه‌ندی | | | ئاماده‌یی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | قوتابخانه‌ | مامۆستا | خوێندكار | قوتابخانه‌ | مامۆستا | خوێندكار | قوتابخانه‌ | مامۆستا | خوێندكار |
| | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ٨٥ | ٩٢٩ | ١٧٥٩٣ | ٣١ | ٣٤٥ | ٦٠٢٩ | ٨٧ | ١٣٥٣ | ٢٢٤٧٤ |

### ١١٩. گرفتی خوێندنی سریانی:

یه‌كێ له‌ رووه‌ گه‌شه‌كانی په‌روه‌رده‌ی هه‌رێمی كوردستان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ خوێندنی سریانیی كردۆته‌وه‌و به‌ زمانی زكماكی خۆیان ده‌خوێنن. به‌ڵام خوێندنی سریانیش چه‌ند گرفتێك رووی تێكردووه‌، له‌وانه‌: نه‌بوون و كه‌میی كادر و مامۆستای تایبه‌ت به‌ زمانی سریانی و هیچ بوارێكیش نه‌ڕه‌خسێنراوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی كادری تازه‌ی زیاتر پێبگه‌یه‌نرێت. هه‌روه‌ها كه‌میی قوتابخانه‌ی سریانی، له‌وانه‌ له‌ شاری هه‌ولێر ته‌نها یه‌ك دانه‌ هه‌یه‌ و ئه‌ویش له‌ عه‌نكاوه‌یه‌ و ئه‌مه‌ش بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ی گواستنه‌وه‌ی خوێندكاران ئاسان نه‌بێت و له‌لایه‌ن په‌روه‌رده‌شه‌وه‌ ئه‌و ده‌رماڵه‌یه‌ی بۆ گواستنه‌وه‌ی ئه‌و خوێندكارانه‌ ته‌رخانكرابوو بڕا. هه‌روه‌ها گرفتێكی تر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر كتێبی خوێندنی كوردی جارێك دووابكه‌وێت ئه‌وه‌ كتێبی خوێندنی سریانی دوو جار دوواده‌كه‌وێت به‌هۆی خاو و خلیچكی وه‌رگێڕان و رۆتینیاته‌وه‌ ساڵانه‌ له‌ كۆتایی ده‌وامدا كتێب به‌ده‌ست خوێندكارانی سریانی گه‌یشتووه‌.

یه‌كی تر له‌گرفته‌كانی خوێندنی سریانی ئه‌وه‌یه‌ تا ئێستاش وانه‌ی ئایین به‌ زمانی عه‌ره‌بی ده‌خوێنن، كه‌ له‌راستیدا پێویسته‌ به‌ زمانی خۆیان بێت، به‌ڵام گرفتی په‌روه‌رده‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ كه‌نیسه‌ی به‌غدا رێگه‌ نادات پرۆگرامه‌كان وه‌ربگێڕدرێنه‌ سه‌ر زمانی سریانی!



# تەوەرەی پانزەهەم:

# گرفتەکانی پەیوەست بە ناهاوسەنگی جێندەری

### ١٢٠. ناهاوسەنگی جێندەری لە پەروەردە:

ناهاوسەنگی جێندەری لە وەزارەتی پەروەردەدا بەزەقی دەبینرێت لە پۆستەکاندا، ئەگەر سەیرێکی ئەو پۆستانە بکەین کە لەوەزارەتی پەروەردەدا هەن ئەو راستیەمان بۆ روون دەبێتەوە:

| ژ | جۆری پۆست | ژمارە | نێر | مێ | رێژەی سەدی نێر | رێژەی سەدی مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | وەزیر | ١ | ١ | ٠ | – | – |
| ٢ | راوێژکارانی وەزارەت | ٦ | ٦ | ٠ | – | – |
| ٣ | بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ناو وەزارەت | ١٢ | ١١ | ١ | – | – |
| ٤ | بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکان | ٥ | ٥ | ٠ | – | – |
| ٥ | ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت | ٢٢ | ٢١ | ١ | – | – |
| ٦ | بەڕێوەبەری پەروەردەکان | ٣٩ | ٣٣ | ٦ | – | – |
| سەرجەم | | ٨٥ | ٧٧ | ٨ | ٪.٩٠.٥ | ٪٩.٥ |

ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ئاماری ٢٠١٧–٢٠١٨ لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەدا (١٢٨٤٢١) مامۆستا هەیە کە (٥٤١١٠) ی پیاوە بە رێژەی (٤٢.١٪) و ژمارەی مامۆستایانی ژنیش (٧٤٣١١) ە کە دەکاتە رێژەی (٥٧.٩٪).

هەروەها وەزارەتی پەروەردە (٣٣٠٤٠) فەرمانبەری هەیە کە (١٣٩٦٩)ی پیاون بە رێژەی (٤٢.٢٪) و فەرمانبەرانی ژنیش (١٩٠٧١)ە بە رێژەی (٥٧.٨٪). ئەمە بۆمان دەردەخات کە وەزاتی پەروەردە وەزارەتی پیاوانە!

### ١٢١. تێکەڵی کچان و کوڕان لە قوتابخانەکاندا:

بە پێی سیستەمی تازەی خوێندن پێویستە کچان و کوڕان لە قۆناغی بنەڕەتیەوە تێکەل بکرێن و وردە وردە رابهێنرێن پەروەردەبکرێن لەلایەن مامۆستاو خێزانەکانیانەوە کە بەبێ جیاوازی تەنها وەك مرۆڤ لە یەکتری بڕوانن. هەرچەندە هەنگاو نراوە بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام لە گەلێك ناوچەدا وەك داب و نەریتێکی کۆن و داڕزیو رێگری کراوە لەم تێکەڵبوونە و وەزارەتی پەروەردەش لەجیاتی بەگژی دابچێتەوە ملی بۆ داواکاری ئەم خەڵکانە داوەو رەزامەند بووە لەسەر جیاکردنەوەیان. کە ئەمە پاشەکشەیەکی بەرچاوی وەزارەتی پەروەردەیە لە پرەنسیپەکانی.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەو قوتابخانانەشدا کە تێکەڵن، هێشتا جیاوازی جێندەری هەستی پێدەکرێت، خوێندنگا هەیە بەناو تێکەڵە بەڵام لەنێویدا جیاوازی لەنێوان کوڕان و کچاندا دەکرێت، بۆ نمونە قوتابخانەی زۆر هەیە بەپێی میزاجی بەڕێوەبەر و داخراوی بیرکردنەوەی مامۆستاوە حانوتی کچان و کوڕان لەیەك جیاکراوەتەوە، ڕێڕەوی رۆیشتنیان جیاکراوەتەوە، چاودێری پۆلەکان هەمووی کوڕن، هەروەها شێوازی قسەکردنی هەندێك لە مامۆستا کە زۆرجار دەدرێت لە بەهای کەسێتی مێینە بەوەی توانای نییە! و هەندێك کار بە کوڕان دەسپێرن و کچان پشتگۆ دەخەن.

ئاماری پێنج ساڵی قوتابخانەکان بەپێی تێکەڵی و جیاکاری جێندەری لە هەرێمی کوردستاندا:

### رەگەزی قوتابخانە

| ژ | ساڵی خوێندن | کوران | کچان | تێکەڵ | کۆ | باخچە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣–٢٠١٤ | ٦٢٧ | ٥٦٣ | ٥٥٤٤ | ٦٧٣٤ | ٤٨٧ |
| ٢ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ٦٦٩ | ٥٧٥ | ٥٢٣٠ | ٦٤٧٤ | ٥٠٨ |
| ٣ | ٢٠١٥–٢٠١٦ | ٧٥٨ | ٦٣٦ | ٥٤٠٥ | ٦٧٩٩ | ٥١٧ |
| ٤ | ٢٠١٦–٢٠١٧ | ٧١٧ | ٥٩٢ | ٥٤٨٠ | ٦٧٨٩ | ٥٢٧ |
| ٥ | ٢٠١٧–٢٠١٨ | ٦٧٥ | ٥٥٩ | ٥٣٩٥ | ٦٦٢٩ | ٥٤٥ |





# تەوەرەی شانزەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە قوتابخانە ناحکومیەکان

### ١٢٢. قوتابخانە ئەهلی و نا حکومیەکان:

بە فەرمی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە رێگە بە ژمارەیەك قوتابخانەی ئەهلی (بیانی و نێودەوڵەتی و خۆماڵی) دراوە و بە مۆڵەت کراونەتەوە، لە ساڵی (٢٠١٢)شدا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٤) ی تایبەت بەو قوتابخانانە دەرکرد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ساڵی ٢٠١٦ وەزارەت رێنمایی بۆ یاساکە دەرکرد! تا ئێستا بە پێی ئاماری وەزارەت نزیکەی (٣١٠) قوتابخانەی ئەهلی هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆربەیاندا یاسا و رێنماییەکان وەك پێویست جێبەجێ ناکرێت، هەر لە پرۆگرامی خوێندن و کرێ ی خوێندکاران و بیناو رێ و شوێنیانەوە بگرە تا دەگات بەوەی هەندێك لەوانە ئەجیندای تایبەتی خۆیان هەیەو دەیانەوێت لە کوردستاندا جێبەجێی بکەن، کە ئەمەش ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە دەبێت بە یاسا و رێنمایی رێکیان بخات و رێگە بە پێشێلکاریەکانیان نەدات و بیانوەستێنێت.. ئێستا بەشێوەیەکی بەبڵاو زۆر بێ بەرنامە بەبەردەوامی لەکەناڵە ناوخۆییەکان رکلام بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان دەکرێت پێویستە رێگەی لێبگیرێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت:

١-لە بەشێکی زۆری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکاندا یاسای ژمارە (٤) پێشێل کراوەو وەك پێویست رێنمایی جێبەجێ ناکرێت.

٢-بەشێك لە قوتابخانەکان پابەند نین بە خوێندنی وانەکانی کۆمەڵایەتی و زمانی کوردی و عەرەبی هەرێمی کوردستان کە بەپێی یاسا دەبێت بخوێنرێن.

٣-بەشێك لە قوتابخانەکان ساڵانە بە ئارەزوی خۆیان و بەبێ پلان نرخی خوێندن زیاد دەکەن و پابەندی گرێبەستەکانیان نین.

٤-هەندێك لە قوتابخانەکان کێشەی مۆڵەتیان هەیەو تا ئێستاش ئەوراقیان تەواو نیە. قوتابخانە هەیە هەر مۆڵەتی نیە کەچی چەند ساڵە خوێندکاریش وەردەگرێت، بۆ نمونە قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ماوەی زیاد لە حەوت ساڵە لە کوردستان (هەولێر)کاردەکات، ساڵانە بڕی ٤٤٠٠ دۆلار حەقی خوێندنی لە خوێندکارەکان وەرگرتووە، کەچی تازە بە تازە وەزارەتی پەروەردە دایخستووەو خوێندکارەکانیشی ناتوانن بڕۆنە قوتابخانەکانی دیکە، چونکە بڕوانامەکانیان دانپێدانراون نییەو ئەو قوتابخانەیە پاڵپشتی زانستی نییە!

٥-بەشێك لە قوتابخانەکان تا ئێستاش بینای خۆیان نیەو لە بینای حکومیان داگیرکردووەو دەبێت لێیان بسەنرێتەوە، هەندێکیشیان باڵەخانەکانیان گونجاو نین و هۆیەکانی فێرکردنیان وەك پێویست تێدا نیە، وەك: (گۆڕەپانی وەرزشی، تاقیگە و کتێبخانە و هتد).

٦-بەشێك لەقوتابخانەکان کتێبی خوێندنیان بۆ خوێندکارەکان دابین نەکردووە.

٧- هەندێك لەم قوتابخانانە پرۆگرامی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن کە سەرچاوەکانیان دیار نییە یا باوەڕپێکراو نییە، ئەمەش کار دەکاتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

٨–وەزارەتی پەروەردە وەك پێویست چاودێری ئەم قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکانی نەکردووە و لەبەرامبەر ئەو سەرپێچی و پێشێلکارییە یاساییانەی کردوویانە لێپێچینەوەی پێویستی لەگەڵدا نەکردوون.

٩–سیستەمی سەرپەرشتیاری بۆ قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان لاوازەو تا ئێستا سەرپەرشتیاران وەك پێویست سەردانی زۆرینەیان نەکردووە، ئەگەر سەردانیش کرابن بەپێی پێویست نەبووەو بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی رێنماییەکانی وەزارەت نەکراوە.

١٠–رۆتینیاتێکی زۆر هەیە لە نوێکردنەوە یا وەرگرتنی مۆڵەتی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکاندا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

١١–زۆرێك لە قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومییەکان ئەنجومەنی دایك و باوکانیان پێکنەهێناوە.

١٢–ناوی هەندێك لە قوتابخانەکان لەگەڵ یاساو رێنماییەکانی وەزارەت ناگونجێن، یاخود ناوی نێودەوڵەتیان لە خۆیان ناوە، ئەمەش لەگەڵ یاسای قوتابخانە ناحکومیەکاندا ناگونجێت.



قوتابخانەی ئەمەریکی نێودەوڵەتی، قوتابخانەیەکی داخراوی بێ مۆڵەت

١٣–وەرگرتنی خوێندکاران بەپێی سیستەمێکی روون و رێنماییەکانی وەزارەت نیە.

١٤–زۆربەی قوتابخانەکان دید و ئامانجی روونیان نیە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران.

١٥–هەندێك لەم قوتابخانانە لە لایەن کەسانی کەمئەزموونەوە بەڕێوە دەبرێن، هەروەها مامۆستاکانیشیان بەشداری خولی راهێنانیان نەکردووە و ئەزمونیان کەمە.

١٦–هەتا ئێستا قوتابخانە ناحکومییە خۆماڵییەکان بەشداری ئەزمونێکی نیشتمانییان نەکردووە بۆ ئەوەی ئاستی فێرکردنیان بزانرێت.

١٧–بەکورتی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی مۆرکی بازرگانیکردن بە زۆربەی قوتابخانە ناحکومیەکانەوە دیارە ئەوەندە پەروەردەیی نیە.

١٨– زیادبونی ئەو قوتابخانانە بەو شێوە کارکردنەو بێ پلان و چاودێری، بەبەراورد لەگەڵ حکومییەکان دەبێتەهۆی زیاتر قوڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی لە کۆمەڵگادا.

ئاماری پێنج ساڵی رابردووی قوتابخانە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستاندا:

| ژ | ساڵی خوێندن | سەرجەم | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی خوێندکار | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٦–٢٠١٥ | ٦٧٩٩ | ٢٢٤ | ٣٨٦٦١ | ٤٠٧٠ |
| ٢ | ٢٠١٧–٢٠١٦ | ٦٧٨٨ | ٢٧٤ | ٥١٧٤٤ | ٥٥١٤ |
| ٣ | ٢٠١٨–٢٠١٧ | ٦٦٢٩ | ٣١٠ | ٥٩٩٩٥ | ٦٢٠٢ |

# تەوەرەی حەڤدەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە خوێندنی کوردی کەرکوك

**١٢٣. خوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم:**

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم خوێندنی کوردیان تیادا کرایەوە، گیانی نەتەوەیی و تینوێتی کوردانی ئەم ناوچانە و خولیایان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە کوردی بخوێنن، وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر روو لە قوتابخانە کوردییەکان بکەن، کە ئەمە مایەی خۆشحاڵییە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە خوێندنی کوردی لەم ناوچانەدا (کەرکوك، خانەقین، مەخمور، شەنگال و ناوچەکانی تریش) وەك پێویست نیە و گرفتیان زۆرە.

بۆ نمونە: لە کەرکوکدا ژمارەی قوتابخانەکان کەمە و مامۆستا و بیناکان و کتێب و رەحلەو پێداویستیەکانی تریان وەك پێویست نیە و کەم و کورییان زۆرە. لەلایەکی ترەوە خوێندکارەکان پرۆگرامی هەرێم دەخوێنن، بەڵام بە سیستەمی بەغداد، وە لە تاقیکردنەوەکانیش سیستەمی بەغدایان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. ئەم هۆکارانەش بوونەتە مایەی ئەوەی وەك پێویست لە قۆناغی دوانزەی ئامادەییدا نمرەی پێویست نەهێنن و بەردەوام نمرەکانیان نزمە، لە هەمان کاتدا هیچ خوێندکارێکیان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم وەرناگیرێن.

ئەمانەش هەمووی بوونەتە مایەی ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا خوێندنی کوردی لەو ناوچانەدا لە پاشەکشەدابێت و ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکوردەکان منداڵەکانیان لەو خوێندنگە کوردییانە دەربێنن. لەم چەند ساڵەی دوایی بەتایبەت دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەشی زۆری منداڵە کوردەکان دەچنە خوێندنی عەرەبی ئەوەش بەهۆی پشتگوێخستنیان و فەرامۆشکردنیان کە ئەوانیش بون بەقوربانی لەنیوان حکومەتی هەرێم و عێراقدا و لەساڵی ٢٠١٧–٢٠١٨ مامۆستایانی بەشی خویندنی کوردی داوایان کرد کە راژەکانیان بگویزریتەوە سەر بەغداد.

بەپێی بەدواداچونێك خوێندنگەکانی سەر بە خوێندنی کوردی لە پەروەردەی کەرکوك ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ – ٢٠١٦) تەنیا ١٣٢ رۆژ و ساڵی خوێندنی (٢٠١٦–٢٠١٧)ش تەنها ١٠١ رۆژ دەوامیان کردووە، ئەوەش ناکاتە نیوەی دەوامی ئاسایی خوێندن کە بۆیاندانراوە، چونکە بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە دەبێت ٢٧٠ رۆژ دەوام بکەن، کەئەمەش بە پاشەکشێی خوێندن دادەنرێت لە پارێزگاکە. لە بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکوك جگە لەرۆژانی هەینی و شەممە، ساڵی ٢٠١٦–٢٠١٧ رۆژی پێنجشەممانیش کرایە پشوو، ئەوەش بەهۆی کەمکردنەوەی موچەی ئەو مامۆستایانەی میلاکیان سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ساڵی (٢٠١٥–٢٠١٦) رێژەی دەرچوونی دوانزەی ئامادەیی بەشی وێژەیی لە بەشی خوێندنی کوردی لەکەرکوك لەسەدا ١٦ بۆ لە سەدا ١٧ بوو، بەشی زانستیش لە سەدا ٢٠ بووە. لەم خشتەیەدا ئاماری خوێندنی خوێندنی کوردی لە کەرکوك خراوەتە روو:

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی قوتابخانەو خوێندکاران | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣–٢٠١٤ | ژمارەی قوتابخانە | ٥١٦ | |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٩٥٠٣٣ | |
| ٢ | ٢٠١٤–٢٠١٥ | ژمارەی قوتابخانە | ٥٢٤ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی خوێندکار | ٩٨٣٤٤ | |
| ٣ | ٢٠١٦-٢٠١٥ | ژمارەی قوتابخانە | ٥٢٥ | |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٩٥٥١٤ | |
| ٤ | ٢٠١٧-٢٠١٦ | ژمارەی قوتابخانە | ٥٢٣ | |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٩٥٥٨٠ | |
| ٥ | ٢٠١٨-٢٠١٧ | ژمارەی قوتابخانە | ٤٨٤ | |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٨٧٥٣٨ | |
| | ٢٠١٩-٢٠١٨ | ژمارەی قوتابخانە | ٥٢٥ | |
| | | ژمارەی خوێندکار | ٩٠٠٠ | |

ئەگەر ساڵانی ڕابردوو کەمیی بینای خوێندن و دانەمەزراندنی مامۆستا و پێنەدانی مووچەی مامۆستایانی وانەبێژ کێشە و گرفتی گەورەی بەردەم خوێندنی کوردیی بوون، بۆ ئەمساڵی خۆێندنیش گرفتی نەگەڕانەوەی بەشێك لە مامۆستایان و خوێندکارانیش هاتوونەتە سەر کێشەکانی پێشتر. بەپێی ئامارێك لەمساڵدا ٢٥٠ مامۆستا و دوو هەزار خوێندکاری کورد نەگەڕاونەتەوە شارەکە، کە ئەو خوێندکارانە گوازراونەتەوە بۆ قوتابخانەکانی هەرێم یان گوازراونەتەوە بۆ خوێندن بە زمانی عەرەبی. ئەو مامۆستایانەش تائێستا نەگەڕاونەتەوە کەرکوك، بەشێکی زۆریان لە هەولێرن و بەشێکی دیکەشیان ئیداریەن دەوامەکانیان بۆ ناوچەکانی هەرێم گوازراونەتەوە، کە بە وتەی بەشێك لە مامۆستایان نەگەڕانەوەی ئەو مامۆستایانە گرفتی زۆری بۆ خوێندنی ئەمساڵ دروستکردووە.

هەربۆیە ئەو قوتابخانانەی مامۆستاکانیان نەگەڕاونەتەوە وانەکانیان بە بەتاڵی ماونەتەوە، بۆیە بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی داوایان لە وەزیری پەروەردەی هەرێم کردووە ٣٠٠ مامۆستایان بۆ دابمەزرێنێت، بەڵام تائێستا داواکەیان جێبەجێنەکراوە و چاوەڕوانی جێبەجێکردنین.



خۆپیشاندانی خوێندکارانی خوێندنی کوردی لە کەرکوك سەبارەت بە چارەنوسی نادیاریان

بەپێی ئاماری پەروەردەی کوردی لە کەرکوک، تا ئێستا تەنیا نۆ هەزار خوێندکار ناوی خۆیان لە خوێندنی کوردیی تۆمارکردووە، لەکاتێکدا ساڵی پار دووانزە هەزار منداڵ ناویان تۆمار کردبوو، بەپێی سروشتی زیادبوونی دانیشتوان دەبوایە ئەم ژمارەیە زیادبێت نەك کەمبێتەوە ! لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆی ٥٢٥ قوتابخانەی کوردی کە لە کەرکوك لە ساڵانی ڕابردوودا هەبوون، ئێستا تەنها ٤٥٠ قوتابخانەیان ماونەتەوە کە خوێندن تیایدا بە زمانی کوردی بێت.



**پۆلێکی خوێندنی کوردی لە کەرکوك**

بەڕێوەبەری یەکەی سەرپەشتیاری خوێندنی کوردی، بۆ ڕاگەیاندنەکان دوواو دۆخی خوێندنی کوردی لە شارەکە بەزۆر خراپ وەسفکرد، وتی: تەنیا ئەوەیە پەکینەکەوتوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە هاوکارییەکی خوێندنی کوردی ناکات لە کەرکوك. هەروەها وتی کە بەشێك لە خێزانە کوردەکان وابیردەکەنەوە کە خوێندنی کوردی هیچ داهاتویەکی نیە، بە تایبەت دوای تەواوکردنی خوێندن لەماڵەوە دەمنێنەوە و دامەزراندن نیە.

لەلایەکی ترەوە هەشت هەزار مامۆستا کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی جێناکۆك موچەیان پێدەدرێت چوار ساڵە کێشەی کەمکردنەوەی موچەکانیان و دواکەوتنیان هەیە، بەهۆیەوە چەند جارێك بایکۆتی پرۆسەی خوێندنیان کردوە.

## تەوەرەی هەژدەهەم:
# گرفتەکانی پەیوەست بە دەستێخستنی حزب و ڕێکخراوەکان

### ١٢٤. دەست تێخستنی حزب:

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت دەست تێخستنی حزب لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندندا هەیە، هەر لە دانانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەرەکانەوە تا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، کە لەگەڵ کاتدا شیاو ترین کەس کە کاندید بێت بۆ یەکێ لەم شوێنانە و سەرجەم مەرجەکانیشی تیادابێت دانانرێت، بەڵام کەسێکی حزبی بێ ئەوەی هیچ مەرجێکیشی تیادابێت دادەنرێت.

دەستوەردانی حزبە سیاسیەکان لە پرۆسەی پەروەردە، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی هەر لەسەرەتاوە بە بەرنامەیەکی زۆر ڕێکخراو لە وەزیرەوە هەتا کارگوزاری قوتابخانەیەك لەسەر بنەمای حزبی خەڵکیان دامەزراندووە، بۆیە ئەمە ئاسەوارێکی خراپی بەسەر کۆی سیستمی پەروەردەوە جێهێشتووە.

تائێستا لەرووی واقیعیەوە پێوەرێك بۆ دانانی بەرێوبەر و یاریدەدەری قوتابخانەکان نییە و هەندێکیان بە تەزکییەو هەنددێکی دیکەشیان بەپشت بەستن بە ئەزمونویان دادەنرێن. هەندێك لەوانە بە تەزکییە، هەندێکی تریان بە پشت بەستن بە ئەزموونیان، هەندێکی تریشیان بە تەکلیف و خاتر پۆستی بەرێوبەری قوتابخانە یاخود یاریدەدەریان وەرگرتوە. نەبوونی پێوەریش بۆ دانانی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی، ئەگەری دەستوەردانی حیزب و بەرپرسانی حیزبی لەناوەندەکانی خوێندن زۆرتر کردووە.

تەنانەت گرفتی خراپی و نارێکی دابەشکردنی میلاکی مامۆستایانیش، کە لەناوچەیەکدا زۆرەو لە ناوچەیەکی تردا کەم، بەهەمان شێوە بۆ ئەم دەست تێخستنە دەگەڕێتەوە. ئەمانەش هەمووی بوونەتە مایەی پەك کەوتن و بەرەو دوواوە گەڕانەوەی پەروەردە.

### ١٢٥. ڕێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران:

ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان کە وەك ڕێکخراوی پیشەیی لەناو ناوەندەکانی خوێندندا کار و چالاکی ئەنجام دەدەن، ئاساییە بەڵام پێویستە میکانیزمێکی فەرمیی ڕێکخراو بۆ جۆری ئیش و کارەکانیان دابنرێت. چونکە وەك تێبینی دەکرێت لە هەندێك ناوەندی خوێندندا دەست دەخەنە کاروباری پەروەردەو خوێندنەوە و لە ڕێگەی حزبەوە فشار لەسەر بەڕێوەبەر و مامۆستاکان دروست دەکەن و بێگومان ئەگەر پەروەردە هەروا بێدەنگ بێت لە ئاست ئەم دیاردە ناتەندروستانەدا ئەوا نەنگیەکی گەورەیە بۆ وەزارەت. دەوام پەك دەخەن لەبەر چالاکیەکانیان و رۆڵیشیان نیە لەناو ئەو هەمو کێشەیەی روبەروی خوێندکاران دەبێتەوە هێندەی کۆسپ بوون هێندە هاوکارنەبوون.

**١٢٦. شکاندنی حورمەتی خوێندنی حکومی :**

خوێندنی حکومی لە هەرێمی کوردستاندا بێبایەخ کراوە، گرنگی بە ژینگەی خوێندن و بیناکانی نادرێت، پێداویستیەکانی خوێندن و هۆکارەکانی فێرکردنی بۆ دابین ناکرێت، قوتابخانەکان بێ کتێبخانەو تاقیگەن، لە زستاندا سارد و لەهاویندا گەرم، پرۆگرامی خوێندنی پڕلە هەڵەو کەم و کوڕی، مامۆستایان بەبێ موچەو نەبوونی بودجە و رانەهێنراو، رێنمایی پەرش و بڵاو و یاسای نەگونجاو، ئەمانەو دەیان و سەدان گرفت و کێشەی تر بەرۆکی خوێندنی حکومیی گرتووە، لەبەرامبەردا کردنەوەی چەندین قوتابخانەی ناحکومیی ئەهلی بەپارە هەیە کە گرنگییان پێدەدرێت و رۆژانە کارئاسانیان بۆ دەکرێت و ریکلامیان بۆ دەکرێت لەسەر حیسابی خوێندنی حکومی.



**هەر کۆمەڵگەیەك شکۆی مامۆستای تیادا پارێزراو نەبێت، چاوەڕێی نەوەیەکی هۆشیاری لێ ناکرێت**

# راسپاردەکان

١-لە زوترین کاتدا پەرلەمانی کوردستان یاسای پەروەردە پەسەند بکات و فەلسەفەیەکی دیاریکراو و پرۆگرامی نشتیمانی خوێندنی بۆ پەروەردە تیادا دابرێژرێت.

٢-سیستەمەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی رێکبخرێن و سیستەمەکانی پیشەیی و باخچەی منداڵان و بەهرەدارانیش چاویان پێدابخشێنرێتەوەو رێکبخرێن. سیستەمێکی نوێی گونجاو لەگەڵ ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەردە دابرێژرێت.

٣-هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵادا و ئەو بۆردەی لەنێوانیاندا هەیە کارا بکرێت و گوێ لە راسپاردەکانیشی بگیرێت و کاریان پێ بکرێت و رێفورم لە پرۆگرامی مامۆستایان لە زانکۆدا بکرێن.

٤-لەپەرلەماندا لەکاتی دانانی بودجەدا بە پێی ئەولەویاتی پەروەردە بەشەبودجەی گونجاو تەرخان بکرێت.

٥-هەڵمەتی نیشتمانی دروستکردنی قوتابخانەکان دەستپێبکاتەوە و لە ماستەر پلانی شارەکاندا زەوی لە شوێنی گونجاو بۆ درووست کردنی قوتابخانە دابین بکرێت:

٦-هەڵمەتی نۆەنکردنەوەی قوتابخانەکان دەستپێبکاتەوە و ژێرخانی فیزیکی قوتابخانەکان باشتر بکرێت.

٧-چاو بە قوتابخانەی لادێکاندا بشێنرێتەوەو گرفتی هاتوچۆو دابینکردنی مامۆستاو پێداویستیەکانیان چارە بکرێت.

٨-هەڵمەتی پاکوخاوێنی قوتابخانەکان دەست پێبکات.

٩-لە زووترین کاتدا ئەو قوتابخانانەی گرفتی ئاوی خواردنەوەیان هەیە بە تۆڕی ئاوی پاکەوە ببەسترێنەوە.

١٠-بەهەماهەنگی لەگەل وەزارەتی کارەبا گرفتی بێ کارەبایی ئەو قوتابخانانە چارە بکرێت کە نیانە.

١١-ساڵنامەی خوێندن جێبەجێ بکرێت و پشووە لابەلاکان کەم بکرێنەوە.

١٢-چاوخشاندنەوەی تەواو بە پرۆگرامەکاندا بکرێت و لەهەڵەی زانستی و زمانەوانی و وەرگێڕان بژار بکرێن و پەرە بە ناسنامەی نەتەوەیی بدرێت و سیاسەتی دارشتنی پرۆگرامەکان پێداچوونەوەی تەواویان بۆ بکرێت.

١٣-چاپی پرۆگرامەکان بهێنرێتەوە ناو ولات و لەناوخۆ چاپ بکرێن.

١٤-چاو بە میلاکاتدا بخشێنرێتەوەو سەرلەنوێ بەپێی پێداویستی مامۆستایان بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێنەوە.

١٥-خولی راهێنان و شیاندن بۆ مامۆستایان بکرێتەوە وخولەکان بە پێی پێداویستیەکانی مامۆستایان بن.

١٦-پرۆگرامی بەردەوامی توانسازی بۆ بەرێوەبەرانی پەروەردە و ئەو کادیر و پسپۆرانەی پێویستن دابین بکرێت. و پرۆگرامێکی تواناسازی تایبەت بۆ وەزارەتی پەروەردە دابنرێت.

١٧-میکانیزمی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان سەر لە نوێ رێکبخرێتەوە و چالاکتر بکرێت.

١٨-چاو بە موچەی مامۆستایاندا بخشێنرێتەوەو شایستەکانی خۆیان لەکاتی خۆیدا پێ بدرێت وموچە و دەرماڵەیان زیاد بکرێت.

١٩-رێز بۆ کەسایەتی مامۆستا بگێردرێتەوە.

٢٠-بەرێکەوتن لەگەل کۆمپانیاکاندا هەوڵبدرێت شوێنی نیشتەجێبوون بۆ مامۆستایان دابین بکرێت.

٢١-ژمارەی پێویستی توێژەری کۆمەلایەتی بۆ سەرجەم قوتابخانەکان دابین بکرێت و دابمەزرێن.

٢٢-بەدواداچوون بکرێت بۆ دۆزینەوەی هۆکاری بەرزبوونەوەی رێژەی وازهێنان و پەیوەندی نەکردن بەخوێندن و چارەسەر کردنی گرفتەکانی.

٢٣-لەرێگەی دەرکردنی بریاری پێویست و بلاوکردنەوەی هۆشیاری زیاتر کار بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی بکرێت لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٢٤-بە بریار هەوڵی کەمکردنەوەی وانەی تایبەت و نەهێشتنی دیاردەی مەلزەمە بدرێت.

٢٥- تەکنۆلۆجیای زانیاری لە پروسەی فێرکردندا پەرەی پێ بدرێت و پێداویستیەکانی دابین بکرێت.

٢٦-دابینکردنی گۆرەپانی یاری و تاقیگە جۆراوجۆرەکان و هۆکارەکانی فێربوون لەسەرجەم قوتابخانەکاندا.

٢٧-دابینکردنی کتێبخانەی پێویست لەسەرجەم قوتابخانەکان بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگای چاپ و پەخشە ئەهلیەکان و چاپخانەکاندا.

٢٨-کاراکردنی زیاتری کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەوەی کە هەم پێداویستیەکانی لەرووی ئامێر و توانای مرۆییەوە بۆ زیاد بکرێت و پانتایی بەرنامەکانی فراوانتر بکرێت و هەم هەموو کوردستان بگرێتەوە.

٢٩–وانەکانی وەرزش و هونەر و مۆسیقا گرنگیی خۆیان پێ بدرێت و وەك وانە بخوێندرێن.

٣٠–گرنگیی تەواو بەزمانی کوردی بدرێت و لەو پشتگوێخستن و بێبایەخ کردنەی هەیە رزگار بکرێت.

٣١–گرنگیی تەواو بە پەروەردەی ژینگەیی بدرێت و مندالانی لەسەر رابهێنرێت.

٣٢–کۆنترۆلی تاقیکردنەوەکان و دانانی پرسیار و لیژنەکانیان چاوی پێدابخشێنرێتەوەو لە هەڵەی پرسیار و ئاشکرابوونی پرسیارەکان رزگار بکرێت.

٣٣–وەزارەتی پەروەردە پلانی سالانە و پلانی چوار ساڵە و پلانی درێژخایەنی هەبێت و رێگری بکرێت لە میزاجی کەسی و حزبی کاتێك پەکی پلانەکانی بخەن.

٣٤–کار بکرێت بۆ دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری وەزارەتی پەروەردە، هەر لە راوێژکاران و بەرێوەبەرە گشتیەکان و بەرێوەبەرەکانەوە تا بەرپرسی هۆبەکان کە لەگەل پێداویستیەکانی سەردەمدا بگونجێنرێن و کەسانی شیاویان بۆ دابنرێت.

٣٥–بەرێوەبەری قوتابخانەکان بەپێی لێهاتوویی و مەرجەکان دابنرێن نەك بە مەحسوبیەتی حزبی.

٣٦–ماڵپەری وەزارەتی پەروەردە رێکبخرێتەوەو هەموو ئەو یاسا و سیستەم و بریار و رێنمایی و پێداویستیانەی پەیوەندیان بە مامۆستایان و خوێندکارانەوە هەیە لەسەرجەم رووەکانەوە لەسەری داونلۆد بکرێت.

٣٧–بەبریاری پەرلەمان و حکومەت هەموو ئەو بینایانەی مولکی پەروەردەن و داگیر کراون، یا لەلایەن قوتابخانە ئەهلیەکانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ پەروەردە بگێردرێنەوە.

٣٨–گرنگی بە پەروەردەی تایبەت و خوێندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بدرێت و پێداویستیەکانیان لە کادری مرۆیی و پرۆگرام و ژینگەی گونجاویان بۆ دابین بکرێت.

٣٩–سەرجەم قوتابخانەکانی (نابینایان، نابیستان، بیرکۆلان) کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتین بگەرێنرێنەوە سەر وەزارەتی پەروەردە.

٤٠–سەرجەم قوتابخانەکان بەیەکسانی و بەیەك چاو سەیر بکرێن و سیستەمە نمونەیی بەتەواوی کۆتایی پێ بهێنرێت.

٤١–ژمارەی باخچەی مندالان زیاد بکرێت.

٤٢–کار بکرێت بۆ بنیادنان و کردنەوەی هەرسێ کۆمەڵگە پیشەییەکە بەشێوازێکی مۆدرێن لەهەر سێ پارێزگای (هەولێر دهۆك سلێمانی) و بۆ پارێزگای هەلەبجەش بکرێتەوە.

٤٣– پەروەردە و بازاری کار بە یەکەوە ببەسترێنەوە.

٤٤-بالانسی جێندەری لەسەرجەم جومگەکانی پەروەردەدا لەپەرچاو بگیرێت.

٤٥-کاری جدی بکرێت بۆ زیاتر تێکەلاو کردنی کچان و کوڕان لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا لەسەرجەم ناوچەکان بەبێ جیاوازی.

٤٦-چاو بە قوتابخانە ناحکومیەکاندا بخشێنرێتەوەو یاساو رێنماییان بەسەردا جێبەجێ بکرێت و جیاوازیان لەنێواندا نەکرێت و لە هەژمونی بازرگانیکردن رزگار بکرێن.

٤٧-بەهەماهەنگی لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر، گرنگیی تەواو بە خوێندنی کوردیی کەرکوك و ناوچەکوردستانیەکانی تری دەرەوەی هەرێم بدرێت.

٤٨-دەستی حزب بەتەواوی دوور بخرێتەوە لە ناوەندەکانی خوێندن.

٤٩- پلانێکی ستراتیژی دابرێژرێت بۆ بەشداری پێکردنی کەسان و ئورگانەکانی تری پەیوەندیدار بە پەروەردەوە.

٥٠-بەستنی کۆنگرەیەکی پەروەردەیی کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشداری تیادا بکەن، بۆ هەلسەنگاندنی رەوشی پەروەردەو دەرچوون لەو قەیرانانەی تێی کەوتووەو کار بە راسپاردەکانیشی بکرێت.